رووداو
RÛDAW
ژمارە (512) دووشەممە 2018/7/9 - 18ی پووشپەڕ 2718 (750) دینار

# (کار) و (قەیوان) ڕۆژانە 400 مێگاوات کارەبا بە مووسڵ دەفرۆشن

**رووداو- دهۆک**

دوای چوار ساڵ لە شەڕ و ماڵوێرانی، هێشتا ڕەوشی کارەبای پارێزگای نەینەوا لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان باشترە و لەوێ ڕۆژانە نزیکەی 17 سەعات کارەبای نیشتیمانی هەیە.

کەمال محەممەد، بەڕێوەبەری گشتیی کارەبای دهۆک لەبارەی ئەو جیاوازییە بە (ڕووداو)ی گوت: "ڕاستە کارەبای مووسڵ لە کارەبای کوردستان باشترە، ئەویش لەبەر ئەوەیە کە کۆمپانیاکانی کار و قەیوان، ڕۆژانە 400 مێگاوات کارەبا دەفرۆشنە مووسڵ. ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانین کارەبا بکڕین، ئەوانیش وەبەرهێنن و بازرگانی دەکەن، کە ئێمە نەتوانین لێیان بکڕین، ئەوان بە لایەنی دیکەی دەفرۆشن".

بەڕێوەبەری گشتیی کارەبای دهۆک دەربارەی تواناکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە هەرێمی کوردستانیش دەڵێت "ژێرخانی بەرهەمهێنانی کارەبامان هیچ کێشەی نییە، وێستگەکانی کارەبا بە تایبەتی ئەوانەی کەرتی تایبەت دەتوانن 24 سەعات کارەبا دابین بکەن و تەنانەت دەتوانن 2000 مێگاوات زیاد لە پێویستی کوردستان کارەبا بەرهەمبێنن، بەڵام حکومەت ناتوانێ لێیان بکڕێتەوە".

2»



زریان ڕۆژهەڵاتی

## کێ جبەخانەکانی کوردستان دەسووتێنێ؟

19

## پۆلیسی کەرکووک بڕیاری دەرکردنی 600 ماڵی کوردی دەدات

4

فەرید ئەسەسەرد:

## پارتی ڕازی دەبێت سەرۆک کۆمار وەربگرینەوە

3

## نێچیرڤان بارزانی بە بانگهێشتی ئەردۆگان دەچێتە تورکیا

سەرۆکی پەیمانگایەکی لێکۆڵینەوە لە تورکیا بۆ (ڕووداو):

# پەیوەندیی نێوان ئەنقەرە و هەولێر زۆر بەهێز دەبێتەوە

5



ژنان 12

### ژنێکی ئێزدی لە کەنەدا ئەمیرێکی داعش دەناسێتەوە



ڕاپۆرتەهەواڵ 2

### پۆلیسی فیدراڵی سێ پێشمەرگە ئەشکەنجە دەدات

ئابووری 8

### یەک ملیۆن دۆنم دارستان و پاوان لە کوردستان سووتاون



کولتوور 3

خەسرەو ناقد

### تۆپی پێ.. کولتوور، شەریعەت و فەلسەفە



ڕووداو
ڕاپۆرتە هەواڵ
ژمارە ( 512 ) – دووشەممە 2018/7/9






## پارێزگاری هەولێر: کێشەی کەمئاوی لە هەولێر نامێنێت

**ڕووداو – هەولێر**

نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر ڕایگەیاند، لەسەر بڕیاری ڕاستەوخۆی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ بەڕێوەبەرانی ئاو و ئاوەڕۆی هەولێر کۆبووینەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەمئاوی لە هەندێک گەڕەکی هەولێر و بە جێبەجێکردنی پرۆژەی ئاوی ئیفراز، کێشەی کەمئاوی لە هەولێر نامێنێ. پارێزگاری هەولێر هەروەها ڕایگەیاند "بە کۆتاییهاتنی هێڵی چوارەمی ئیفراز لە هەولێر کۆتایی بە کێشەی کەمئاوی دەهێندرێت و هەموو بیرەکانی هەولێر دادەپۆشـرێنەوە و دادەخرێن". بەمەبەسـتی دانانی پلانێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەمئاوی لە سنووری پارێزگای هەولێر، ڕۆژی یەکشەممە، 2018/7/8 پارێزگاری هەولێر لەگەڵ بەڕێوەبەرانی ئاوی هەولێر و دەوروبەری و ستافی ئەندازیاری کۆبووەوە.

# کۆمپانیاکانی کار و قەیوان ڕۆژانە 400 مێگاوات کارەبا بە مووسڵ دەفرۆشن

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

بەڕێوەبەری گشـتیی کارەبای دهـۆک، هۆکاری کەمیـی کارەبـا لـە پارێزگاکەیـان بـۆ کەمپەکانی ئـاوارەکان دەگەڕێنێتـەوە و دەڵێت ئەگـەر کارەبا نەدەنـە کەمپـەکان، ڕۆژانە دەتوانـن کارەبای زیاتر بدەنە هاووڵاتیان. هەروەها دەڵێت تا ئێستا خەرجیی کارەبـای کەمپی ئاوارەکان لە دهۆک 64 ملیار دینار بووە.

لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما، سەعاتەکانی پێدانی کارەبای نیشـتیمانیش بە هاووڵاتیان کەمتر دەبێتەوە، ئەوەش نارەزایی خەڵکی لێکەوتووەتەوە. پێدەچـێ حکومـەت باش لە ئێشـی بـێ کارەبایی تێگەیشـتبێ، هەفتەی ڕابردوو نێچیرڤـان بارزانی، سـەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان ڕایگەیاند کـە کارەبایەکی زۆر دابیـن دەکەن، بەڵام پارەیەکی کەمـی ئـەو کارەبایەیـان دەسـتدەکەوێتەوە، بۆیە بەنیازن لەمەودوا لەڕێگەی سیمکارتەوە کارەبا بدەنە هاووڵاتیـان، پرۆژەیـەک ڕەنگە کۆتایـی بە گرفتی پچڕانی کارەبا بهێنێ.

ئەندازیار کەمال محەممەد، بەڕێوەبەری گشـتیی کارەبای دهۆک باسـی پـرۆژە نوێیەکەی حکومەتی بۆ چارەسەری کێشەی کارەبا کرد گوتی "بۆ دانانی پێوەری سـیمکارت پارە لە هاووڵاتیـان وەرناگرین، نرخی پارەی کارەباش گران ناکەین، تەنیا سوودەکەی بۆ کۆکردنەوەی پارەی کارەبایە، چونکە هەر کەسێک بۆ ماوەی سێ مانگ پارەی کارەبا نەدات، لە ڕێگەی ئەو سیستمەوە کارەباکەی دەبڕین".

پـرۆژە نوێیەکەی حکومەت هـەرزوو کەوتە بەر

> **هەڵەمان کرد کە کارەبامان دایە ئاوارەکان**
> بەڕێوەبەری گشتیی کارەبای دهۆک

توانج و پلاری بەکارهێنەرانی فەیسبووک و هەندێک پێیانوایـە پرۆژەکە تەنیا بە گیرفانی خەڵکی هەژار دەوێـرێ و خواپێـداوان دەبنە خاوەنی سـیمکارتی فری. بـەڵام کەمال محەممەد دەڵێـت: "هاووڵاتیان دڵنیـا دەکەینەوە هەموو لایەک سـوود لەو پرۆژەیە وەردەگرن، ڕەوشـی کارەبا زۆر باشـتر دەبێ و هیچ کەسـێکیش ناتوانێ فێڵ لە سیستمەکە بکات، هەر کەسێکیش پارەی کارەبا نەدات، کارەباکەی دەبڕین".

"ماڵ لە خۆی نەبوو، میوانیشی هات" ئەو ئیدیۆمە کوردییە پڕ بە پێسـتی ڕەوشـی ئێسـتای هەرێمی کوردستانە، لە کاتێکدا هاووڵاتیان بە دەست کەمیی کارەبـاوە دەناڵێنن، لـە دوای 2014 ـەوە بەهۆی شـەڕی داعش زیاتـر لە یەک ملیـۆن و 400 هەزار ئاوارە ڕژانە هەرێمی کوردستانەوە کە نیوەیان ڕوویان لە کەمپەکانی پارێزگای دهۆک کرد.

ئەندازیـار کەمال محەممەد دەڵێت ئـەو ئاوارانە بارگرانییەکـی زۆریان لەسـەر کارەبای نیشـتیمانی دروستکردووە

"هەر لە سەرەتاوە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵەیەکـی گـەورەی کرد کە یەکسـەر کارەبا و ئاو و خزمەتگوزارییەکانـی دیکـەی بـۆ دابینکـردن، دەبووایـە ڕێکخراوەکانی مافی مـرۆڤ و حکومەتی عیراق ناچارکرابان هاوکارییـان بکەن، ئەگەر ئەوان بـێ کارەبا و ئاو بوونایە، یوئێن و حکومەتی عێراق ناچـار دەبـوون هاوکارییان بکەن، بـەڵام ئێمە هەر زوو هاوکاریمان کردن، هەتا ئێسـتا تەنیا لە کەرتی کارەبـا 64 ملیار دینار خەرجی ئـەوان بووە، ئەوان بوونە هۆکاری تێکدانـی ژێرخانی ئابووریی هەرێمی کوردستان".

بە قسـەی کەمـال محەمـەد، ئەگـەر کارەبا لە ئـاوارەکان ببـڕن، دەتوانـن کارەبـای زیاتـر بدەنە هاووڵاتیان.

کەمـال محەممـەد دەڵێت :"لە وەرزی زسـتاندا ڕۆژانە 115 مێگاوات و ئێستاش ڕۆژانە 57 مێگاوات کارەبا بەبێ بەرامبەر دەدەینە ئاوارەکان".

دوای چوار سـاڵ لە شـەڕ و ماڵوێرانی، ئێسـتا ڕەوشی کارەبای پارێزگای نەینەوا زۆر لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان باشترە. لەوێ ڕۆژانە نزیکەی 17 سەعات کارەبای نیشتیمانی هەیە. کەمال محەممەد لەبارەی کارەبای مووسڵەوە دەڵێت: "ڕاستە کارەبای مووسـڵ لە کارەبای کوردسـتان باشـترە، ئەویش لەبەر ئەوەیە کە کۆمپانیاکانی کار و قەیوان، ڕۆژانە 400 مێگاوات کارەبا دەفرۆشنە مووسڵ. ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانین کارەبا بکڕین، ئەوانیـش وەبەرهێنن و بازرگانـی دەکەن، کە ئێمە



ڕۆژانە 57 مێگاوات کارەبا بەبێ بەرامبەر دەدرێتە ئاوارەکانی دهۆک

نەتوانیـن لێیـان بکڕین، ئـەوان بە لایەنـی دیکەی دەفرۆشن".

دەربارەی تواناکانی بەرهەمهێنانی کارەبا، کەمال محەممەد گوتی "لە کوردستان ژێرخانی بەرهەمهێنانی کارەبا هیچ کێشـەی نییە، وێسـتگەکانی کارەبا بە تایبەتی ئەوانەی کەرتی تایبەت دەتوانن 24 سەعات کارەبا دابین بکەن و تەنانەت دەتوانن 2000 مێگاوات زیاد لە پێویسـتی کوردسـتان کارەبا بەرهەمبێنن، بەڵام حکومەت ناتوانێ لێیان بکڕێتەوە".

# سوڵحی ڕووداوەکەی ماجدی لاند بە 700 هەزار دۆلار کرا

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

ئەو ڕووداوەی شـەوی 2018/5/23 لە شاری یاریی ماجدی لاند لە هەولێر ڕوویدا و بووە هۆی مردنی سێ کەس بە ناوەکانی زانا، شیفا و سیما، لەگەڵ بریندابوونی دوو کەسی دیکە بە ناوەکانی ئاڵا و کانی، بە سوڵح کۆتایی هات و دۆسیەکەی لە دادگا داخرا، بەپێی زانیارییەکانیش سوڵحەکە بە 700 هەزار دۆلار کراوە.

ڕووداوەکـە بەهـۆی کەوتنـی کرێنێـک بوو بەسـەر یەکێک لە یارییەکاندا کە قوربانییەکانی لەسـەر بوو، لەسـەر ئـەو ڕووداوە چـوار کەس دەستگیرکران کە دوویان شوفێری کرێنەکە بوون، هەروەها محەممەد عەلی جەعفەر کە ئەندازیاری میکانیکی شاری یاریی ماجدی لاند بوو.

پارێـزەری محەممەد جەعفەر بـە (ڕووداو)ی گـوت: "محەممـەد شـەوی ڕووداوەکـە لەوێ نەبووە، بـەڵام تۆمەتبار کرابوو، لە کاتێکدا ئەو تەنیا بەرپرسی میکانیکی بوو، هیچ کێشەیەکیش لەبـواری میکانیکیـی ئەو یارییـەدا نەبوو، بۆیە محەممەد بەبێ تاوان دەستگیرکرابوو".

ئـەو پارێـزەرە پێشتراسـتی کـردەوە کـە کێشـەکە لە ڕێگەی سـوڵحەوە چارەسەر کراوە و گوتـی "کەسـوکاری قوربانییـەکان لـەدادگا



لە ڕووداوەکەی ماجدی لاندا سێ کەس گیانیان لە دەست دا

تەنازولیان کرد، بۆیە ئەوانەی لەسەر ئەو ڕووداوە دەستگیرکرابوون، بە کەفالەتی 15 ملیۆن دینار بۆ هەر یەکێکیان ئازادکران".

سـەبارەت بەداخسـتنی کەیسـەکەش، ئەو پارێـزەرە گوتی: "هەموو شـتێک تـەواو بووە، ئێسـتا چاوەڕوانـی تەواوبوونـی وەفاتنامـە و قەسام شەرعی سێ قوربانییەکە دەکەین تاوەکو کەیسەکە بەیەکجاری دابخرێت".

سـەبارەت بە مافی گشـتی لە دۆسـیەکەدا، ئەو پارێزەرە گوتـی: "ڕەنگە بەهۆی لێبووردنی گشـتی، مافی گشـتی لە دۆسـیەکەدا نەمێنێ، چونکە یاسـای لێبوردنی گشـتی دەڵێت ئەگەر دادخواز تەنازولی کرد حکومەتیش لە مافی خۆی خۆشدەبێت".

هەروەهـا دەشـتی نوورەدیـن عەبدوڵـڵا، پارێـزەری کۆمپانیـای ماجـدی لانـد، لەبارەی سـوڵحی ئەو ڕووداوە، گوتـی "لایەنی بەرامبەر لـە مافی کەسـێتی خۆیان خۆشـبوون، ئەوان تەنازولیـان کـرد کـە هیـچ سـکاڵایان نییە و ڕووداوەکە قەزا و قەدەر بووە".

سـەبارەت بە بڕی پارەی سوڵحەکە، دەشتی نوورەدیـن گوتی "سـوڵح کراوە، بـەڵام بۆ بڕی پارەی سوڵحەکە ئاگادار نیم چونکە لەپەڕاو باس ناکرێ، سکاڵاکە سکاڵای یاساییە. لە دادگا تەنیا بـاس لەوە دەکرێ کە ئایا سـکاڵایان هەیە یان نا، زانیاریم لەسـەر گوژمەی پارەکە نییە، تەنیا دەزانم بەڵێ پارە وەرگیراوە، بەڵام لەسەر داوای هەردوولا بڕی پارەکە ئاشکرا ناکرێ".

مـەلا تاهیـر مـەلا عەبدوڵـڵا، پێشـنوێژ و گوتارخوێنـی مزگەوتـی گـەورەی بەحرکە کە سـوڵحەکە لـە دیوەخانەکـەی ئەو کـراوە، بە (ڕووداو)ی گوت :"هەموومان دەزانین ڕووداوەکە بەئەنقەسـت نەبووە و قەزاو قـەدەر بووە، بۆیە داوامـان لـەو بنەماڵە بەڕێزە کرد کە پێویسـت ناکات بەچاوی ڕق تەماشای ئەو بەڕێزانە بکەن و کاریان ڕابگیرێ، ئەو بنەماڵەیەش ڕازی بوون کە لێیان خۆش ببن و داواکەیان لە دادگا بکشێننەوە بەبێ هیچ داواکاری و بەرامبەرێک".

سـەبارەت بە چۆنیەتی سوڵحەکەش گوتی: "حاجـی ئەحمەد ماجدی، خاوەنـی کۆمپانیای ماجـدی لانـد لەگـەڵ چەنـد کەسـایەتی و مامۆسـتایەکی ئاینـی هاتنـە لامـان، ئێمەش قسـەمان لەگەڵ کەسـوکاری قوربانییەکان کرد کە ڕووداوەکە بە ئەنقەسـت نەبـووە، ئەوانیش ڕازی بوون لێیان خۆش ببن و بە فەرمی مۆریان کرد کە هیچ کێشـەیەکیان لەگەڵ کۆمپانیاکە و تۆمەتبارەکاندا نییە".

سـەبارەت بە بـڕی پارەی سـوڵحەکە، مەلا تاهیر گوتی: "بەهیچ جۆرێک سوڵح لەسەر پارە نەکـراوە، ماڵی قوربانـی داوای هیچیان نەکرد، بـەڵام حاجـی ئەحمـەد وەک دیارییـەک خۆی حەزی کرد بڕێک پارە کە لە ئوسوڵدایە بیانداتێ، گوژمەکەی ناتوانم بڵێم چەند بووە".

سـێ قسـە لەبارەی بـڕی پارەکـە دەکرێ، سـەرچاوەیەک کە ئـاگاداری سـوڵحەکە بووە، گوتی "هەندێـک دەڵێن یەک ملیۆن دۆلار بووە، هەندێکی دیکە دەڵێن 900 هەزار دۆلار بووە، لە دادگاش پێیانگوتم 590 هەزار دۆلار بووە، بەڵام زانیاریـم هەیە سـوڵحەکە بە 700 هـەزار دۆلار کـراوە". بەڵام مەلا تاهیر گوتی: "پارەکە بڕێکی ئوسـوڵی بووە و لە 500 هەزار دۆلار زیاتر بوو، بەڵام نەگەیشتووەتە یەک ملیۆن دۆلار".

## چوار ڕۆژ لە مزگەوتێکدا بەندیان کردووە

# پۆلیسی فیدراڵی سێ پێشمەرگە ئەشکەنجە دەدات

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

سـێ پێشمەرگەی سریەی دووی فەوجی سێی لیـوای دووی وەزارەتـی پێشـمەرگە کە خەڵکی داقوقـن، دوای تەواوبوونی ئەرکەکەیان و لەکاتی گەڕانەوەیـان بۆ داقـوق ڕێگەیان لێ هەڵە دەبێت و دەچنە ناوچەیەکی نزیک لە پۆلیسـی فیدڕاڵی، بەڵام بـۆ ماوەی چوار ڕۆژ دەستبەسـەر دەکرێن و ئەشـکەنجە دەدرێن، تەنانـەت هەوڵی ئەوەش دەدەن تۆمەتی پەیوەندی بە داعش بخەنە پاڵیان و بە یاسای تیرۆر دادگاییان بکەن.

نەقیـب جەمـال عەبدولڕەحمـان، فەرماندەی سـریەی دوو لـە فەوجـی سـێی لیـوای دووی وەزارەتی پێشمەرگە لەبارەی دەستگیرکردنی ئەو سـێ پێشمەرگەیە بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو سێ پێشـمەرگەیە لە سـاڵی 2010ـوە لەلای ئێمەن. بـە هەڵە چوونەتـە نزیکی بارەگاکانی پۆلیسـی فیدراڵـی، کە پرسـیاریان لێکـردوون، گوتوویانە پێشـمەرگەین، ئەوانیش یەکسـەر دەسـتگیریان کـردوون، ئێمـە لەڕێگەی فەرمانـدەی لیوا و زۆر کـەس و شـوێنی دیکـەوە هەوڵمـان دا ئازادیان بکەین، بەڵام هیچ سـوودی نەبوو، بەداخەوە ئەو سـێ پێشـمەرگەیە لەلایەن پۆلیسی فیدڕاڵییەوە بەنـد کرابوون و ئەشـکەنجەش درابوون، تاوەکو لە ڕۆژی 2018/7/2 لەدوای سـێ شـەو مانەوە، ئینجا ئازادکران".

ئەحمەد عەبدوڵڵا ڕەشید، تەمەن 27 ساڵ کە 7 سـاڵە پێشـمەرگەیە، لەگەڵ دوو پێشمەرگەی دیکـە بـە ناوەکانی حوسـێن عەلـی بەهجەت و ماهیر خەڵەف عەلی لەلایەن پۆلیسی فیدڕاڵییەوە دەسـتگیرکرابوون. ئەحمـەد بـە (ڕووداو)ی گـوت: "ماوەی پێنـج ڕۆژ بوو لـە دەوام بووین، ڕۆژی 2018/6/30 لەکاتـی گەڕانەوەمـان دوای ئەوەی ساترەکانی پێشـمەرگەمان بەرەو پردێ بڕی، گەیشـتینە شـوێنێک کە پۆلیسی فیدراڵی لێبـوو، کەمێـک ڕۆیشـتین و ڕێگەکەمـان لـێ هەڵـە بـوو، کەوتینە نێو پۆلیسـی فیدراڵییەوە، ڕێگایان لێگرتین و پرسـیاریان لێکردین، گوتمان پێشـمەرگەین و دەمانەوێت بگەڕێینـەوە داقوق، بـەڵام ڕێگەمان لـێ هەڵە بـووە، پەیوەندیان بە سـەرووی خۆیانـەوە کرد و ئەفسـەرێکی عەرەب هـات، پرسـیاری نـاوی فەرماندەکەمـان و ئـەو سـریەی کرد کە ئێمەی لێیـن، ئینجا گوتی ئێمە براین و هیچ کێشەیەکتان لێرە نابێت".

بەڵام دواتر ئەحمەد و دوو هاوڕێکەی دەخرێنە نێو ئۆتۆمبێلێکی سەربازی و دەبرێنە قەرەدەرە. ئەحمەد دەڵێت: "لەوێش جارێکی دیکە پرسیاریان لێکردینەوە و تەماشای مۆبایلەکانمان و وێنەکانی ناویـان کرد، لەوێشـەوە بردیانین بۆ کەرکووک و گوتیان بەیانی ئازادتان دەکەین".

ئەحمـەد و هاوڕێکانـی چاوەڕێیـان دەکـرد ئـازاد بکرێـن، بـەڵام لەبـری ئەوە بەنـد کران و ئەشکەنجەدران، ئەحمەد دەڵێت: "گوتیان بەیانی ئازادتـان دەکەیـن، بەڵام درۆیـان لەگەڵ کردین، چونکـە لەو ڕۆژەوە دەسـتیانکرد بە لێکۆڵینەوە و ئەشـکەنجەدانمان، چـوار ڕۆژ بـەم شـێوەیە مامەڵەیـان لەگـەڵ کردیـن، تەنانـەت تۆمەتـی ئەوەیان خسـتە پاڵمان کە داعشـین، ئەگەرچی ناسنامەی پێشمەرگایەتیمان پێشاندان".

ئەو شوێنەی ئەحمەد و هاوڕێ پێشمەرگەکانی لـێ گیرابوون، زیندانێکی فەرمـی نەبووە، بەڵکو مزگـەوت بووە، لەمبارەیەوە ئەحمەد دەڵێت: "لە ژیانمدا زیندانم نەبینیبوو، ئەو شـوێنەی ئێمەیان لـێ بەنـد کردبـوو مزگـەوت بـوو کردبوویان بە زینـدان، خواردنیان تەنیا بەشـی ئەوە پێدەداین کە نەمرین لەبرسـان، بە چـوار کەس تەنیا یەک سـەموونیان پێدەدایـن. لەو زیندانە 26 کەسـی دیکەی لێبوو، یەکێکیان حەشـدی شـەعبی بوو، ئەوانـی دیکـەش بـە تۆمەتـی ئەندامێتی داعش گیرابـوون، مامەڵەیەکـی زۆر خراپیـان لەگـەڵ دەکردین، تەنانەت هەندێک لە گیراوەکان نوێژیان دەکرد، لەکاتی نوێـژدا، نوێژەکانیان پێدەبڕین و دەیانبردن بۆ لێکۆڵینەوە، لەکاتێکدا بەشـێک لە پۆلیسەکانی ئەوێ خۆشیان نوێژیان دەکرد!".

ئەحمەد شـێوازی ئەو ئەشـکەنجانە بۆ ڕووداو بـاس دەکات کـە لەمـاوەی ئـەو چـوار ڕۆژەدا بەدەسـتی پۆلیسـی فیدڕاڵـی چەشـتوویانە: "ڕۆژانە بە کێبڵ و سـۆندە لێیاندەداین، کارەبایان لێدەدادین، دەیانگوت دەبێت بڵێن داعشـین، بەڵام ئێمـە دەمانگوت ئێمەش وەکو ئێوە ڕووبەڕووی داعـش بووینەتـەوە، بۆیە زیاتر ئەشـکەنجەیان دەدادین، تەنانەت من و پێشـمەرگەیەکی دیکەیان بۆ ماوەی 16 کاژێر بە دەسـت و چاو بەسـتراوی ئەشکەنجە دا، مامەڵەیەکی زۆر دڕندانەیان لەگەڵ دەکردین".

بە گوتـەی ئەحمـەد ویسـتوویانە بەتۆمەتی ئەندامێتی داعش دادگاییان بکەن و سـزا بدرێن، ئـەو گوتی "بردیانین بـۆ دادگا و لە فایلەکانمان لە شوێنێک نووسـیبوویان داعشن، لە شوێنێکی دیکەش نووسیبوویان سەر بە ڕێکخراوی قاعیدەن، هەروەهـا لـە شـوێنێکی دیکـە نووسـیبوویان پەکەکـەن، لەکاتێکدا ئێمە پێشـمەرگە بووین و ناسنامەی پێشمەرگایەتیمان پێبوو".

ئەو سـێ پێشـمەرگەیە دوای دوای چوار ڕۆژ بەندکـردن و ئەشـکەنجەدان و مامەڵـەی خـراپ لەگەڵیان ئازاد کران، ئەحمەد دەڵێت "لە دەرەوە هەوڵێکـی زۆر درابوو بۆ ئازادکردنمان، دوایینجار لـە ڕۆژی 2018/7/2 پۆلیسـی فیدڕاڵـی بەهۆی دادوەرێکەوە کە خەڵکی داقوقە بە کەفالەت ئازادی کردین، بەڵام هێشـتا ناسنامەی پێشمەرگایەتی و مۆبایلەکانمان لەلای ئەوان ماوە".

## نێچیرڤان بارزانی لەسەر بانگهێشتی ئەردۆغان دەچێتە تورکیا



**ڕووداو-هەولێر**

سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان لەسەر بانگهێشتی فەرمی سەرۆککۆماری تورکیا، دەچێتە تورکیا و لە ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، وەک سەرۆکی نوێی تورکیا بەشدار دەبێت. ڕۆژی دووشەممە 9-7-2018 لەکاژێر 16:00 بەکاتی هەولێر، ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان وەک سەرۆککۆماری ئەو وڵاتە بۆ پێنج ساڵی داهاتوو بەڕێوەدەچێت. نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان بە فەرمی بۆ ئەو ڕێوڕەسمە بانگهێشتکراوە و ئامادەی سوێندخواردنەکەی ئەردۆغان دەبێت. لەیەکەمین پەیوەندی فەرمی دوای گشتپرسی، ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە 2-7-2018 نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان و ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا پەیوەندییەکی تەلەفۆنییان ئەنجامدا.

# کورد دەچێتە بەرەی ئێران یان نەیاری ئێران؟

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو – سلێمانی**



پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق، لەوە ئاڵۆزترە لایەنە شیعەکان بەتەنیا لەنێو ماڵی خۆیاندا یەکلایی بکەنەوە. هەربۆیە شاندەکانی دانوستاندن لە بەغداوە ڕوویان لە هەولێر کردووەتەوە. بەرپرسێکی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێگای پێکهێنانی حکومەت بە ڕێگایەکی پڕ کەند و کۆسپ دەزانێ و دەڵێ وەڵاممان بۆ هەموو لایەنە شیعەکان وەک یەکە "بەڵام تێبینیمان لەسەر عەبادی هەیە". بەرپرسێکی یەکێتیش دەڵێ: "ئەوانەی ئێستا زۆرتر بەڵێن دەدەن لە ئێران نزیکن، بەڵام ئێمە و پارتی دەبێ ئەمریکاش لە خۆمان نیگەران نەکەین".

ڕۆژی 2018/7/7 دوو شاندی هاوپەیمانیی فەتح کە خاوەنی 47 کورسییە و هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسا کە 26 کورسی هەیە، لە بەغداوە گەیشتنە هەولێر. دوای کۆبوونەوەیان لەگەڵ بارزانی و مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی بە جیا، ڕایانگەیاند کە گفتوگۆی ئەرێنییان کردووە لەگەڵ سەرکردەکانی ئەو دوو حیزبە، بەڵام بەرپرسانی پارتی و یەکێتی ڕەتیدەکەنەوە هێشتا قسە لەسەر پێکهێنانی هاوپەیمانی و حکومەت کرابێت.

ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی ڕایگەیاند کە حیزبەکەی وەک ساڵانی ڕابردوو بە ئاسانی ناچێتە نێو گفتوگۆی پێکهێنانی حکومەتەوە "هاوبەشیی ڕاستەقینە و کێشەی خاک و چارەسەری کێشەی نەوت و غاز و گەڕانەوە بۆ جێبەجێکردنی دەستوور، داواکاریی ئێمە و یەکێتین و هەموو ئەوانەش کە دێن بەڵێن دەدەن کاریان لەسەر بکەن".

ئەو سەرکردەیەی پارتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتیشی: "دەبێ هاوپەیمانییەکی گەورە لە نێوان شیعە و کورد و سوننە پێکبێت، ئێمە ئەگەر داواکارییەکانمان لەبەرچاو گیران و بەڵێنی جێبەجێکردنیان درا، دەچینە نێوییەوە، ئەگەر ڕازیش نەبوون، بێگومان لەگەڵ لایەنی دیکە هاوپەیمانی دەکەین".

وەک چاوەڕوان دەکرا عێراق لە دوای شەڕی داعش پارچە پارچە نەبوو، بەڵام شیعەکان لێکترازان و لە گرەوی پەراوێزخستن و دابڕینی هەولێرەوە لە جیهان، ئێستا گرەو لەسەر بەدەستهێنانی مەیلی هەولێر دەکەن بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق. دوای کۆبوونەوە لەگەڵ پارتی، حەسەن سنەید، سەرۆکی شاندی دەوڵەتی یاسا گوتی: "خاڵی هاوبەش زۆرن بەتایبەت لەنێوان ئێمە و پارتی دیموکراتی کوردستاندا. هیوادارین ئەم نزیکبوونەوەیە بەردەوام بێ.. نە کورد هێڵی سووری هەیە لەسەر وردەکاریی پرۆسەی سیاسی

> ### لە ڕۆژانی داهاتوودا زیاتر لە کورد نزیک دەبینەوە
> سەرۆکی شاندی دەوڵەتی یاسا

لە عێراق، نە لایەنە براوەکانیش هێڵی سوورییان لەسەر داواکانی کورد لە چوارچێوەی دەستووردا هەیە". گوتیشی کە "لە ڕۆژانی داهاتوودا نزیکبوونەوەی زیاتر لەنێوانماندا دەبینن".

سەرۆکی تیمە دانوستانکارەکەی دەوڵەتی یاسا، دانوستاندنەکانی هەولێری بە "بەرهەمدار" ناوبرد کە تێیدا باسی پێکهێنانی گەورەترین کوتلەی پەرلەمانییان کردووە بۆ پێکهێنانی حکومەت لەسەر بنەمای "نە ڕەتکردنەوە نە خۆسەپاندن".

> ### ئێران پێیخۆشە لەگەڵ فەتح و دەوڵەتی یاسا ڕێکبکەوین
> ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی

بەڵام بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) شاندی دیکە بەڕێگاوەن بەرەو هەولێر کە چاوەڕوان دەکرێ ئەوانیش باس لە کۆبوونەوەی بەرهەمدار بکەن لەگەڵ کورد. وەک بەرپرسانی پارتی و یەکێتی دەڵێن، جگە لە شاندێکی سوننەکان، هەریەکە لە حەیدەر عەبادی و موقتەدا سەدر و عەممار حەکیم، لە داهاتوویەکی نزیکدا گفتوگۆی گەرم دێننە هەولێر.

یەکێتی و پارتی، وەک دوو هێزی براوەی

> ### هێڵی سوور نا، بەڵام تێبینیمان لەسەر عەبادی هەیە
> پارتی

هەڵبژاردنەکانی عێراق لە هەرێمی کوردستان پێکەوە 43 کورسییان هەیە. ئێستا ئەوان سەرقاڵی تەواوکردنی وردەکارییەکانی پێکهێنانی شاندی هاوبەش و کۆمیتەی هەماهەنگکارن بۆ ئەوەی لانیکەم تاوەکو ئەوکاتەی حکومەتی نوێ لە عێراق پێکدەهێنرێ، بۆچوونی دژبەیەکیان نەبێ، هەریەکە لە هوشیار زێباری و مەلا بەختیار، بە دەربڕینی جیاواز ئەوەیان پشتڕاست کردووە.

عەرەفات کەرەم، سەرۆکی پێشووی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق، دەڵێ هەموو ئەو هاوپەیمانێتییانەی لە دوای هەڵبژاردنەوە لە عێراق ڕاگەیێندراون، تەنیا پروپاگەندەن و تاوەکو ئەو ڕۆژەی ئەنجامی دەنگەکان بە فەرمی پەسەند دەکرێ، کارکردن لەسەر پێکهێنانی هاوپەیمانێتی تەنیا وەک قسە دەمێنێتەوە "بۆیە پارتی باش لە هاوکێشەکان تێدەگات و تاوەکو دوای پەسەندکردنی فەرمی و کۆتایی دەنگەکان، بڕیاری هاوپەیمانی لەگەڵ هیچ لایەک نادات".

گوتیشی: "هاوپەیمانێتییەکانی عامری و مالیکی سەرقاڵی ئەوە بوون کاغەزێک ئامادە بکەن کە چۆن دۆخەکە ببەنەوە بۆ پێش ساڵی 2014 و ئەو کاغەزە بخەنە بەردەم کورد بۆ پێکهێنانی حکومەت، پارتی لەم کاتەدا بەوە ڕازییە دۆخەکە بگەڕێتەوە بۆ پێش ساڵی 2014 و لایەنە عێراقییەکانیش دەزانن جگە لە ڕازیبوون بەوە، هیچ ڕێگایەکی دیکە لەبەردەمیان نییە".

کورد سێ مەرجی بۆ پاڵپشتی هەر لایەنێک هەیە کە دەیەوێ بۆ چوار ساڵی دیکە حوکمی عێراق بگرێتە دەست. یەکەم جێبەجێکردنی دەستوور، دووەم: هاوبەشی لە بڕیاردان، سێیەمیش بەشداریی ڕاستەقینە. بەڵام وەک ئارێز عەبدوڵڵا، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی باسی دەکات، هێشتا گفتوگۆکان لەسەر دۆزینەوەی ڕێگایەکە بۆ پێکهێنانی فراکسیۆنێکی گەورە "هێشتا ململانێی نێو شیعەکان هێندە خراپ نەبووە کە پێکهێنانی حکومەت بگاتە بنبەست، بەڵام کە تێگەیشتن لەوەی پەیوەندیی نێوان پارتی و یەکێتی باشە، هاتوونەتەوە بۆ کوردستان بۆ گفتوگۆ، بێگومان ئەگەر یەکڕیزی نێوخۆیی زۆرتر بێ، ئەوان زۆرتر ئیشیان بە کورد دەبێ".

ئیحسان شەممەری، سەرۆکی نێوەندی بیرکردنەوەی سیاسی کە ناوەندێکی سوننەکانە، دەڵێ ئەوەی فەتح و دەوڵەتی یاسای گەیاندە هەولێر، پێکەوەیی و لێکنزیکی نەسر و سائیرونە، ئەوان چوون بۆ هەولێر بۆ لێکتێگەیشتن لەگەڵ کوتلە سوننی و کوردییەکان بۆ دروستکردنی گەورەترین کوتلە لەم نزیکانەدا.

بەپێی زانیارییەکان کە لە بەرپرسانی پارتی و یەکێتییەوە دەست (ڕووداو) کەوتوون، شاندەکانی هاوپەیمانێتی مالیکی و عامری، داوایان کردووە پشتیوانی لەوان بکەن لە پێکهێنانی حکومەتدا، ئەوانیش ئامادەن لە چوارچێوەی دەستووردا هەموو کێشەکان چارەسەر بکەن. بەڵام کێشەی پارتی و یەکێتی ئەوەیە کە ئەو دوو لایەنە، بە لایەنە نزیکەکانی ئێران دەژمێردرێن و لەولاشەوە هاوپەیمانێتییەکانی سائیرون بە سەرۆکایەتی سەدر و نەسر بە سەرۆکایەتی عەبادی، بەڵێنی باشتر لەوەی عامری و مالیکی دەدەن.

عەرەفات کەرەم دەڵێت، ئەوان هێڵی سوور نا، بەڵام تێبینییان لەسەر عەبادی هەیە "لە سەردەمی مالیکیدا ناکۆکی هەبوو، بەڵام خوێن نەڕژا، کەچی لەسەردەمی عەبادیدا پێشمەرگە شەهید بوون".

بەڵام ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی، پێیوایە نزیکیی بێپەردەی عامری و مالیکی لە ئێرانەوە، دەبێتە گرفتی بەردەم گفتوگۆکانمان و دەڵێ "ئێران پێیخۆشە ئێمە لەگەڵ ئەو دوو هاوپەیمانێتییە ڕێکبکەوین و ئەوانیش بەڵێنی چارەسەرکردنی کێشەکان دەدەن، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە ئەوکات ئەمریکا نیگەران دەبێت".

ئەو بەرپرسەی یەکێتی کە نەیویست ناوی بهێنرێ، گوتیشی: "باشترە کورد چاوەڕێ بێت تاوەکو ململانێی نێوماڵی شیعە کۆتایی بێت و مامەڵە لەگەڵ هاوپەیمانییەکی گەورەدا بکات".

## فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بۆ (ڕووداو):

# پۆستی سەرۆککۆمار بدرێتە یەکێتی بناغەیەکی نوێ بۆ پەیوەندی لەگەڵ پارتی دادەنێین

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو – سلێمانی**



ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی باسی ڕێککەوتنی نوێی حیزبەکەی لەگەڵ پارتی دەکات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق و دەڵێت "ڕێککەوتنەکە زۆرتر بۆ ئەوەیە هیچ لایەکیان بەبێ ئەوی دیکە نەچێتە نێو هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان و پرۆژەیەکی هاوبەشیان هەبێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو هاوپەیمانێتییانەی حکومەتی داهاتووی عێراق پێکدەهێنن.

ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو، دوو شاندی مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی لە هەولێر کۆبوونەوە. فەرید ئەسەسەرد کە یەکێک بوو لە ئەندامانی شاندی یەکێتی، بە ئاماژەدان بە ڕاسپاردەکانی نێو ئەو کۆبوونەوەیە گوتی: "پارتی و یەکێتی پێش دەستپێکردنی گفتوگۆی فەرمی لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان، پێویستیان بە پاکێجێکە و دەبێ ئەو پاکێجە ئامادە بکەن، پاکێجەکەش کراوە دەبێت بۆ لایەنەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان کە بێنە ناوییەوە".

لە دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری ساڵی 2017ەوە، پەیوەندییەکانی پارتی و یەکێتی جۆرێک لە ساردی تێکەوت. پارتی بەشێک لە سەرکردە و فەرماندەکانی یەکێتی تۆمەتبار دەکات بەوەی هەماهەنگیی ژێربەژێریان لەگەڵ سوپا و حەشدی شەعبی کرد بۆ پەلاماردانی کەرکووک. بەڵام ڕووداوەکانی دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، ڕەوشێکی تازەی هێناوەتە ئاراوە کە لە ویست و بەرنامەی هەموو لایەنە سیاسییەکان گەورەترە و پێکهێنانی حکومەتی تەواو سەخت و ناهەموار کردووە. ئەوەش وایکردووە جارێکی دیکە پارتی و یەکێتی وەک براوەی هەڵبژاردن بگەڕێنەوە بۆ قسەکردن لەسەر ئەو خاڵە هاوبەشانەی هێشتا لە نێوانیاندا ماون.

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ تاوەکو ئێستا پارتی و یەکێتی بەیەک مەودا نزیکن لە لایەنە عێراقییەکان، بەڵام ناتوانن بەوشێوەیە بمێننەوە ئەگەر بیانەوێ بەشداریی پرۆسەکە بکەن. ئەسەسەرد دەڵێت "دەبێ دواجار زیاتر نزیک بین لەلایەک، بەڵام نابێ پێشوەختە پاکێجەکەمان باسبکەین و دەبێ لەگەڵ ڕاسپێردراوی پێکهێنەری حکومەت وردەکاری پاکێجەکە باسبکەین".

لەبارەی ئەو هاوپەیمانێتیانەی لایەنە عێراقییەکان لەگەڵ یەکدی ڕایدەگەیێنن و تەمەنی هیچیان لە هەفتەیەک زیاتر بڕ ناکات، فەرید ئەسەسەرد هۆکارەکە بۆ "خراپیی نێوماڵی شیعە" دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "هەرلایەک دەیەوێ زۆرترین قازانج لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوان یەک ماڵن، دەبێ لە بنەمادا لەگەڵ یەکتری ڕێکبکەون ئەوکات لەگەڵ لایەنەکانی دیکە ڕێکبکەون".

فەرید ئەسەسەرد لایەنە نەرێنییەکەی خراپیی نێوماڵی شیعە بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە "دۆخەکە بە پەککەوتوویی دەمێنێتەوە و ئەوکات بەغدا لایەنێکی تێدا نابێت ئێمە بتوانین قسەی لەگەڵدا بکەین. لە هەلومەرجی واشدا کورد هەر دەبێ بەبێ هاوپەیمان بمێنێتەوە، ئەگەر ئێمە لەگەڵ سەدر هاوپەیمانی دروستبکەین، بێگومان هادی عامری

> ### دواجار پارتی ڕازی دەبێ پۆستی سەرۆک کۆمار بۆ یەکێتی بێ

دژمان دەوەستێتەوە، بەپێچەوانەشەوە سەدر دژمان دەوەستێتەوە. بۆیە کۆدەنگیی ئەوان کۆمەڵێک کێشە لە ئێمە دووردەخاتەوە".

ئێستا قسە لەسەر ئەوە دەکرێ کە هاوپەیمانێتی عامری و مالیکی، دەیانەوێ بە بەڵێنی گەڕانەوە بۆ پێش 2014 دڵی کورد بەدەستبهێننەوە، ئەوەش بەلای فەرید ئەسەسەردەوە "زۆر باشە بۆ کورد"، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئەو لایەنەی ئامادەیی تێدایە دۆخەکە بگێڕێتەوە بۆ پێش 2014 لەسەر ئێران حیسابە و بەو هاوپەیمانێتییە لەگەڵ ئەوان "ئێمە دەکەوینە نێو خانەی ئێرانەوە و ئەوکات کێشەی زۆرمان لەگەڵ ئەمریکییەکان بۆ پەیدا دەبێ".

فەرید ئەسەسەرد، ڕەتیدەکاتەوە لە کۆبوونەوەی چوارشەممەی ڕابردوودا لەگەڵ پارتی، لەسەر بنەمای پرسەکانی بەغدا باسی پۆستەکانی داهاتووی هەرێمی کوردستانیان کردبێ و دەڵێ تەنیا لەسەر ئەوە قسەیان کردووە بەبێ یەکدی نەچنە نێو گفتوگۆ لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان".

> ### بە هاوپەیمانی لەگەڵ عامری و مالیکی، لەگەڵ ئەمریکا تووشی کێشە دەبین

نەیشاردەوە کە باسی پەیوەندییەکان لەگەڵ گۆڕان و هاوپەیمانی و کۆمەڵ و یەکگرتووش کراوە و دەڵێ: "ئێمە و پارتی هەر دەبێ چاوەڕوانی گۆڕان و هاوپەیمانی و کۆمەڵ و یەکگرتوو بکەین بۆ چوونە بەغدا، ئێمە تاوەکو پەسەندکردنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردن چاوەڕێی ئەو چوار لایەنە دەکەین، ئەوکات دەستدەکەینەوە بە گفتوگۆ لەگەڵیان، ئەگەر نەهاتن ئەوکات لەگەڵ پارتی دەچینەوە بەغدا".

ئەسەسەرد گوتیشی: "ئەوەی لەگەڵ پارتی ناومان ناوە هاوپەیمانی، تەنیا بۆ قۆناغێکی دیاریکراوە و ڕەنگە لەگەڵ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی بەغدا هەڵوەشێتەوە، ئەوکات پێویستمان بەشێوازێکی دیکەی پەیوەندی دەبێ. یان فراکسیۆنی هاوبەش دروستدەکەین یان بە فراکسیۆنی جیاواز".

هەندێک لە هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی گۆڕان لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا هێرشیان کردە سەر د.بەرهەم ساڵح و پێیانوابوو هەوڵ بۆ دەستخستنی بەرژەوەندی تاکەکەسی دەدات. لەوانەش بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار. ئەو پۆستەی کە پێشتر پارتی ڕایگەیاند وەک ساڵانی ڕابردوو مافی یەکێتی نییە.

بەڵام فەرید ئەسەسەر پێیوایە دواجار هەر بۆ یەکێتی دەبێت: "پارتی دواجار ڕازی دەبێت ئەو پۆستە لای یەکێتی بێت. وەرگرتنی ئەو پۆستە لەلایەن یەکێتییەوە، پەیوەندی داهاتووی یەکێتی و پارتی دیاری دەکات. ئەگەر ئەو پۆستە یەکێتی وەریگرێتەوە و پارتی کێشەی بۆ دروست نەکات، ئەوکات ڕەنگە بناغەیەکی نوێ بۆ پەیوەندی پارتی و یەکێتی دیاری بکەین، بەڵام ئەگەر وانەبێ، نەخشەی نوێ بۆ پەیوەندی لەگەڵ پارتی دانانرێ".

ناوی بەرهەم ساڵحیش دوور دەخاتەوە لەو ئەگەرانەی باسیان لێوەدەکرێ و دەڵێ "ئێمە یەکێک لە خۆمان دەپاڵێوین بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی کۆمار و نایدەینە دکتۆر بەرهەم". چونکە

> ### هاوپەیمانیمان لەگەڵ پارتی بۆ قۆناغێکی دیاریکراوە

وەک ئەو باسی دەکات، دکتۆر بەرهەم دەستی لەکارکێشاوەتەوە و لە هەڵبژاردندا لیستی هەبووە "لەم هەلومەرجەدا ناتوانین کەسێک لە دەرەوەی یەکێتی بپاڵێوین بۆ پۆستی سەرۆککۆمار".

## یەکێتی: دەنگەکانمان لە کەرکووک زیادیکردووە

**ڕووداو- هەولێر**

یەکێتی نیشتمانی کوردستان "سەرکەوتنی تازە" لە کەرکووک ڕادەگەیێنێت و لەبارەی ئەنجامی ژمارندنەوەی دەستی دەنگەکان لەو پارێزگایە ڕایدەگەیێنیت ژمارەی دەنگەکانیان زیادیکردووە. لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەڤانیدا هەریەک لە خالد شوانی، ئەندامی سەرکردایەتی و ڕێبوار تەها، پەرلەمانتاری یەکێتی لە بەغدا ڕایانگەیاند: "لە ژماردنەوەی 523 سندووق لە کۆی 2020 سندووقی کەرکووک کە دەکاتە 25%ی سندووقەکان لە دوای 5 ڕۆژ لە بەڕێوەچوونی پرۆسەکە، سەرەنجام خۆشبەختانە کورد و یەکێتی زۆر سەربەرزانە، لەناو ئەو غەدر و پیلانە دوژمنکارییە، ڕاست و دروستی ئەنجامی دەنگەکانی خۆی و جارێکی دیکە کوردستانی بوونی کەرکووکی سەلماند". هەروەها گوتیان "ژمارەی دەنگەکانمان زیادی کردووە".

# پۆلیسی کەرکووک بڕیاری دەرکردنی 600 ماڵی کوردی دەدات

**سروە ئەحمەد**
**ڕووداو- کەرکووک**

لەژێر ناوی سەپاندنی یاسا لە کەرکووک، چەندین خێزانی کوردی نیشتەجێی گوندەکانی دەوروبەری کەرکووک، هەڕەشەی دەرکردنیان لەسەرە، لە نوێترین پێشهاتیشدا پۆلیسی کەرکووک، هەڕەشەی دەرکردنی 600 خێزانی کوردی گوندەکانی چۆپلیجە و هەنجیرە و باجوان دەکات.

موختاری گوندی هەنجیرە، گومانی لە بڕیاری پۆلیسی ناوچەکە هەیە و دەڵێت "پیلان"ێکە بۆ تەعریبکردنی گوندە کوردنشینەکانی کەرکووک.

نورەدین سەعدوون، موختاری گوندی هەنجیرە بە (ڕووداو)ی گوت: "گوندەکەمان پێشتر کەوتبووە نێو سنووری کارەکانی کۆمپانیای نەوتی باکوور، ساڵی 2003 ناردیانین بۆ پارێزگا، لەوێ ئەو شوێنەیان وەکو قەرەبوو پێداین و لە ساڵی 2005 ئاوەدانمان کردەوە".

لەدوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر، جارێکی دیکە کۆمپانیای نەوتی باکوور یەخەی ئەو گوندنشینانەی گرتووەتەوە و چەند جارێک پۆلیس چووەتە سەریان و ئاگاداری کردوونەتەوە کە سەردانی دادگا بکەن، ئێستاش بەڵێننامەیان پێ پڕکراوەتەوە، هەر کاتێک دادگا بڕیاری دا دەبێ گوندەکەیان چۆڵ بکەن. موختاری هەنجیرە دەڵێت "ئەمە بیانووە بۆ دەرکردنمان، ئەگەرنا بۆچی ئەوە چەند ساڵە داوای ئەو زەویانە ناکەن".

نوورەدین بەدووری نازانێ بەم نزیکانە لە گوندەکەیان دەریانبکەن، بۆیە داوا لە کۆمپانیای نەوتی باکوور دەکات هەر هیچ نەبێ قەرەبوویان بکاتەوە، چونکە ئەوان لەسەر گیرفانی خۆیان گوندەکەیان ئاوەدان کردووەتەوە.

سەرەڕای گوشارەکانی پۆلیس و دادگا و کۆمپانیای نەوتی باکوور، بەڵام هەندێک لە دانیشتووانی ئەو سێ گوندە دەڵێن بەهیچ شێوەیەک چۆڵی ناکەن.

محەممەد عەلی، دانیشتووی گوندی باجوان بە (ڕووداو)ی گوت: "ئێرە زێدی باب و باپیرانمانە، ئێستا گوشارمان لەسەرە چۆڵی بکەین، بەڵام ئێمە نەک بۆ حەشبی شەعبی و پۆلیسی فیدراڵی، بۆ کەسی چۆڵ ناکەین، مەگەر خوێنەکەمان لەسەر ئەم خاکە بڕژێ".

هەر لەوبارەوە فەتحوڵڵا سەعید محەممەد، موختاری گوندی باجوان دەڵێت، دەرکردنی ئەوان لە زێدی خۆیان، زیندووکردنەوەی بڕیارەکانی سەردەمی بەعسە.

فەتحوڵڵا بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەم سێ گوندە لە ڕێگەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک و لایەنە کوردییەکانەوە ئاوەدان کراونەتەوە و قەرەبووی زەویوزارەکانیان کردوونەتەوە، پێشتر نەیانهێشت لە شوێنە کۆنەکە خانوو دروست بکەین، لەبەرئەوەی بیری نەوت و بۆڕی غازی لێبوو، ئێرەیان وەکو قەرەبوو پێداین، لەگەڵ کۆمپانیای نەوت ڕێککەوتنمان هەبوو، پەرژینێکیان دروستکرد و گوتیان دەتوانن لەو دیو پەرژینەکە خانوو دروست بکەن، ئێمەش بەڵێننامەمان پڕکردەوە کە سنووری پەرژینەکە نەبەزێنین".

فەتحوڵڵا پێیوایە ئەو هەڕەشەیەی لەسەریانە بۆ دەرکردنیان لە گوندەکانیان، دەرهاوێشتەی ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرە، چونکە ئێستا کورد دەسەڵاتی ئیداری و سەربازی بەسەر ناوچەکەدا نەماوە.

فەتحوڵڵا گوتی: "چەند کەسێک هەن لە پارێزگای کەرکووک پێشتر سەر بە ڕژێمی بەعس بوون، ئێستا دەیانەوێ بڕیارەکانی ڕژێمی بەعس زیندوو بکەنەوە کە گوندە کوردییەکانی تەعریب دەکرد، ئەگینا بۆچی گوندە عەرەبنشینەکانی دەوروبەرمان ئاگاداریان بۆ نەهاتووە چۆڵی بکەن". فەتحوڵڵا گوتیشی: "ئێمەی دانیشتووانی ئەو سێ گوندە ژمارەمان 600 ماڵ دەبێ، لە نێوان ئەو سێ گوندەدا گوندێکی عەرەبنشین هەیە، ئەوانیش پێشتر وەکو ئێمە قەرەبوو کراونەتەوە و زەوییان وەرگرتووە، بەڵام ئەوان ئاگادار نەکراونەتەوە".

فەتحوڵڵا داوای بەهاناوەچوونی دانیشتووانی ئەو سێ گوندە دەکات و دەڵێت: "زانیاریمان هەیە لێژنەیەک لە پۆلیسی فریاکەوتن و فیدراڵی و ناوخۆ پێکهاتووە، لە بەرنامەیاندایە بە زەبری هێز دەرمانبکەن، بەڵام ئێمە بەڵێنمان داوە، خانووەکانیشمان بەسەردا بڕووخێنن، چۆڵی نەکەین".

(ڕووداو) چەند جارێک پەیوەندی بە پۆلیس و بەرپرسانی ئیدارەی شارەکەوە کرد، بەڵام وەڵامی پەیوەندییەکانیان نەدایەوە.

عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوەبەری لەکارلادراوی پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی کەرکووک دەڵێت ئەوان ئاگاداری هەوڵی دەرکردنی دانیشتووانی ئەو سێ گوندەن، بۆیە ئێستا لایەنە کوردییەکان و پەرلەمانتارانی کورد لەگەڵ بەرپرسانی ئیدارەی پارێزگای کەرکووک لەسەر خەتن بۆ ئەوەی لەو بڕیارە پەشیمانیان بکەنەوە.



دانیشتووانی سێ گوندەکە دەڵێن خانووەکانیشمان بەسەردا بڕووخێنن چۆڵی ناکەین

# گۆڕان ئەنجامی ژماردنەوەی دەنگەکانی کەرکووک ڕەتدەکاتەوە



**جەمال ئەحمەد جەمیل**
**ڕووداو- سلێمانی**

ژماردنەوەی دەنگەکان بە دەست لە کەرکووک کۆتایی هات، بەڵام گلەیی و ڕەخنەی لایەنەکانی دوو هێندەی دیکە زیاد کرد. چونکە پێیانوایە پرۆسەکە زۆرتر بۆ کاتکوشتن بووە. بەرپرسێکی بزووتنەوەی گۆڕان لە کەرکووک دەڵێت "ئەنجامەکانی دوای ژماردنەوەش پەسەند ناکەین"، بەرپرسێکی هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەرییش دەڵێت دۆخی تایبەتی کەرکووک لەبەرچاو دەگرن و سکاڵا تۆمار ناکەن.

دوای هەڵبژاردن، ناوی کەرکووک چووە لیستی ئەو پارێزگایانەی عێراق کە زۆرترین قسەیان لەسەر بوو بەهۆی زۆریی سکاڵای لایەنەکان لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردن. لایەنە تورکمانی و عەرەبییەکانی ئەو پارێزگایەش لایەنێکی کوردییان تۆمەتبار کرد بەوەی ساختەکاری لە هەڵبژاردندا کردووە.

وریا محەممەد، ئەندامی ژووری هەڵبژاردنی بزووتنەوەی گۆڕان، دەڵێ "بەپێی هەمواركردنەوەی یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق، دەبوو ژماردنەوەی دەنگەکان بەدەست بێت و بەراوردی دەنگەکان بکرێ لەگەڵ دەنگە ئەلیکترۆنییەکان، بەڵام ئەوە نەکرا". گوتیشی: "دەبوو لایەنەکان چاودێری ژماردنەوەی دەنگەکان بکەن، بەڵام لە دوورەوە ڕێگەیان پێدرا چاودێری بکەن، دەنگی لایەنەکان نەدەژماردرایەوە، بەڵکو کارتی دەنگدانەکە دەژمێردرا، ئایا 200 کارتە یان 300 کارتە".

ئەو بەرپرسەی گۆڕان دەڵێت تانەیان لە ژماردنەوەی دەنگەکان داوە و چاوەڕێی وەڵامی کۆمیسیۆنن، ئەگەریش کۆمیسیۆن و دادگای فیدراڵی وەڵامی تانەکانی نەداوە: "ئەوکات جڤاتی نیشتمانی کۆدەبێتەوە و بڕیار دەدات، ئایا بایکۆتی پرۆسەی سیاسی دەکەین یان بە چ میکانیزمێک بەشدار دەبین، بەڵام دڵنیام بزووتنەوەی گۆڕان ئەنجامەکان ڕەتدەکاتەوە".

تەنیا گۆڕان و هاوپەیمانی و کۆمەڵ و یەکگرتوو نین کە ئەنجامەکانی کەرکووک ڕەتبکەنەوە. جگە لە هێزە عەرەبی و تورکمانەکانیش هەندێک لە لایەنە عێراقییەکان لە بەغداوە لە ئەنجامەکان نیگەرانن.

حەسەن بارام، ئەندامی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری، دەڵێ یاسای هەموارەکە لە بڕگەیەکدا باس لەوە دەکات دەنگی سەرجەم سندووقەکان دەژمێردێنەوە، بەڵام دواتر ئەو لیژنەیەی دادوەران کە شوێنی کۆمیسیارانی گرتەوە، بەپێچەوانەی یاساکەوە مامەڵەیان کرد، تەنیا ئەو سندووقانەیان ژماردەوە کە سکاڵایان لەسەرە، بۆیە :"ئەمە خەرقێکی گەورەی یاساکەیە".

سەبارەت بە بۆچوونی هاوپەیمانی لەبارەی ئەنجامی ژماردنەوەی دەنگەکان لە کەرکووک، حەسەن بارام گوتی: "ئێمە نە سەرەتا سکاڵامان لەسەر سندووقەکان تۆمار کردبوو، نەچاودێریشمان نارد، چونکە پێمانوایە کەرکووک دۆخێکی هەستیاری هەیە"، حەسەن بارام هەروەها دەڵێ ئەوان دۆخی کەرکووک لەبەرچاو دەگرن و دەشزانن ساختەکاری ڕوویداوە "بەڵام ئێمە وامان بە باش زانی لەم قۆناغەدا لە مەسەلەی کەرکووکدا، کەمێک نەرم بین".

لە 16ی ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابردوودا، سوپای عێراق و هێزەکانی حەشدی شەعبی گەڕانەوە کەرکووک و دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەکە شڵەژانێکی زۆری بەخۆیەوە بینی و تاوەکو ئێستاش بەتەواوی هێور نەبووەتەوە. هەربۆیە هەڵبژاردن لە کەشێکی پڕ لە ململانێی نەتەوەیی و مەزهەبیدا بەڕێوەچوو.

بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی کۆمەڵی ئیسلامی، دەڵێ دوای بێهیوابوون لە کۆمیسیاران، لەهەوڵدان لە سەرچاوەی دیکەوە ژمارەکانیان دەستبکەوێت و بەراوردی ژمارەکانی بکەن "بەڵام بۆ کەرکووک بڕیاری کۆتایی خۆمان نەداوە".

هاوژین عومەر، ڕەخنە لە کۆمسیۆن دەگرێ بەوەی لە سەرتاوە تەواوی دەنگەکانی پێنەداون، هیچ حیزبێکی کوردیش ئەوەی لە بەردەست نییە. هاوژین عومەر گوتی "ناتوانی خەڵک بنێری بۆ حەویجە، ئەوە ئەسڵی کێشەکەیە و تەواوی ژمارەکانت نییە تاوەکو بەراوردی بکەیت، زۆرینەی ئەو سندوقانەی جیاکراونەتەوە هی ناوچە عەرەبی و تورکمانییەکانن. ئێمە دەتوانین بڵێین جیاوازی هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی ژمارەکان لەبەردەست نین، ناتوانین قەبارەی ئەو جیاوازییە بخەینەڕوو".

بڕیار ڕەشید، گوتەبێژی مەکتەبی هەڵبژاردنی یەکێتی، ڕایدەگەیێنێ هەموو بڕیارەکانی کۆمسیۆن پەسەند دەکەن و هاوکات دەڵێ سکاڵایان دژی 11 چاودێری تورکمان و عەرەب تۆمار کردووە "ڤیدیۆمان لایە چوونەتە نێو کۆگای سندووقەکان و باسی ساختەکاری و دەستکاریی دەنگەکان دەکەن".

# بەشێک لە حەشدی شەعبی لە شنگال دەکشێنەوە

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بەشێک لە هێزەکانی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی لە شنگال و زوممار کشانەوە، فەرماندەیەکی پێشمەرگە دەڵێت حەشدی شەعبی و سوپای عێراق ترسیان لە دووبارە سەرهەڵدانەوەی داعش هەیە. بەڵام بەڕێوەبەری ناحیەی زوممار دەڵێت هیچ هێزێک بە تەواوی لە ناوچەکە نەکشاوەتەوە.

هەفتەی ڕابردوو 20 هەمەر و ئۆتۆمبێلی سەربازیی سوپای عێراق لە شنگال کشانەوە، هەروەها 15 ئۆتۆمبێلی دیکەش کە چەکی قورسیان لەسەر بوو لە گوندی بەردیەی سەر بە ناحیەی زوممار کشانەوە.

بەرپرسێکی پارتی زانیاری لەبارەی کشانەوەی ئەو هێزانە دا و گوتی: "سەرەتای هەفتەی ڕابردوو هێزێکی زۆر لەگەڵ 15 ئۆتۆمبێلی حەشدی شەعبی لە گوندی بەردیە کشانەوە، جگە لەوەش ڕۆژی 7ی تەمموز دوو فەوجی حەشدی شەعبی بە چەکی قورسەوە لە زوممار کشانەوە".

ئەو بەرپرسەی پارتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، لەبارەی هۆکاری کشانەوەی ئەو هێزە، گوتی: "هەتا ئێستا هۆکاری کشانەوەی ئەو هێزە نەزانراوە، بەڵام دەنگۆیەک بڵاوبووەتەوە کە پێشمەرگە دەگەڕێتەوە ئەو ناوچانە".

> **حەشدی شەعبی و سوپا داوایان لێکردووین بگەڕێینەوە شنگال**
> بەرپرسێکی پێشمەرگە

ئەحمەد گەرگەری، بەڕێوەبەری ناحیەی زوممار کە دوای کشانەوەی هێزەکەی حەشدی شەعبی لە زوممار بەشداری کۆبوونەوەیەکی ئەمنی بەرپرسانی ناوچەکەی کردووە، گوتی: "لە کۆبوونەوەکەدا باسی کشانەوەی هیچ هێزێک نەکراوە، هیچ هێزێکیش بە تەواوی لە ناوچەکە نەکشاوەتەوە".

سەبارەت بە گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ زوممار، گەرگەری گوتی: "ئەو دەنگۆیە بڵاوبووەتەوە، من لە کۆبوونەوە ئەمنییەکەشدا پرسیارم لە بەرپرسانی حەشد و سوپای عێراق کرد، ئەوان گوتیان جارێ هیچ بڕیارێک لەبارەی گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ناوچەکە نییە".

> **هیچ ڕێککەوتنێک بۆ گەڕانەوەی پێشمەرگە لەئارادا نییە**
> بەرپرسێکی حەشدی شەعبی

هەر لەبارەی کشانەوەی حەشد و سوپا لە شنگال، خودێدا جوکێ، بەڕێوەبەری ناحیەی سنونێی سەر بەقەزای شنگال بە (ڕووداو)ی گوت: "هەتا ئێستا هیچ بڕیارێک بۆ کشانەوەی هێزی حەشد و سوپای عێراق لە شنگال نییە".

خودێدا کە فەرماندەیەکی حەشدی شەعبییە و ئێستا بەوەکالەت بەڕێوەبەری ناحیەی سنونێیە، گوتیشی: "ڕاستە هەفتەی ڕابردوو چەند ئۆتۆمبێلێکی سەربازیی سوپای عێراق لە شنگال کشانەوە، بەڵام ئەو هێزە بەشێک لەو هێزەبوو کە پێش چەند ڕۆژێک لەگەڵ هێزی ئەمریکی هاتبوونە شنگال و بەشێکیان کشانەوە".

بابەکر زێباری سوپاسالاری پێشووی عێراق و بەرپرسی میحوەری ڕۆژئاڤای دیجلە بە (ڕووداو) گوت: "زانیاریمان لەسەر کشانەوەی هێزی عێراق نییە". سەبارەت بە گەڕانەوەی پێشمەرگەش، زێباری گوتی: "هێشتا هیچ ڕێککەوتنێک نەکراوە بۆ گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ئەو ناوچانە، هەتا حکومەتی عێراقیش پێکنەیەت، زەحمەتە ڕێککەوتن لەو بارەیەوە بکرێ".

بابەکر زێباری هۆشداری لە دووبارە سەرهەڵدانەوەی داعش دا و گوتی: "مەترسیی دووبارە سەرهەڵدانەوەی داعش هەیە، ڕۆژانە دەیان چەکداری داعش لە سنووری سووریاوە دەپەڕنەوە عێراق، چونکە سنوورەکان هیچ کۆنترۆڵیان لەسەر نییە".

سەرچاوەیەکی بەرپرس لە هێزی پێشمەرگە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "هێزەکانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق زۆر لە سەرهەڵدانەوەی داعش دەترسێن، تا ئێستا چەند جارێک فەرماندەکانیان پەیوەندییان بە وەزارەتی پێشمەرگەوە کردووە کە پێشمەرگە بچێتەوە ناوچەکان".

ئەو سەرچاوەیە گەڕانەوەی پێشمەرگەی بۆ ئەو ناوچانە بەستەوە بە پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق و گوتی: "ئەمریکا زۆر هەوڵی داوە پێشمەرگە بگەڕێتەوە کەرکووک و ناوچەکانی دیکە، بەڵام عەبادی نایەوێ لەو کاتەدا ڕێککەوتنی گەڕانەوەی پێشمەرگە واژۆ بکات، هەر کاتێک حکومەتی عێراق پێکهات، ڕێککەوتنی گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ناوچە کوردستانییەکان واژۆ دەکرێ".



ئەحمەد ئۆیسال، سەرۆکی ناوەندی لێکۆڵینەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (ئۆرسام) بۆ (رووداو):

# هەڵوێستی ئەردۆغان لە چارەسەری پرسی کورد نەگۆڕاوە

ئەحمەد ئۆیسال، سەرۆکی ناوەندی (ئۆرسام) کە ناوەندێکی لێکۆڵینەوەیە لە تورکیا، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) دەڵێت پرۆسەی چارەسەری پرسی کورد لە تورکیا دەستپێدەکاتەوە، بەڵام ئەمجارەیان پەکەکە بە موخاتەب وەرناگیرێ، چونکە پێشتر تاقیکراوەتەوە. سەبارەت بە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیاش دەڵێت پەیوەندییەکان ئاسایی دەبنەوە و لە جاران بەهێزتریش دەبنەوە. دەقی ئەم هەڤپەیڤینە ئەمشەو دووشەممە کاژێر 22:05 خولەک لە تەلەڤزیۆنی (رووداو) پەخش دەکرێ.

هەڤپەیڤین: سیما ئابخزر
رووداو- هەولێر



ئاکەپە درێژە بە هاوپەیمانێتی لەگەڵ مەهەپە نادات

بە لاوازبوونی پەکەکە دەرفەتی چارەسەری پرسی کورد زیاتر دەبێ

ئاکەپە ناچێتە ژێر باڵی مەهەپە

پەیوەندیی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان زۆر بە گەرمی دەستپێدەکاتەوە

**رووداو: سیستمی سەرۆکایەتی چیی نوێ بۆ تورکیا و وڵاتانی دەوروبەری دێنێ؟**

**ئەحمەد ئۆیسال:** بۆ باسکردنی ئەم پرسە، پێویستە ئاوڕ لە مێژووی تورکیا پێش و پاش ئاکپارتی بدەینەوە. بەر لە هاتنی ئاکپارتی، تورکیایەکی لاواز لەڕووی سیاسەت و ئابووری هەبوو. هەژموونی سەربازیی زۆر باڵا بوو بەسەر سیاسەتڤانان لە تورکیا و بەردەوام قەیرانی ناوخۆیی و دەرەکییان دروست دەکرد. ئەمانە هەمووی کۆتاییان هات. دوای هاتنی ئاکپارتی بۆ دەسەڵات، تورکیا کرانەوەیەکی خێرای دیپلۆماسی و سیاسی و ئابووری بەخۆوەبینی. هەروەها لەڕووی ئابووری و کولتووریشەوە هەنگاوی زۆر مەزن نران. لە سەردەمی نوێدا، ئەو تایبەتمەندییانە زیاتر دەبن. گەلی تورکیا پێشوازییەکی زۆری لەم سیستەمە کرد و دەنگی پێدا. لە بەرامبەردا پارتەکانی ئۆپۆزیسیۆن پێداگرییان لەسەر سیستەمی کۆنی وڵات دەکرد. پێموایە ئەو سیاسەتە کارایەی ئاکپارتی لە سیاسەتی دەرەوە و مامەڵەی باش لەگەڵ دراوسێیەکان و کرانەوەی بەڕووی کۆمەڵگەکانی دیکە رەنگدانەوەی ئەرێنی هەبوو، هەر بەمشێوەیەش بەردەوام دەبێت.

**رووداو: لە نێوخۆی تورکیا ترسێک لە سیستەمە تازەکە هەیە کە مەسەلەی دیموکراسی بەرەو پاش بچێ، هەموو دەوروبەری تورکیاش دەڵێن بەو پێیەی دەسەڵاتی سەرۆک زۆر دەبن، زیان لە دیموکراسی دەدات..**

**ئەحمەد ئۆیسال:** نەخێر زیان بەدیموکراسی ناگەیەنێ. من خۆم پرۆفیسۆرم لە بواری سیاسەت و کۆمەڵناسیدا. ئەگەر دەسەڵات بەهێز بێت کێشە سەرهەڵنادات. بوون و نەبوونی شەرعیەتی دەسەڵات کێشەیە بۆ کۆمەڵگا. واتا دەسەڵات لە گەل وەردەگیرێت یان وەرناگیرێت. لە رێگەی شەرعییەوە هەڵبژێردراوە یان بەزۆرەملێ خۆی سەپاندووە، گەل پشتیوانی دەکات یان دژایەتی دەکات؟ بۆ نموونە هەموو عێراقییەک دەیزانی ئەگەر لە وڵاتەکەیدا هەڵبژاردنێکی شەفاف و بێگەرد بکرایە، سەددام حوسێن 10%ی دەنگەکانی نەدەهێنا، کەچی دەیان ساڵ جڵەوی دەسەڵاتی عێراقی گرتەدەست. بەڵام ئەردۆغان زیاتر لە 50%ی دەنگەکانی هێنا و پشتیوانی کۆمەڵگەی تورکیای بەدەستهێنا. ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە پاشڤەچوون لە دیموکراسییەتی تورکیا رووی نەداوە، بەپێچەوانەوە خەڵک بەشێوەیەکی راستەوخۆ نوێنەر و دەسەڵاتی هەڵبژارد. ئەمەش سیستەمێکی پەسەندکراوە. چونکە لە سیستەمی پەرلەمانیدا، گەل نوێنەرانی خۆی بۆ پەرلەمان هەڵدەبژێرێت و ئەوانیش سەرۆک دەستنیشان دەکەن. لەم نێوەندەدا، یەکلاکردنەوەی سیاسی و تۆڵەسەندنەوە و هەندێک حیسابی دیکەی سیاسی دەکرێت و رایەڵەکە تێکدەچێت. هەندێکجاریش دەکەوێتە ژێر کاریگەری لۆبییەکان و گوشاری جیاجیای دەرەکی، لە عێراقیش بەڕوونی ئەمە دەبینرێت. هەم خەڵکی هەرێم، هەم عێراقییەکانیش درکی ئەم پرسە دەکەن. کەسێک بە 20%ی دەنگەکان سەرۆک یان سەرۆکوەزیران یان سەرۆکی پەرلەمان دەبێت.

**رووداو: لە ناوچە کوردییەکان کورسییەکانی ئاکپارتی لە کورسییەکانی هەدەپە زیاتر بوون، ئاکپارتی چۆن دەخوازێ پرسی کورد چارەسەر بکات؟**

**ئەحمەد ئۆیسال:** لە سەردەمی دەسەڵاتی ئاکپارتیدا هەنگاوی زۆر مەزن نران بۆ چارەسەری پرسی کورد، لە کاتێکدا پێشتر نکۆڵی لە وجودی کورد دەکرا. مۆدێلی ئاکپارتی مۆدێلی چاکسازییە و لەسەر بنچینەی چاکسازی، سیستەمی دەوڵەت بەڕێوەدەبات. ئەم پرسە درێژەی دەبێت و پێموایە کێشە مەزنەکان کۆتاییان هات لەبارەی پرسی کورد بەشێوەیەکی دیموکراسی. کێشەی زۆر گەورە لە تورکیا هەبوون کە رەنگدانەوەیان لەسەر کوردیش هەبوو. بۆ نموونە سنووردارکردنی ئاینی کە بەشێکی زۆری کورد موحافیزکارن. چونکە نکۆڵی لە بوونیان دەکرا و هەروەها رێگەیان نەدەدا ئەرکی ئاینی خۆیان بەئازادی جێبەجێ بکەن. پێموایە دوای ئەم هەڵبژاردنە، کورد زیاتر دەحەسێنەوە و کێشەکانیان چارەسەر دەکرێت.

**رووداو: بەڵام ئەردۆغان لە کەمپینەکانی هەڵبژاردندا گوتی ئیدی شتێک بەناوی پرسی کورد نەماوە، ئەمە نیشانی دەدات کە هەڵوێستی ئەردۆغان بەرامبەر چارەسەری پرسی کورد گۆڕاوە؟**

**ئەحمەد ئۆیسال:** نەخێر، ئەردۆغان سیاسەتڤانێکە گوێ بەداخوازییەکانی کۆمەڵگا دەدات و هەوڵی نزیکبوونەوەی زیاتر دەدات. ئەمەش هۆکاری سەرکەوتنی بوو. هەر کاتێک لە شوێنێکی دیاریکراودا، داواکاری خەڵک هەبوایە تەنانەت ئەگەر

چیدی پەکەکە بە "موخاتەب" وەرناگیرێ

پرۆژەی ئۆپۆزسیۆنیش بووایە، بیزانیایە سوودی بۆ کۆمەڵگا دەبێت، جێبەجێی دەکرد. ئەمەش هۆکارێکی دیکە بوو کە بەردەوام هەنگاوێک لە پێش ئۆپۆزیسیۆن بوو. پێموایە ئەردۆغان سوپاس و ستایشی کوردیش دەکات بەهۆی پشتیوانیکردنیان بۆ دووبارە وەرگرتنەوەی دەسەڵات. هەرگیز پێموانییە ئەردۆغان داواکاری کۆمەڵگا پشتگوێ بخات، بۆیە پێموایە پرسی کورد درێژەی پێدەدرێت و کاریشی لەسەر دەکرێ. ئەرۆدغان چاوەڕێی هەڵبژاردنەکانی ئاداری 2019 دەکات. لەوانەیە لەگەڵ مەهەپە درێژە بەهاوپەیمانێتی بدات یان لەگەڵ لایەنی دیکە بچێتە هەڵبژاردنەوە و نایەوێت خۆی بخاتە دۆخێکی شەرمەزارانەوە، چونکە لە هەڵبژاردنەکانی نێوخۆییدا بەگشتی دەنگی دەسەڵات کەم دەکات. ئەگەر دەنگی ئاکپارتی لە 40% کەمتر بێت و شارەوانییەکی زۆر لەدەستبدات، ئەوسا گومان لە رەوایی و شەرعیەتی دەکرێ. بەدڵنیاییەوە نایەوێت خۆی بخاتە ئەم تەنگوچەڵەمەیە و لەوانەیە هاوپەیمانی لەگەڵ مەهەپە بۆ پارێزگاکانی رۆژئاوا بێت، لە ناوچە کوردییەکاندا بەتەنیا بچێتە هەڵبژاردنەکانەوە. بۆیە پێموانییە دەنگی ئاکپارتی لە رۆژهەڵات و باشوور کەمبکرێتەوە و رێگەش بەوە نادات هزری نەتەوەپەرستی لەم شوێنانەدا سەرهەڵبدات. هاوکار دەبێت لە سەپاندنی کەشێکی دیموکراسییانە. بۆ چارەسەرکردنی پرسی کوردیش، پێموایە ئەسپی بەرەنگاربوونەوەی پەکەکە زیاتر تاو دەدرێت، چونکە پەکەکە بەناوی کوردەوە چەواشەکاری دەکات. مەبەستم ئەوەیە، بەلاوازبوونی پەکەکە، دەرفەتی زیاتر دەڕەخسێ، بۆ درێژەپێدان بەچارەسەرکردنی پرسی کورد.

**رووداو: ئەگەر پرۆسەی چارەسەری پرسی کورد دەستپێبکاتەوە، ئەمجارە موخاتەبی ئاکپارتی بۆ ئەو پرسە کێ دەبێ؟ هەدەپە، پەکەکە، یان پەرلەمانتارانی کورد؟**

**ئەحمەد ئۆیسال:** پرۆسەی چارەسەری، بەدانیشتن و گفتوگۆ لەگەڵ پەکەکە شکستی هێنا. پەکەکە هەڵە بوو. عەبدوڵڵا ئۆجەلان داوای دەستبەرداربوونی چەک و کشانەوەی گەریلاکانی کرد لە تورکیا، بەڵام پەکەکە وەک چۆن دەستبەرداری چەکەکەیان نەبوون، چەکی زیاتریان خستە نێو شار و شارۆچکەکان و شەڕی خەندەقیان تاقیکردەوە، دواتر شکستیان هێنا، چونکە گەلی کورد پشتیوانیان نەبوون. ناشزانم پرسی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوات، بەڵام پێموانییە چیدی پەکەکە بە "موخاتەب" وەربگیرێت. ئەم پرسە بەردەوام دەبێت. لەوانەیە چەند کەسایەتییەکی دیاریکراوی نێو هەدەپە یان کەسایەتی کۆمەڵایەتی و نوێنەرانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ ئەم مەبەستە قسەیان لەگەڵ بکرێ، بەڵام تاوەکو ئێستا بەشێوەیەکی فەرمی رانەگەیێندراوە.

**رووداو: ئۆپەراسیۆنی قەندیل بەردەوام دەبێ؟**

**ئەحمەد ئۆیسال:** ئۆپەراسیۆنی قەندیل بەردەوام دەبێت. پێموایە قەندیل زۆر گرنگە و ئیدی پەکەکە گۆشەگیر دەکرێ.

**رووداو: بە گرتنی قەندیل پەکەکە لەنێودەچێ؟**

**ئەحمەد ئۆیسال:** کاتێک قەندیل کۆنترۆڵ دەکرێت و پاکدەکرێتەوە، پەکەکە هیچ بنکەیەکی سەرەکی نامێنێ هەڕەشە لە تورکیا بکات، لەوانەیە لە قۆناغی داهاتوودا پەکەکە لە کێشەیەکی ناوخۆدا بەشێوەیەکی فراوان کۆتایی بێت، رەنگە ئەوکات لە دەرەوە ببێتە کێشە بۆ ئێوە. هەرکەس باخچەی خۆی پاک بکاتەوە، هەموو ماڵەکە پاک دەبێتەوە، بۆیە تورکیا لەناوخۆدا سەرقاڵی پاککردنەوەیانە و سوورە لەسەر ئەوەی ریشەکێشیان بکات. لەوانەیە پرسیار بکەیت، بۆچی پێشتر بەمشێوەیە بەرەنگاری پەکەکە نەدەبوونەوە، منیش دەڵێم، بەداخەوە لەناوەوە گولەنییەکان، گرووپێکی فەرماندە سەربازییەکانی سوپا نەیاندەویست ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت و بەجدی بەرەنگاری پەکەکە نەدەبوونەوە. ئیرادەی سیاسی هەبوو، بەڵام دەبوو هێزە چەکدارەکان بەشێوەیەکی کارا رووبەڕوویان ببنەوە، بەڵام ئەو بوێرییەیان نیشان نەدەدا، بۆیە پەکەکە زیانی زۆر گەورەی هەم بەکورد هەم بەتورک گەیاند. باشترین نموونەش هەوڵی ئەنجامدانی کودەتای سەربازی بوو کە شەوی کودەتاکە، ئەو تیمە سەربازییە تایبەتەی تیمی کۆماندۆ بوون، لەبری ئەوەی رووبەڕووی پەکەکە ببنەوە، کەچی

ئۆپەراسیۆنی قەندیل بەردەوام دەبێت

سەرجەمیان گولەنی دەرچوون و لە ئیزمیر هەوڵی کوشتنی سەرۆککۆمارەیان دا. بێگومان ئەمانە بە بەڵگەی سەلمێنراو تۆمارکراون و هەموویان دانیان بەوەدا ناوە کە جددی نەبوون لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و پەکەکە و سەرقاڵی کاری دیکە بوون.

**رووداو: بۆچی تورکیا نایەوێ مەسەلەی پەکەکە، وەکو نموونەی ئێرلەندای باکوور چارەسەر بکات؟**

**ئەحمەد ئۆیسال:** رۆژئاواییەکان پشتیوانیی زۆر جددییان بۆ ئێرلەندا دەربڕی بۆ ئەوەی کێشەکەی چارەسەر بکات، بەڵام بەداخەوە هەم وڵاتە هەرێمییەکان و هەم وڵاتە رۆژئاواییەکانیش بۆ لاوازکردنی تورکیا پشتی پەکەکەیان گرت. هەر ئەوانەش هۆکار بوون بۆ ئەوەی پرسی کورد ئاڵۆزتر بێت و چارەسەر نەبێت. هەدەپەش بەشێکە لەم رووداوە کە لە رووی سیاسییەوە هەوڵەکانی چرکردەوە بۆ ئەوەی چاکسازی بکات، بەڵام باڵی چەکداری توندئاژۆ رێگربوو دەست بە چاکسازی بکات. کاتێک دەمیرتاش نیازی چاکسازی هەبوو، لە هەڵبژاردنی پێشووی سەرۆکایەتی کۆماردا 13%ی دەنگەکانی هێنا، بەڵام ئەمجارەیان 8%ی دەنگەکانی

دەمیرتاش وەکو گوتەبێژی پەکەکە مامەڵەی دەکرد

هێنا. ئەمەش بەواتای ئەوە دێت کە کورد خوازیاری چارەسەرکردنی کێشەکەیەتی لە رێگەی دیموکراسی و سیستەماتیکەوە، بەداخەوە هەدەپە و پەکەکە ئەم دەرفەتەیان نەقۆستەوە و لەدەستیاندا. دەمیرتاشیش پشتیوانی لە شێوازی توندئاژۆیی چەکداری کرد و وەک گوتەبێژی پەکەکە مامەڵەی لەگەڵ سیاسەتی دەوڵەتدا دەکرد. راستە هەدەپە لە سەرەتاوە ویستی چاکسازی لەمبارەیەوە بکات، بەڵام پەکەکە رێگری لێکرد و لە بەرامبەریشدا هەدەپە رەخنەی نەگرت و گوێڕایەڵی بوو. دەیتوانی رەتیبکاتەوە چونکە پشتیوانییەکی زۆری کۆمەڵگای کوردی لەپشت بوو، بەڵام نەیکرد. بۆیە مۆدێلی ئێرلەندا دووبارە نەبووەوە، تورکیاش بۆ ئەوەی خواستە دیموکراسییەکەی گەلی کورد جێبەجێ بکات، لەگەڵ کەسایەتییەکان و ئەو لایەنانەی باوەڕیان بەدیموکراسی و ئاشتەوایی هەیە، دەستبەکار دەبێت. پێویستە لەمە باش تێبگەن کە ئەردۆغان بەهیچ شێوەیەک لە گەلی کورد زویر نابێت. لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووشدا، بەبێ دەنگی کورد ئەردۆغان هەرگیز سەرناکەوێت و ناشتوانرێت ئەوە بگوترێت کە ئاکپارتی ئیدی لەگەڵ مەهەپە دەستیان خستووەتە نێو دەستی یەکدی و باڵی نەتەوەپەرست لەمەودوا زاڵ دەبێت. بەتایبەتی ئەم بۆچوونە لای کوردی باکووری عێراق هەیە و ئێمەش ئاگادارین، بەڵام ئەمە دوورە لە راستی. لەوانەیە ئەردۆغان دوای هەڵبژاردنە نێوخۆییەکان، کۆتایی بەم رێککەوتنە سیاسییە بهێنێ، بۆیە دووپاتی دەکەمەوە، ئەردۆغان هەرگیز زویر نابێت لە گەلی کورد و پشتییان تێناکات، چونکە دەنگی پێدەدەن و ناچاریشە هاموشۆیان بکات و پەیوەندییەکانی باش بکات لەگەڵیان.

**رووداو: کورد ترسی لەوە هەیە ئاکپارتی کە هاوپەیمانێتی لەگەڵ مەهەپەدا هەیە، مەهەپە نەهێڵێت هەنگاو بۆ چارەسەری پرسی کورد بنێ؟**

**ئەحمەد ئۆیسال:** نەخێر، ئاکپارتی ناچێتە ژێر باڵی مەهەپە، چونکە ئەردۆغان خۆی بەهێزە و تەنیا دەنگی ئەردۆغان زیاترە لە 52%ی کۆی دەنگەکان و سەرباری ئەمەش، مەهەپە داوای هیچ پۆستێکی وەزارەتیشی نەکردووە، ئەمەش خۆیان رایانگەیاندووە. دەنگی ئاکپارتیش نزیکە لە نیوەی پەرلەمان کە پێویستی بە 301 کورسی هەیە، ئاکپارتی 295 کورسی هەیە، بەڵام کاتێک پرۆژەیەک بۆ کورد بێتە کایەوە ئیدی هەدەپە پشتیوانی دەکات یان پرۆژەیەک لەبارەی ئافرەتان بێنێتە رۆژەڤەوە، پارتەکانی دیکە پشتگیری دەکەن. ئەگەر پرسێکی تایبەت بەمیللەت بێت، بێگومان لایەنەکانی دیکەش پشتیوانی دەبن. واتە لێرەدا مەهەپە ئەو هێزەی نابێت بۆ ئەوەی هەژموونی خۆی بەسەر ئاکپارتیدا بسەپێنێ.

**رووداو: کاتێک لە 2015 باسی گشتپرسی لە باشووری کوردستان کرا، تورکیا بێلایەنی خۆی نیشاندا و گوتی ئەوە پرسێکی نێوخۆییە، بەڵام 2018 کە گشتپرسی بووە جددی، هەڵوێستی تورکیا گۆڕا، بۆچی هەڵوێستی گۆڕا؟**

**ئەحمەد ئۆیسال:** تورکیا لە نزیکەوە ئاگاداری نەهامەتییەکانی کوردی باکووری عێراقە. لە نزیکەوە ئاگاداری پێشهاتەکانی کوردستانە و هیچ لارییەکی نەبووە لە پێشکەوتن و بووژانەوەی کوردستان لە رووی ئابووری و دارایی. هەر بەپشتیوانی تورکیا ئەم ناوچەیە ئاوەدانی بەخۆیەوە بینی و جیاواز بوو لەگەڵ هەموو شارەکان و ناوچەکانی دیکەی عێراق. تەنانەت لە سیمینارێکدا لە بەغدا راشکاوانە دەیانگوت عێراق لەگەڵ وڵاتێک کاری کرد زیانی لێدا، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا کاری کرد و سەرکەوت و بووە نموونەیەکی جوان لە ناوچەکەدا. بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە تورکیا رازی بێت بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، چونکە ئەم دەوڵەتە هەڕەشەیەک دەبێت بۆ تورکیا. رێگە خۆشدەکات بۆ پارچەپارچەکردنی. بۆیە تورکیا رەخنەی گرت و مافی رەخنەگرتنیشی هەیە. دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی کاریگەری لەسەر هەموو کورد و ناوچە کوردییەکانیش دەبوو. تەنانەت لەم پرسەیەدا راوێژ بەتورکیاش نەکرا. تورکیا بیری لەوە

ئەردۆغان بەبێ دەنگی کورد لە هیچ هەڵبژاردنێک دەرناچێ

دەکردەوە کورد ئەم کارتە وەک تاکتیکێکی سیاسی بەکاردەهێنن و قەت لەو باوەڕەدا نەبوو هێندە جددی بن، بۆیە راشکاوانە رووبەڕووی بووەوە. کاتێک دژی وەستا، بۆ ئەوە نەبوو دژایەتی خۆشگوزەرانی و گەشەپێدانی کورد بکات، بۆ ئەوە دژی وەستا، چونکە هاوسەنگی لە ناوچەکەدا دەگۆڕی. لەگەڵ راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی، تورکیا دەزانێت کە دەسەڵاتێک ئەم ناوچەیەی بەڕێوەنەدەبرد دژایەتی تورکیا بکات، ئێمە سەرکردایەتی هەرێم باش دەناسین، بەڵام بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، پەکەکە بەهێز دەبوو. یان خراپترین شیمانە، تاقمێک دەهاتنە سەر دەسەڵات رق و کینەیان دژ بەتورکیا دەبوو، ئیدی لە وڵاتێکی دۆستەوە، وڵاتێکی نەیار سەریهەڵدەدا، کێشەیەکی نوێش رووی دەکردە ناوچەکە. دەکرا راوێژ بەتورکیا بکرێ، بەتایبەتی بەهۆی کات و ساتەکەشییەوە یان بەهۆی مەرجە نێودەوڵەتییەکان کە دەکرا بقۆزرێتەوە بۆ کارتێکی گوشار دژ بە دەسەڵاتدارانی بەغدا، ئەوسا بەڕاوێژکردن بەتورکیا، حکومەتی هەرێم دەستی بەهێزتر دەبوو.

دواتریش دەوڵەتێکی کوردی دادەمەزرا کە توانای پەیداکردنی پارووە نانێکی نەدەبوو. دەبووە سەرچاوەی نائارامی. لەوانەیە تورکیا ئەمانەی بینیبێ، بۆیە ئەم هەنگاوەی نا. بۆ تورکیا سەخت بوو پشتیوانی لە کورد بکات کە ئەمەشی بکردایە کێشەی گەورە لە نێوان کورد و تورک سەریهەڵدەدا، ئەمە لەڕووی هەڵبژاردنەکانیشەوە کاریگەری دەبوو. کورد تەنیا دەنگی بە کورد دەدا و تورکیش بەهەمانشێوە دەنگی تەنیا بۆ تورک دەبوو. هەدەپە دەنگی 20%ی دەبوو، لە بەرامبەردا مەهەپە 30%ی دەنگەکانی دەهێنا، ئەمەش زیانێکی گەورەی بە ئاکپارتی دەگەیاند و دۆڕاوی هەڵبژاردنەکان دەبوو.

**رووداو: پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق، بە تایبەتی پێگەی کورد و سوننە لەو حکومەتەدا چۆن دەبینن؟**

**ئەحمەد ئۆیسال:** پێموایە ئەمجارە سوننەکان لە دۆخێکدان هەماهەنگی زیاتر دەکەن. ئەمەش بۆ دژایەتیکردنی شیعەکان نییە، چونکە ئێران کاریگەری بەسەر بەشێکی زۆری شیعەکاندا هەیە. دانوستاندن لەنێوان کورد و عەرەب لاوازە و تاوەکو ئێستاش هەستی دژایەتی کورد لە بەرامبەر عەرەب بەهۆی تاوانەکانی سەددامەوە ماوە و بەردەوامیشە. پێویستە کورد لە خەیاڵی خۆیاندا سەردەمی سەددام لەیاد بکەن، کاتی هاتووە لەگەڵ سوننە کاربکەن. سەرەتا کە گوشار خرایە سەر سوننە، کورد بێدەنگیی هەڵبژارد و دواتر کە کورد خرایە ژێر گوشار، سوننە بێدەنگ مانەوە. هەردووکیان هەڵەبوون و پێویستە ئەمە چاک بکرێتەوە، پێویستە هەماهەنگی زیاتر و کاری پێکەوەیی زیاتر لەنێوانیاندا هەبێ. چونکە ئێران کاریگەری زۆری لەسەر شیعەکان هەیە و سوننەکانیش بێخاوەنن، ئەگەر کورد خۆی لە سوننە نزیک بکاتەوە باشتر دەبێت و هاوسەنگیش دەپارێزن.

**رووداو: هەرێمی کوردستان دەیەوێ پەیوەندی لەگەڵ تورکیا بەهێز بکات، لە عێراقێکی عەرەبی شیعەدا بەهێزبوونی ئەو پەیوەندییە تا چەند گرنگە؟**

**ئەحمەد ئۆیسال:** پێموایە ئەو ناکۆکی و زویربوونە سیاسییەی بەهۆی ریفراندۆمەوە سەریهەڵدابوو، ئەم قۆناغە تێپەڕی و دەبینم کە ئیرادەیەکی بەهێز هەیە بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندییە دووبارە لەو شوێنەی وەستابوو، دەستپێبکاتەوە. بەڵام ئەمجارە زۆر بە گەرمی دەستپێدەکاتەوە. چونکە پێشهاتەکان و شەڕ و تەنگوچەڵەمەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە گۆڕانکاری لە هاوسەنگیی ناوچەکەدا دەکرێت و ئەمریکاش لە هەوڵی ئەوەدایە، ئەم هاوسەنگییە لە عێراقەوە بگۆڕێت بۆ ئەوەی زەمینە خۆش بکرێت، گۆڕانکاری لە ئێراندا بکات. سەرەتای ئەم گۆڕانکارییەش لە عێراق بەدی دەکرێت.

**رووداو: بۆچوونی تورکیا لەسەر هاتنی حەشدی شەعبی بۆ کەرکووک چییە، لە کاتێکدا وەک هێزێکی سەر بە سوپای پاسدارانی ئێران سەیری دەکرێ.**

**ئەحمەد ئۆیسال:** تورکیا حەشدی شەعبی بە پرۆژەیەکی تەندروست نازانێت، چونکە بەئیرادەیەکی دەرەکی بەڕێوەدەبردرێت. کاتێک تورکیا پشتیوانی لە تورکمانەکان دەکات، بەو شێوەیە ناکات دەست لەکاروباری ناوخۆی عێراق وەربدات. تورکیا هیچ کات هانی پێکهاتەیەک و لایەنێک نادات میلیشیای چەکداری هەبێ، یان بچنە نێو پێکهاتەیەکی چەکدارییەوە. بەڵام ئێران ئەم کارەی سەرەتا لە لوبنان کرد، دواتریش لە یەمەن، پاشان لە عێراق حەشدی شەعبی دامەزراند. ئێران هەم خۆی لە دەسەڵات نزیک دەکاتەوە هەم پێکهاتەیەکی چەکداریش دروست دەکات و چەواشەکاری لەنێوان هەردوولایەن دەکات بۆ ئەوەی بەتەواوەتی کۆنترۆڵی دۆخەکە بکات. تورکیا قایل نییە بەمشێوە بەڕێوەبردنە و لەو باوەڕەدایە فەرمان و ئیرادە دەبێ لەلایەن خودی عێراقییەکانەوە بێت. حەشدی شەعبی بۆ جێبەجێکردنی مەرامەکانی ئێران دامەزراوە، هەر فەرمانێکی پێ بکرێت جێبەجێی دەکات.



## ئێران هەشت ئەندامی داعش لە سێدارە دەدات

**ڕووداو- تاران**

بڕیاری لەسێدارەدانی هەشت ئەندامی داعش کە ساڵی رابردوو یارمەتی هێرشکارەکانی سەر پەرلەمان و ئارامگەی خومەینی-یان دابوو، جێبەجێکرا و بەیانی ڕۆژی 2018/7/7 لەسێدارەدران. ڕۆژی 2017/6/7 چەند چەکدارێک کە دەگوترا کورد بوون و ئەندامی داعشن هێرشیانکردەسەر پەرلەمانی ئێران و ئارامگەی ڕووحوڵڵا خومەینی ڕێبەری پێشوو و دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی ئێران. داعش ڕاستەوخۆ، تەنانەت پێش کۆتاییهاتنی هێرشەکان، بەرپرسیارییەتییەکەی گرتە ئەستۆ و گرتەی ڤیدیۆیی نێو پەرلەمانی ئێرانی بڵاوکردەوە. دادگای شۆڕشی ئیسلامی ئێران ڕایگەیاند، ئەو کەسانەی لەسێدارەدراون، پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ هێرشکارەکان بووە و لەگەڵ ئەوەشدا زانیویانە هێرشکارەکان بەنیازن ئەو کارانە بکەن، پشتیوانی ماددی-یان لێکردوون و چەکیان پێداون.

# داعش لە ناوەڕاستی عێراق خەریکە سەرهەڵدەداتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

هێشتا ساڵێک بەسەر ڕزگارکردنی هەموو ناوچەکانی عێراق لەژێر دەستی داعش تێنەپەڕیوە، بەڵام هۆزەکانی ڕۆژئاوای عێراق نیگەرانن لەوەی داعش جارێکی دیکە بگەڕێتەوە ناوچەکانیان. گەڕانەوەی خێرای ئەو گروپە ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی داعش لە دروستکردنی تۆڕی نهێنی لە قاعیدە سەرکەوتووتر بووە.

### کەمتر لە حەوت مانگ

"عێراقییە بەشەرەفەکان: وڵاتەکەتان بەتەواوەتی (لەدەستی داعش) ڕزگار کرا، خەونی ڕزگاری هاتەدی"، ئەمە بەشێک لە پەیامی حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق بوو لەبارەی سەرکەوتن بەسەر داعشدا. حەوت مانگ دوای ئەو ڕۆژە، حەمید کە ئەندامێکی هۆزی ئەلبونەمرە لە شارۆچکەی هیت-ی سەر بە پارێزگای ئەنبار، بە ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی (ئیندیپێندنت)ی بەریتانی دەڵێ: "زۆر دەترسین. شەوانە بە چەکەوە لە سەربان دەخەوین و چاوەڕێی هێرشی دووبارەی داعش دەکەین".

شارۆچکەکەی حەمید دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای شاری ڕومادی کە لە تشرینی یەکەمی 2014 کەوتە ژێر دەستی چەکدارانی داعش و بە لانیکەم 864 کەس لە ئەندامانی هۆزی ئەلبونەمری کوشت. چەند ڕۆژێک پێش هێرشەکانی ئەوکاتی داعش، خەڵکی ناوچەکە خەندەقیان بەدەوری شارەکەیاندا لێدابوو، بەڵام دواتر زانیان هەر ئەوەندە بەس نییە. وەکو مامۆستایەکی شارەکە بۆ ڕۆژنامە بەریتانییەکەی دەگێڕێتەوە "ئەوانەی نەیانتوانی ڕابکەن بە شێوازێکی دڕندانە کوژران، داعش دەستی لە ئاژەڵەکانیشمان نەدەپاراست". شارەکە لە نیسانی 2016 ڕزگار کرا.

هیت کە 90 هەزار دانیشتووی هەیە، لە نیسانی 2016 لەژێر دەستی چەکدارانی داعش دەرکرا. بەڵام دوو ساڵ دوای ڕزگارکردنی ئەو شارە، هێشتاش خەڵکانێکی زۆر لە شارەکە لایەنگری داعشن. بورهان خەلیل، ڕۆژنامەنووس لە هیت، بە (ئیندیپێندنت)ی ڕاگەیاند: "لە نێوان لایەنگران و

> شەوانە بە چەکەوە لە سەربان دەخەوین، چاوەڕێی هێرشی دووبارەی داعشین
>
> ئەندامی هۆزێکی عەرەب

دژبەرانی دەسەڵاتی داعشدا ناکۆکیی توند هەیە".

داعش لەکاتی هێرشەکانی چوار ساڵ لەمەوبەری خۆیدا ژمارەیەکی زۆر خانووی لە شارەکەدا تەقاندەوە، هۆکاری ئەمەش تەنیا ئەوە نەبوو ئەو خانووانە هی خەڵکانی لایەنگری حکومەتن، بەڵکو بۆ ئەوەش بوو ترس و دڵەڕاوکێ لەدڵی خەڵکی ناوچەکەدا دروستبکات. ئێستا هەر ئەو خانوو و موڵکانە هەوێنی ناکۆکی گەورەن لە ناوچەکە، لە کاتێکدا ئەو خەڵکەی خانووەکانیان تەقێنراوەتەوە لەناو خانووەکانی ئەو کەسانەدا دەژین کە دەستیان لەگەڵ داعشدا تێکەڵ کرد و دوای ڕزگارکردنی شارەکە ڕایانکرد.

وەک ڕاپۆرتەکە دەڵێت، لەسەر دیواری یەکێک لەو خانووانە نووسراوە: "ئەم خانووە هی تیرۆریستێکە کە ڕایکردووە" و ئێستا لەلایەن فوئاد و براکەی دەستی بەسەردا گیراوە. هەیسەم نەمر، برای فوئاد و ئەندامی هێزە ئەمنییەکانی عێراق، لەوبارەیەوە دەڵێ: "خانووەکەی خۆمان بەتەواوەتی وێرانکراوە، ئەوان زۆر پێش ئەوەی ئێمە بگەینە شارەکە ڕایانکردبوو، بۆیەش نازانن خانووەکە هی کێیە".

یەکێک لەو کێشە هەستیارانەی لە قۆناغی دوای ڕزگارکردنی ناوچەکان یەخەی حکومەتی عێراقی





گومان دەکرێت نزیکەی 10 هەزار چەکداری داعش لە عێراق و سووریا مابن

گرتووە مامەڵەکردنە لەگەڵ ئەو خێزانانەی منداڵیان ئەندامی داعشن، بەتایبەتیش لەو شار و ناوچانەی دانیشتووەکانیان بەسەر لایەنگر و دژبەری داعشدا دابەشبووە. حەمید بۆ ڕۆژنامە بەریتانییەکەی ئاشکرای کردووە کە دایک و باوکی چەکدارانی داعش خەریکن دەگەڕێنەوە ناوچەکە، پێشیوایە "بمانەوێ و نەمانەوێ ئەوان پشتی کوڕەکانی خۆیان دەگرن"، نەک خەڵکی ناوچەکە. حەمید تووڕەشە لەوەی خانووەیەک لە دوو برای وەرگیراوەتەوە و ڕادەستی خێزانێک کراوەتەوە کە گوماندەکرێ لایەنگری داعش بن. ئێستا دوو براکەی حەمید لە کەمپێکی ئاوارەکان لەژێر خێوەت دەژین.

خەڵکانێکی زۆر وەکو بورهان خەلیل پێیانوایە هەموو کەسێک لە پارێزگای ئەنبار قینیان لە داعشە و شەڕی ئەو ڕێکخراوە دەکەن، بەڵام کێشەکە ئەوەیە داعش و ڕێکخراوە هاوشێوەکانی هێندەی پشت بە قۆستنەوەی پشێوی و ئاڵۆزی دەبەستن، هێندە چاویان لە هاوسۆزی خەڵکی ناوچەکە نییە.

عەلی سوفان، بەڕێوەبەری ناوەندی سوفان بۆ لێکۆڵینەوە لە گروپە جیهادییەکان، لەمبارەیەوە بە (گاردیەن)ی بەریتانی دەڵێ "تیرۆریزم لەسەر پشێوی دەژی"، چونکە لەو پشێوییەدا ئەو بۆشاییە دروست دەبێ کە گروپە جیهادییەکان خۆیان دێن و پڕی دەکەنەوە.

عێراق و هاوپەیمانان لەڕووی سەربازییەوە شکستیان بە داعش هێناوە، بەڵام هەر ئەو سەرکەوتنە لایەکی عێراقی وێرانکردووە و زیاتر لە سێ ملیۆن سوننەی عێراقی بۆ ماوەیەکی نادیار لە ماڵ و حاڵی خۆی هەڵکەندووە.

جیا لەمە ئەوە یەکەمجار نییە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی سەرکەوتنی سەربازیی گەورە بەسەر ڕێکخراوێکی جیهادی وەکو داعشدا بەدەست بهێنن، بەڵام ئەزموونی 17 ساڵی ڕابردووی شەڕی تیرۆر ئەو ڕاستییەی دەرخستووە کە هاوپەیمانان نەیانتوانیوە ئەو سەرکەوتنە سەربازییە تەرجەمەی سەر سەرکەوتنێکی سیاسی وەها بکەن کە ڕێگری لە سەرهەڵدانەوەی ڕێکخراوە جیهادییەکان بکات.

سوفان کە ساڵانێک لە (FBI) کاری کردووە کۆی شکستی هاوپەیمانان لە شەڕی دژی تیرۆر بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە "ڕۆژئاوا هیچ ستراتیژێکی نییە. ڕۆئیای ستراتیژیی ئێمە یەکجار سنووردارە"، دەشڵێت "داعش تەواو نەبووە، بەڵکو لە شێوەیەکی جیاوازدا دەردەکەوێتەوە".

دۆخی ئەمنی ئێستای ڕێگای سەرەکیی نێوان بەغدا و کەرکووک ئەو بۆچوونەی سوفان پشتڕاست دەکەنەوە. بەرپرسێکی باڵای حکومەتی عێراق بە (ئیندیپێندنت)ی ڕاگەیاندووە خۆکوژەکانی داعش هەوڵدەدەن لە ناوچەکانی نزیک سنووری سووریاوە بگەنە بەغدا "بەڵام تاوەکو ئێستا سەرکەوتوو نەبوون". بەرپرسانی پارێزگای سەلاحەدین، هۆشداری دەدەن ئەگەر هێزە ئەمنییەکان لەبری قاچاخی سووتەمەنی و وەرگرتنی بەرتیل لە خاڵەکانی پشکنین، خەمێک لە ئاسایشی پارێزگاکە و شاری تکریت نەخۆن، ئەوە دۆخێکی کارەساتبار بەڕێوەیە.

گوماندەکرێ نزیکەی 10 هەزار چەکداری داعش لە عێراق و سووریا مابن. لە ساڵی 2011 کاتێک ئەمریکا هێزەکانی خۆی لە عێراق کشاندەوە، ڕێکخراوی قاعیدەی عێراق (کە بە دەوڵەتی ئیسلامی عێراق یان داع ناسرابوو) نزیکەی 1000 چەکداری هەبوو. چەکدارانی داعش زیاتر لە سێ ساڵیان پێویست بوو بۆ ئەوەی ڕیزەکانی خۆیان کۆبکەنەوە و لە 2014دا دەست بەسەر 30%ی خاکی عێراقدا بگرن و لە بەغدا نزیک ببنەوە.

### هۆکارەکانی سەرهەڵدانەوەی داعش

سەرهەڵدانەوەی داعش لە پارێزگاکانی ناوەڕاستی عێراق و پارێزگای دێرەزۆر لە ڕۆژهەڵاتی سووریا کۆمەڵێک دینامۆی نێوخۆیی و ناوچەیی لە پشتە، لەوانەش زیندووبوونی ئەبوبەکر بەغدادی، سەرکردەی ڕێکخراوەکە، وجوودی هێزەکانی زۆرینە شیعەی حەشدی شەعبی لەناوچە ئازادکراوەکانی عێراق و ناکۆکییەکانیان لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە، تێکچوونی هاوئاهەنگی نێوان هێزەکانی عێراق و هێزەکانی پێشمەرگە لەدوای گشتپرسییەکەی ئەیلول و هێرشەکانی ئۆکتۆبەری هێزە عێراقییەکان بۆ سەر ناوچە جێناکۆکەکان، هێرشەکانی عەفرین و هەڵگەڕانەوەی چارەنووسی مەنبج لە قازانجی هێزەکانی نزیک لە تورکیا کە وایکردووە هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) بەو گەڕموگوڕییەی جاران شەڕی داعش نەکەن.

# خەڵکی مووسڵ لە پۆلیسی داعش ڕازی بوون

**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژێکی ساڵی 2016، چەکدارێکی داعش بە تەنیشت دوکانەکەی زیاد عیماد خەڵەفدا لە باکووری مووسڵ تێپەڕی، دەستی لەسەر مریشکێک دانا و داوای کرد ئەو مریشکەی بۆ سەربڕن. پاش ئامادەکردنی مریشکەکە، زیاد داوای 8000 دیناری کرد، چەکدارەکە تەنیا 4000 هەزار دیناری پێبوو، بەڵێنی دا ڕۆژی دواتر بەشەکەی دیکەی پارەکەی بۆ بهێنێ. چەکدارەکە درۆی کرد، بەڵام چیرۆکی زیاد و سەتان دانیشتووی دیکەی مووسڵ کە فایلەکانیان لە پۆلیسی داعش دەست ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی کەوتووە، دەریدەخات داعش چۆن متمانەی خەڵکی شارەکەی بەدەستهێناوە.

هەفتەیەک دوای ئەو ڕۆژە، زیاد سکاڵایەکی لەلای پۆلیسی داعش لەدژی چەکدارەکە تۆمار کرد و بۆ ڕۆژی دواتر چەکدارەکە قەرزەکەی دایەوە. عەلوش، برای زیاد، دەزانێ پێش هێرشی 2014ی داعش ئەو جۆرە تاوانانە لە شارەکەدا ون دەبوون، "ئەگەر کەیسەکە گەورەش بووایە، دەبوو کەسەکە واسیتەی هەبێ". بۆیەش عەلوش پێیوایە "داعش باشتر لە حکومەت دادپەروەری جێبەجێ دەکرد".

لەکاتی گرتنەوەی شار و شارۆچکەکانی پارێزگای نەینەوا، هێزە ئەمنییەکانی عێراق 400 فایلی بنکەیەکی پۆلیسی داعشیان دایە (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی، کە زۆربەیان فایلی کێشەی بچووکن. ناوەڕۆکی فایلەکان لەلایەکەوە دەریدەخات داعش چەند بە جدی هەوڵیداوە خۆی تێکەڵ بە کێشە ڕۆژانەییە بچووکەکانی خەڵک بکات، لەلایەکی دیکەشەوە ئاماژەیەکی ڕوونن بۆ ئەوەی خەڵکێکی زۆری ئەو ناوچەیە متمانەیان بە داعش هەبووە کێشەکانیان بۆ یەکلابکاتەوە کە یەکێکیان کێشەکەی نێوان زیاد و چەکدارەکەی داعش بووە.

ژمارەی فایلەکەی زیاد 329 بووە و ڕێکەوتی 2016/1/22ی لەسەرە و کاژێر 10ی بەیانی لەلایەن بەرپرسێکی پۆلیسی داعشەوە واژۆ کراوە و تێیدا هاتووە "زیاد عیماد خەلەف سکاڵای لە دژی بارق هەیە، لەسەر ئەوەی 4000 دیناری پێ قەرزدارە و نایداتەوە".





داعش بە سەرکوت خەڵکی ژێر دەسەڵاتی خۆی گەیاندبووە ئەو قەناعەتەی دەبێ گوێڕایەڵی سیستەمە دادوەرییەکەی بن

بە گوتەی زیاد، بەرپرسەکەی داعش نامەیەکی ئاگادارکردنەوەشی نووسی کە تێیدا هۆشداری دایە بارق ئەگەر سەردانی بنکەکە نەکات، سزای سەخت وەردەگرێ، دواتریش بە چەکدارێکدا نامەی ئاگادارکردنەوەکەی ڕەوانەی ماڵی چەکدارە تۆمەتبارەکە کرد. بۆ ڕۆژی دواتر چەکدارەکە سەردانی بنکەکە دەکات و هەر لەوێ پارەکەی زیاد دەداتەوە کە ئەمەشیان لەسەر کاغەز تۆمار کراوە. کۆی بەڵگەکانی ئەم کەیسە لەڕۆژی یەکەمەوە تاوەکو دوایین ڕۆژی چارەسەربوونی کێشەکە، لە ئەرشیفی بنکەکەدا هەڵگیرابوون".

لەناو ئەو فایلانەی دەست ڕۆژنامە ئەمریکییەکە کەوتووە سکاڵا و کێشەی سەیریان تێدایە. شەڕی نێوان منداڵانی گەڕەک، شەڕە جنێوی نێوان دوو کەس، شەڕی نێوان دوو کەس، ڕفاندنی جزدانی ئافرەتێک لە بازاڕ. زۆربەی ئەوانەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی قسەی لەگەڵ کردوون، دان بە دڕندەیی داعشدا دەنێن، بەڵام دەشڵێن پۆلیسی داعش لە پاراستنی نەزمی شارەکەدا سەرکەوتوو بووە.

لە یەکێک لە فایلەکانی بنکەی پۆلیسی داعش لە تلکێف کەیسێک هەیە کە باسی کێشەی سێ شوان لەگەڵ جووتیارێک دەکات. بە گوێرەی فایلەکە کە ژمارە 393ی لەسەرە، سێ شوانەکە لە جووتیارەکەیان داوە. پۆلیسی داعش لەو حاڵەتانەدا داوای لە تۆمەتبارەکان کردووە داوای لێبوردن لە خاوەن سکاڵاکە بکەن و بەڵێن بدەن تاوانەکە دووبارە نەکەنەوە. لە فایلی 393دا هەر سێ شوانەکە نووسراوێکیان واژۆ کردووە کە تێیدا هاتووە "من هێرش ناکەمە سەر برای موسڵمانی خۆم ئەحمەد محەممەد قادر و جنێوی پێنادەم، ڕێگەش نادەم مەڕەکانم بچنە ناو زەوییەکەوە کە هی موسڵمانان بێ".

### بەدەستهێنانی دڵی خەڵکی مووسڵ

هەرچەند داعش بۆ گرتنی شارەکان پەنا بۆ دروستکردنی ناکۆکی و بەکارهێنانی توندوتیژی دەبرد، بەڵام دوای داگیرکردنی ناوچەکان میکانیزمی دیکەی بۆ بەدەستهێنانی دڵی خەڵکی شارەکە بەکاردەهێنا، یەکێک لەو میکانیزمانەش گوێگرتن بۆ سکاڵا و داواکارییەکانی خەڵکی ناوچەکە بووە. ئەمیرێکی داعش کە ئێستا لە گرتووخانەیەکی عێراقە ئەمە پشتڕاست دەکاتەوە و باس لەوە دەکات چۆن لێکۆڵینەوەی جیدییان لەسەر کەیسی قەرزێک دەکرد کە هەموو پارەکە نەدەگەیشتە پێنج دۆلار.

ئەمیرەکە لەوبارەیەوە بە (نیویۆرک تایمز) دەڵێ: "ئێمە دەمانزانی ئەگەر دادپەروەری پێشکەش بە خەڵک بکەین، ئەوە دەتوانین دڵی خەڵکیش بەدەست بهێنین". لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەو دەنگۆیەشدا کە داعش حەقی خەڵک وەردەگرێتەوە، ژمارەیەکی زۆری دانیشتووانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش سکاڵاکانی خۆیان ئاراستەی پۆلیسی داعش کرد. لەناو سکاڵاکاندا فایلی تێدایە بۆ کێشەی قەرزێک بە بەهای 119 دۆلار، قەرزەکە بۆ ساڵی 2010 دەگەڕێتەوە، واتە چوار ساڵ پێش ئەوەی داعش دەست بەسەر ئەوێدا بگرێ.

ئەحمەد ڕەمزی سەلیم، دوکاندارێکی تەمەن 26 ساڵ لە تلکێف، لە سەردەمی دەسەڵاتی داعشدا سێ جار سکاڵای لەدژی ئەو کڕیارانەی تۆمار کردبوو کە ئامادە نەبوون قەرزکەیان بدەنەوە. ڕۆژنامەکە توانیویەتی یەکێک لە فایلەکانی ئەو سێ سکاڵایە لە بنکەی پۆلیسی تلکێف بدۆزێتەوە کە تێیدا هاتووە گۆشتفرۆشێک ئامادە نییە قەرزەکانی ئەحمەد بداتەوە.

دوکاندارەکە دەڵێ لەسەردەمی دەسەڵاتی حکومەتی عێراقدا لەو گۆشتفرۆشە دەپاڕایەوە بۆ ئەوەی قەرزەکەی ساف بکات، بەڵام داعش یەکسەر کێشەکەی چارەسەر کرد، چونکە چوار ڕۆژ دوای تۆمارکردنی سکاڵاکە، گۆشتفرۆشەکە سەردانی بنکەی پۆلیسی داعشی کرد و قەرزەکەی دایەوە.

خێرابوونی پرۆسەکە ئەوەندە پەیوەندی بە ڕێکوپێکی کارکردنی ئیدارییی داعشەوە نەبوو، هێندەی پەیوەندی بەو وێنە ترسناکەوە هەبوو کە داعش لە ڕۆژانی پێش و پاش گرتنی مووسڵدا دەربارەی خۆی نیشانی دابوو. داعش بە سەرکوت خەڵکی ژێر دەسەڵاتی خۆی گەیاندبووە ئەو قەناعەتەی دەبێ گوێڕایەڵی سیستەمە دادوەرییەکەی بن. ئەحمەد لەمبارەیەوە بە (نیویۆرک تایمز) دەڵێ: "هەر ئەوەش بەس بوو بۆ ئەوەی داواکراوەکان زوو سەردانی پۆلیس بکەن، چونکە خەڵک لە داعش دەترسان، ئەگەر کەسێک زانیبای بنکەی پۆلیسی داعش بانگی کردووە، هەموو شتێکی دەکرد بۆ ئەوەی خۆی دەرباز بکات".

زۆرینەی ئەو کەیسانەی دەست (تایمز) کەوتوون لە بنکەی پۆلیس یەکلاکراونەتەوە، بەڵام هەندێک کەیسیش هەن کە ڕەوانەی دادگای شەرعی کراون، لەوانەش کەیسی ژمارە 407، کە تێیدا ئافرەتێک سکاڵای لەدژی مێردەکەی تۆمار کردووە لەسەر ئەوەی لەبەرچاوی خەڵک لێیداوە. ئەو فایلەش وەکو هەموو فایلەکانی دیکە ژمارە، ڕێکەوت و کاژێری هەموو پرۆسەکەی بەسەرەوەیە و هەمووشی لەناو ئەرشیفی پۆلیس و دادگای شەرعی داعشدا پارێزراون.

> داعش باشتر لە حکومەت دادپەروەری جێبەجێ دەکرد
>
> دانیشتوویەکی مووسڵ

## ئیبراهیم گاباری وردەکاریی پلانی تیرۆرکردنی مستەفا بارزانی دەگێڕێتەوە

# بە ئاگاداریی مەلا مستەفا کارم لەگەڵ موخابەراتی بەعس دەکرد



ئیبراهیم گاباری، لەلایەن دەزگای موخەبەراتی عێراقییەوە ڕاسپێردرابوو کە مەلا مستەفا بارزانی تیرۆر بکات، گاباری کە کوردی ڕۆژئاوای کوردستانە و ساڵانێکی زۆر لە نێو شۆڕشی باشووری کوردستاندا بووە، بە ئاگاداریی مەلا مستەفا دەبێتە جاسووسی دەزگای موخابەراتی عێراق، لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی وردەکاری هەوڵی تیرۆرکردنی مەلا مستەفا لەلایەن دەزگای موخەبەراتی عێراقەوە دەکات. هەروەها باسی ڕووداوەکانی کۆنگرەی هەشتی پارتی دەکات کە لەو کۆنگرەیەدا مەلا مستەفا زۆر لە سیاسەتکاری کوردی ڕۆژئاوای کوردستان سەڵاح بەدرەدین تووڕە بووە، بە جۆرێک بۆ ماوەی سێ مانگ دەستبەسەری کردووە.

هەڤپەیڤین: کاوە ئەمین
ڕووداو - سلێمانی

### بەشی یەکەم

**ڕووداو: تۆ ناسناوت گاباریيە و لە حەسەکە لە دایکبووی، ئەمە چۆنە؟**

**ئیبراهیم گاباری:** گاباری عەشیرەتە، نزیکەی 300 ساڵ لەمەوبەر لە چیای گابارەوە ڕوویان لە شنگال کردووە. ساڵی 1934 لە گوندەکانی شنگالەوە چووین بۆ سووریا، ئێستا 45 گوندمان لە ناوچەی عاموودا و حەسەکە هەن. من لە گوندی کەژێ لە حەسەکە لەدایکبووم.

ڕووداو: ئەوکات عەرەب لە حەسەکە هەبوون؟

ئیبراهیم گاباری: بەڵێ، عەشیرەتی جبوور و شەمەر هەبوون، بەڵام هەتا بەعس نەهاتنە سەر حوکم هیچ کێشەیەکمان لەگەڵیان نەبوو.

**ڕووداو: عەشیرەتی ئێوە چۆن کەوتنە بەر هەڵمەتی کەمەری عەرەبی؟**

**ئیبراهیم گاباری:** عەشیرەتەکەمان بەناوبانگ بوو بە کوردپەروەری و نیشتمانپەروەری. ئەوکات

> کۆدێکی نهێنی لەنێوان من و کاک مەسعود هەبوو

محەممەد تەڵەب هیلال، سەرۆکی موخابەراتی سووریا بوو لە سەردەمی یەکێتییەکەی جەمال عەبدولناسر، ئەو کەمەرە ئەو دروستی کرد، بیرۆکەی ئەو بوو، باسی هەموو عەشیرەتە کوردییەکانی کردبوو، لە باسی عەشیرەتەکەی ئێمەدا نووسیبووی "الاکثر عنصريا، الاكثر كورديا". زۆر بە مەترسیدار باسی کردبووین، ئەوەش شەرەفێک بوو بۆ ئێمە.

**ڕووداو: کە پارتی دیموکراتی کوردستانی سووریا دروستبوو، ئێوە تێکەڵی بوون؟**

**ئیبراهیم گاباری:** نەخێر من لە ڕۆژئاوا حیزبایەتیم نەدەکرد؟

**ڕووداو: بەڵام لە کۆتایی شەستەکاندا ڕۆژئاوات بەجێهێشت و هاتیتە باشووری کوردستان، ئەمە چۆن بوو؟**

**ئیبراهیم گاباری:** ئێمە عاشقی پێشمەرگە بووین، پێشمەرگە لەلای ئێمە شتێکی پیرۆز بوو، شەو و ڕۆژ گفتوگۆمان لەسەر شۆڕشی ئەیلول و جەنابی مەلا مستەفا دەکرد. مەلا مستەفا بەلای ئێمەوە غاندی بوو، ماوتسی تۆنگ بوو، پێغەمبەری کوردان بوو.

**ڕووداو: باس لەوە دەکرێ کە موخابەراتی سووری دەستی لەوەدا هەبوو ئیبراهیم گاباری بنێرێ بۆ باشووری کوردستان، ئەوە تا چەند ڕاستە؟**

**ئیبراهیم گاباری:** ئەوە هەمووی تەحلیلاتە، موخابەرات هیچ ئاگاداری هاتنی من نەبووە بۆ نێو شۆڕش. تەمەنەکەشم کەم بوو، سەرکردەی هیچ پارتێک نەبووم تاوەکو موخابەرات پەیوەندیم پێوە بکات. باوکم زۆر هانی دام، چونکە کەسێکی نیشتیمانپەروەر بوو، دۆستی ساڵح یوسفی بوو.

**ڕووداو: تۆ ساڵی 1969 — 1970 دێیتە باشووری کوردستان، ئەوکات کورد خەریکی دانوستاندن بوو لەگەڵ بەغدا، تۆ کە هاتی پەیوەندیت بە کێوە کرد؟**

**ئیبراهیم گاباری:** یەکەمجار چووم بۆ شنگال، دواتر چووم بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی لە ناوپردان. لەوێ جەنابی کاک مەسعود و کاک ئیدریسی ڕەحمەتیم بینی.

**ڕووداو: بەڵام ئەوانە کەسانێک بوون زۆر بە ئاسانی نەتدەتوانی تێکەڵاویان ببی، تۆ چۆن وا بەزوویی ئەوانت ناسی؟**

**ئیبراهیم گاباری:** کاتێک من هاتم عەلی شنگالی لە شنگال بوو، کوردی شنگال، ئاغای شنگال، هەروەها مەحموود عەبدولڕەحمان باوکی ڕەحمەتی کاک سامی عەبدولڕەحمان، بە عەلی شنگالییان گوت ئەوە کوڕی حاجی محەممەدە کە بە کەسێکی کوردپەوەر و نیشتمانپەروەر ناسراوە. ئەو منی هێنا بۆ ناوپردان و لەوێ باسی منی بۆ کاک مەسعود و کاک ئیدریس کرد. لەوێ ماوەیەک مامەوە، بە کاک ئیدریسم گوت حەز دەکەم خوێندنەکەم تەواو بکەم. نووسراوێکی بۆ کردم بۆ لقی سلێمانی، فاخیر مێرگەسووریی ڕەحمەتی لەوێ بوو. ئەویش پێیگوتم وەرە لام لە سلێمانی. لەوێ زۆر هاوکاری کردم، پەیوەندی بە سەرۆکی زانکۆی سلێمانییەوە کرد و گوتی تۆ قبوڵ کرای. چووم بۆ زانکۆ و لەوێ لە هەندەسەی مەدەنی وەرگیرام، بەڵام لەبەر ئەوەی بە ئینگلیزی بوو نەمتوانی بخوێنم.

**ڕووداو: لە کۆنگرەی هەشتی پارتی بەشداربووی، دەکرێ باسی کۆنگرەکە بکەی؟**

**ئیبراهیم گاباری:** ئەوکات حەبیب محەممەد کەریم سکرتێری پارتی بوو، پەیوەندی لەگەڵ سەڵاح بەدرەدین باش بوو، کەمێکیش چەپ بوو، داوەتی کۆنگرە کرابوو، جەماعەتی ئێمە لەوانە حەمید دەروێش، جگەرخوین کە زانیان دەعوەتنامە بۆ سەڵاح چووە، ئەوان بەبێ دەعوەتنامە هاتن، چونکە جەماوەریان نەدەدما. ئەوان کە هاتن لە هوتێلێک دانران لەنزیک ناوپردان، بەڵام کە کۆنگرە دەستیپێکرد، تەنیا سەڵاح بەدرەدین بەناوی کوردی ڕۆژئاوا لە کۆنگرە بەشداربوو. کە کاتی قسەکردنی ئەو هات بە عەرەبی قسەی کرد و بە باشە باسی حیزبی بەعسی کرد و بە خراپیش باسی ئێرانی کرد و گوتی پۆلیسی ناوچەکەیە، مەلا مستەفاش نەیزانیبوو ئەوە کێیە، گوتبووی: "ئەو کەرە کێیە؟". گوتیان ئەوە نوێنەری حیزبە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کوردستانە. مەلا مستەفا گوتی: ئەوە کێ داوەتنامەی بۆ ناردووە؟ گوتیان حەبیب کەریم. دوای کۆنگرە حەمید دەروێش و جگەرخوین مەلا مستەفایان بینیبوو، گوتبوویان ئاوا نابێ، ئێمەش کوردین، نوێنەری دیکەی سەربەخۆش هەن. مەلا مستەفاش گوتی کۆنگرەیەک بکەن و یەکێک هەڵبژێرن. دوای ساڵێک لە بامەڕنێ کۆنگرەیەکیان کرد، لەوێ سەربەخۆکان هاتن. دەهام میرۆیان هەڵبژارد. دەهام میرۆ لەوێ گوتی ئەگەر حەمید دەروێش و جگەرخوین بگەڕێنەوە سووریا، ئێمە ناتوانین کار بکەین، مەلا مستەفا داوای لە حەمید دەورێش کرد لەوێ بمێنێتەوە. سەڵاح بەدرەدینیش مایەوە. سەڵاح بەدرەدین سێ مانگ لێرە وەکو بەندکراوێک وابوو، بە حەبیب کەریم ی گوتبوو من ئیستیقالە دەکەم و دەچمەوە. ئەویش بە مەلا مستەفای گوتبوو، بارزانی گوتبووی با بڕوا. کە ڕۆیشت پەیوەندی لەگەڵ حیزبی بەعس و فەلەستینییەکان دانا.

**ڕووداو: کەوتە دژایەتی شۆڕش و مەلا مستەفا؟**

**ئیبراهیم گاباری:** بەڵێ. بە ئاشکرا دژایەتی دەکرد.

**ڕووداو: دەیتوانی سەردانی عێراق بکاتەوە؟**

**ئیبراهیم گاباری:** بەڵێ چونکە پەیوەندی لەگەڵ بەعسییەکان دانابوو. ئەو قوتابی بە مینحەی بەعسی عێراق دەنارده دەرەوە. حەمید دەروێش و جگەرخوین و ڕەشید حەمۆ لە کوردستان مانەوە. خولێکی کادیران کرایەوە لە بەغدا مەلا مستەفا بە حەمید دەروێشی گوت تۆ دەبیتە بەرپرسی ئەو خولە. کە خولەکە تەواو بوو گەڕایەوە، داوای لە مەلا مستەفا کرد بگەڕێتەوە سووریا. مەلا مستەفا پێیگوتبوو بڕۆ، بەڵام دەگەڕێیتەوە ئێرە، ئەویش گوتبووی بەڵێنی شەرەف بێ بگەڕێمەوە. حەمید دەورێش ڕۆیشت و نەگەڕایەوە. پاشان لەلای من گوتی خیانەتم لە مەلا مستەفا کرد، ئەوە ئیعترافێکی زۆر پیاوانە بوو. بەڵام بەداخەوە هەڤاڵانی لە حیزب ڕێگەیان پێنەدابوو بگەڕێتەوە.

**ڕووداو: بەڵام حەمید دەروێش دەڵێت مەلا مستەفا وەکو کوڕی خۆی سەیری دەکرد؟**

**ئیبراهیم گاباری:** ڕاستە، مەلا مستەفا زەعیم بوو بە زۆر کەسی دەگوت کوڕم. بەڵام کاک ئیدریس وا نەبوو، قسەی دەکرد، کاک مەسعودیش هیچ بۆچوونی نەدەدا. کاک ئیدریس بە ئاشکرا دەیگوت حەمید خیانەتی کردووە. پەیوەندی کاک ئیدریس و حەمید بەو شێوەیە نەبوو کە حەمید باسی دەکات.

**ڕووداو: تۆ دەبیتە جاسووسی دەزگای موخەبەراتی عێراق بەسەر شۆڕشی کورد و مەلا مستەفاوە، ئەمە چۆن بوو؟**

**ئیبراهیم گاباری:** وەک پێشتر باسم کرد، کە لە کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی سلێمانی وەرگیرام، نەمتوانی بخوێنم. فاخیر مێرگەسووری کاغەزێکی بۆ نووسیم بۆ لای عادل موراد کە ئەوکات لە بەغدا بوو. کاک سامی عەبدولڕەحمانیش لە بەغدا وەزیر بوو، لەوێ کاک سامی پێیگوتم تۆ بە پاسپۆرت نەهاتووی، پێویستە ببی بە پەنابەری سیاسی بۆ ئەوەی بتوانی لە زانکۆ بخوێنی. لەوێ لە زانستە سیاسییەکانی زانکۆی موستەنسرییە وەرگیرام. لە ماوەی حەوت ڕۆژدا بووم بە پەنابەری سیاسی و 45 دیناریشیان دامێ. سێ مانگ بوو لە زانکۆ دەوامم دەکرد، موخابەراتی عێراقی بەدوایاندا ناردم، گوتیان ئێمە زانیاریمان لەبارەی تۆوە هەیە کە کوڕێکی باشی، حەز دەکەین لەگەڵ ئێمە کار بکەی. پێمگوتن ناتوانم لەگەڵ ئێوە کار بکەم، چونکە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان کار دەکەم. ئێوە و پارتی ئێستا هاوپەیمانن. گوتیان نەخێر، هەندێک شت هەیە، دواتر دەیزانی. پێمگوتن با بیرێکی لێ بکەمەوە. گەڕامەوە ناوپردان و بابەتەکەم بۆ مەلا مستەفا و کاک مەسعود و کاک ئیدریس باسکرد، مەلا مستەفا پێیگوتم ئەگەر ئاگات لە خۆت نەبێ، نازم گزار (بەڕێوەبەری گشتی ئەمنی عێراق لە سەردەمی ئەحمەد حەسەن بەکر) دەتکوژێ. ئەگەر دەتوانی ئیشیان لەگەڵ بکەی، ئێمە مەجالت پێدەدەین، بەڵام ئەگەر متمانەت بە خۆت نەبێ، دەتکوژن. منیش گوتم دەتوانم.

**ڕووداو: تۆ لە نزیکەوە نازم گزارت بینی، لەگەڵی دانیشتووی؟**

**ئیبراهیم گاباری:** بەڵێ، باسم ئەحمەد ئەعرەجی، بەرپرسی قیودی نهێنی بوو، ڕاستەوخۆ پەیوەندیم لەگەڵ ئەو هەبوو. نازم دەهات لەگەڵمان دادەنیشت، بەڵام یەک قسەی نەدەکرد، ئەگەر پرسیارێکی هەبووایە دەینووسی و دەیدایە باسم. گزار چاویلکەیەکی ڕەشی لەچاو دەکرد، بۆ ئەوەی نەناسرێتەوە، بەڵام من دەمزانی ئەوە نازم گزارە.

> سەڵاح بەدرەدین کە وازی لە شۆڕش هێنا پەیوەندی بە بەعسییەکانەوە کرد

**ڕووداو: بەڵام تۆ چۆن توانیبووت لە یەک کاتدا پەیوەندیت لەگەڵ موخابەراتی عێراق و شۆڕش هەبێ.**

**ئیبراهیم گاباری:** من پەیوەندی ڕاستەوخۆم لەگەڵ مەلا مستەفا و کاک ئیدریس و کاک مەسعود هەبوو. ئیدی ئەوە ئیشکالی بۆ دروستکردبووم لەگەڵ شەکیب عەقراوی کە ئەوکات بەرپرسی دەزگای پاراستن بوو. چونکە کارەکان بەبێ ئاگاداری شەکیب کرابوون. من ئەوکات سەرم لەو یارییە موخابەراتیانە دەرنەدەچوو. مەلا مستەفا دەیویست من لەلای موخابەرات بەهێز دەربکەوم. دوو شت هەبوو کە منی لەلای موخابەرات بەهێزکردبوو، یەکەم: مەلا مستەفا پێیگوتم ئیبراهیم لەلای خۆت بنووسە: تهران نەک تەهران. شەوێک جێبێک هاتە حاجی ئۆمەران، ڕەقەمەکەی هێندە و هێندە بوو، کەسێکی تێدابوو ناوی کیسەچی بوو، کابرایەکی قژ درێژ بوو، قەمسەڵەیەکی عەسکەری لەبەردابوو، پێشمەرگە گونیەی پڕ لە کاغەزیان لە جێبەکە دەهێنایە خوارەوە. زۆر ڕێزیان لەو کابرایە گرت و دوو سێ سەعات مایەوە و ڕۆیشت. هەر کاتێک دەچووم بۆ بەغدا یەکسەر کۆبوونەوەیان لەگەڵ دەکردم. بەڵام مەلا مستەفا ئامۆژگاری کردم گوتی زانیارییەکان زۆر بە گرنگی وەرمەگرە و پێیانبڵێ فلانە زانیاری هەیە، ئایا بە کەڵکتان دێت یان نا. کاتێک باسی جێبەکەم بۆ کردن، زۆر گرنگییان پێدا. گوتیان ژمارەی ئۆتۆمبێلەکە چەند بوو؟ بە فارسی بۆم نووسین، ڕەقەمەکە زەرد بوو، عەسکەری بوو، ناوی کیسەچی بوو. ئەم زانیارانە بەلای ئەوانەوە زۆر گرنگ بوون، وەکو تەقینەوەی بۆمبێک وابوو، گوتیان قسەکانی تۆ لە هی هەموو بەکرێگیراوەکانمان ڕاستترن.

شتی دیکەش، کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی نهێنی بوو، پێمدەگوتن سەبری بۆتانی، بەرپرسی ئەرشیفی مەکتەبی سیاسییە، زۆر برادەری منە. جاروبار کە سەبری بۆتانی دەردەچێ، من لە شوێنی ئەو دەبم. کۆپی کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی وەردەگرم. مەحزەری کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی بە زۆر شێواز بۆیان دەچوو، بەڵام کاتێک کۆپی ئەرشیفیان بۆ باس دەکەی، زۆرتر متمانە بە تۆ دەکەن، نەک بەکرێگیراوەکانی دیکە.

**ڕووداو: موخابەراتی عێراقی دلوات لێدەکەن وێنەیەک لەگەڵ مەلا مستەفا بگری، ئەمە چۆن بوو؟**

**ئیبراهیم گاباری:** ئەوان پێیانگوتم تۆ ڕاستەوخۆ لەگەڵ مەلا مستەفا دادەنیشی، گوتم بەڵێ. گوتیان باشە دەتوانی وێنەیەکی لەگەڵ بگری؟ گوتم: بەڵێ. گوتیان زەحمەت نییە، گوتم نەخێر. گوتیان چۆن داوای لێدەکەی؟ گوتم: پێیدەڵێم ئەزبەنی حەز دەکەم وێنەیەک لەگەڵ تۆ بگرم بۆ کەسوکارەکەمی دەنێرم لە سووریا. گوتیان دە باشە تاقیبکەوە. هاتم بابەتەکەم بۆ مەلا مستەفا گێڕایەوە. گوتی باشە. مەلا مستەفا لە حاجی ئۆمەران ژووری تایبەتی هەبوو بۆ پێشوازی لەگەڵ ژوورێکی گشتی. بە پێشمەرگەکانی گوت بانگی ئیدریس بکەن. گوتی: ئیدریس وێنەیەکی من و ئیبراهیم پێکەوە بگرە. مەلا مستەفا گوتی دەستی خۆت لەسەر کورسییەکەی من دابنێ. ئەوکات کامێرای فەوری هەبوو، مەلا مستەفا سەیری ڕەسمەکەی کرد و گوتی ڕەسمەکەیان بدەرێ. دوایی تێگەیشتم کە مەلا مستەفا بۆچی گوتی دەست لەسەر کورسییەکەی دابنێم، بۆ ئەوەی بوو موخابەرات گومان نەکەن کە ڕەسمەکە دەستکاری کراوە و ساختە کراوە. کاتێک موخابەرات وێنەکەیان بینی، سەریان سوڕما و گوتیان واتە مەلا مستەفا متمانەی بە تۆ هەیە!

**ڕووداو: موخابەراتی عێراقی دەیانەوێ لە ڕێگەی تۆوە مەلا مستەفا تیرۆر بکەن، ئەوە چۆن بوو؟**

**ئیبراهیم گاباری:** مەلا مستەفا دەیگوت ئیبراهیم ئەوانە شتێکیان لەژێر سەردایە. تۆ هەوڵ بدە بەڵگەیەکیان لێوەربگرە. گوتم باشە. کاتێک ساڵی 1972 قائیمقامی شنگال کوژرا. ئەوان یەکسەر بەدوایاندا ناردم و گوتیان پێویستە مەلا مستەفا بکوژرێ. پێمگوتن من ناتوانم ئەو کارە بکەم. گوتیان ئەگەر هەندێک ژەهرت بدەینێ، دەتوانی لە نێو خواردنەکانی مەتبەخی پێشمەرگەکانی بکەی؟ منیش گوتم دەتوانم، بەڵام ئامانجەکەی ئێوە مەلا مستەفایە یان پێشمەرگە؟ چونکە مەلا مستەفا لەو مەتبەخە نان ناخوات، لە ماڵی خۆی خواردنی بۆ دێت. چایشی بە تایبەتی بۆ دێت. ئەوان گوتیان نەخێر ئێمە سەری مارەکەمان دەوێت. گوتیان بەیانی وەرە کۆبوونەوەیەک دەکەین، بەیانی هاتن گوتیان تۆ دەچیتە ئەوێ جانتایەکت پێیە، جانتایەکی لەو شێوەیەت دەدەینێ، لە نێو جلەکانت دەیشاریتەوە، جانتاکەی خۆشت بە دەستەوە دەگری. تۆ لەگەڵ جەرجیس فەتحوڵڵا لە ژوورێک دەخەوی، مەلا مستەفا بە شەو دێت. کاتێک مەلا مستەفا دێتە ژوورەوە، جانتاکە تەوقیت دەکەیت و دەچیتە دەرەوە. لەوێ سواری سەیارەیەک دەبیت و دێیتە ڕواندز. لەوێش فڕۆکەیەکت بۆ ئامادە دەکەین، دوای سەعاتێک بۆمبەکە دەتەقێتەوە. ئەگەر ئۆتۆمبێلیش نەبوو تۆ لەوێ دوور دەکەویتەوە، کاتێک بۆمبەکە دەتەقێتەوە کەس لەوێ نامێنێ.

**ڕووداو: تۆ چۆن شۆڕشت ئاگادار کردەوە؟**

**ئیبراهیم گاباری:** من قسەم لەگەڵ کاک مەسعود کرد و گوتم ئەوان زۆر بە پەلەن بۆ ئەنجامدانی کارەکە. کاک مەسعودیش گوتی کێشە نییە، ئێمە وشەی نهێنییت بۆ دادەنێین بۆ بازگەکانمان کە گەیشتیتە بازگەی بەرزێوە، بە بێتەل پەیوەندیم پێوە بکە. لە بەغدا دەورەیەکیان پێکردم لەسەر چۆنیەتی تەقاندنەوەی بۆمب. دوایی بە سێ ئۆتۆمبێل منیان لە ڕێگەی مووسڵەوە هێنایە هەولێر، لە هەولێریش ئۆتۆمبێلێکی فۆڵکس واگن هات و شوفێرەکەی گەنج بوو، مەدەنی بوو، هاتین بۆ بەرزێوە، کەسێک لەوێ بوو بەناوی سابیر، پێویست بوو ئۆتۆمبێلەکە زۆر بە وردی بپشکنرێ. بە سابیرم گوت تەلەفۆنت هەیە، گوتی نەخێر پچڕاوە. ئێ ئەگەر بمپشکنن و ئەم جانتایە بدۆزنەوە، هەتا مەسەلەکەیان تێدەگەیەنم ڕەنگە بمکوژن. گوتم سابیر وەرە کارم پێتە. وەفدێکی نهێنی دێت بۆ ئێرە، من سەعاتێک پێش ئەوان هاتووم کاک مەسعود پێیگوتم تەلەفۆنم بۆ بکە. ئەگەر تۆ دوامبخەی دواتر بەرپرس دەبی. پێویستە بە سەعاتێک پێش گەیشتنی وەفدەکە من بگەمە لای کاک مەسعود. ئەویش گوتی بەبێ پشکنین بڕۆ. ئیدی هاتم بۆ گەڵاڵە، سەنتەرێکمان لە گەڵاڵە هەبوو، گەنجێک لەوێ بوو، گوتم حەز دەکەم لەگەڵ کاک مەسعود قسە بکەم. گوتی: چی؟ نابێ بڕۆ. گوتم باشە لەگەڵ فەرەنسۆ حەریری قسە دەکەم، گوتی باشە لەگەڵ فەرەنسۆ مەعقولە. تەلەفۆنی بۆ کرد، لەگەڵ ئەو قسەم کرد و پێمگوت من فلان کەسم، ئەویش گوتی من تۆ دەناسم. گوتی: چیت دەوێ. گوتم کێشەیەکم لەگەڵ کاک مەسعود هەیە و نهێنییە، پێویستە قسەی لەگەڵ بکەم. بە کاک مەسعودی گوت ئەوە ئیبراهیم گابارییە، ئەویش یەکسەر گوتی لاسلکییەکە بدە بە من. کاک مەسعود گوتی ئیبراهیم تۆی. گوتم بەڵێ. گوتی: چۆنی. منیش گوتم: "زۆر زۆر زۆر باشم" (ئەوە کۆدی نهێنی نێوان من و کاک مەسعود بوو) ئینجا گوتی لە کوێی؟ منیش گوتم لە گەڵاڵەم. گوتی: لەوێ بە، ئێستا دێم. یەکسەر سێ سەیارەی نارد، عەبدولموهەیمن هات و پێیگوتبوو جانتاکە لە شوێنێکی دوور دابنێن نەوەک بتەقێتەوە، ئیبراهیم بێنن و وەرن. کە هاتمەوە حاجی ئۆمەران مەلا مستەفام بینی، منی ماچ کرد و گوتی کارێکی باشت کرد. هەر ئەو شەوە بروسکە

> حەمید دەروێش خیانەتی لە مەلا مستەفا کرد

کرا کە ڕۆژنامەنووسێک هاتووە ویستوویەتی مەلا مستەفا تیرۆر بکات. هەواڵەکە بڵاوبووەوە، بۆ بەیانی سەدام حوسێن و ئەحمەد حەسەن بەکر بروسکەیان نارد و گوتیان ئێمە ئاگاداری ئەو بابەتە نین، ئەگەر ڕۆژنامەنووسێک بەناوی بەعس هاتبێ ئەوە درۆیە. ئێمە ئامادەین لێکۆڵینەوە بکەین. لیژنەی لێکۆڵینەوە هات، بەڵام مەلا مستەفا ڕازی نەبوو، گوتی دەبێ لە حاجی ئۆمەران بکرێ.

**ڕووداو: لیژنەکەی بەغدا چەند کەس بوون؟**

**ئیبراهیم گاباری:** لیژنەکە پێکهاتبوون لە عەبدولخالق سامەڕایی، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش، موکەڕەم تاڵەبانی لە بەرەی نیشتمانی، عەزیز شەریف، سکرتێری لیژنەی ئاشتی. لیژنەی پارتیش پێکهاتبوون لە کاک ئیدریس و کاک مەسعود و حەبیب کەریم و د.مەحموود عوسمان و سامی عەبدولڕەحمان.

**ڕووداو: جانتاکە چی بەسەرهات؟**

**ئیبراهیم گاباری:** دواتر جانتاکەیان پشکنی، بیرمە عەزیز عەقراوی و کەسێکی دیکە کە مەسیحی بوو، ناوەکەیم بیر نەماوە، جانتاکەیان پشکنی. بۆیان دەرکەوت ئەو کەرەستەیەی لە ئامادەکردنی قونبەلەکە بەکارهاتووە لە دەرەوە هاتووە. ئەگەر بتەقیبایە کەس لەوێ نەدەما.



گرتنی ئەم وێنەیەی ئیبراهیم گاباری لەگەڵ مەلا مستەفا لەسەر داواکاری موخابەراتی بەعس بووە

## دەروازەی سەرزێری دەکرێتە نێودەوڵەتی



**رووداو – دهۆک**

حکومەتی هەرێمی کوردستان لەهەوڵدایە دەروازەی سنووریی سەرزێری لە نێوان باشوور و باکووری کوردستان، بکاتە نێودەوڵەتی و هاتوچۆی بازرگانیش لەو دەروازەیە بکرێت. بەپێی زانیارییەکانی (تۆڕی میدیایی رووداو) رۆژانە زیاتر لە 600 کەس لەو دەروازەیەوە هاتوچــۆ دەکــەن، خەڵکیش داوا دەکەن کارەکانی دەروازەکە فراوانتر بکرێت. ئێســتا حکومەت گرێبەســتی لەگەڵ کۆمپانیایەک کردووە، تاوەکــو رێگــەی دەروازەکــە چاک بکات و بارهەڵگر هاتوچۆی تێدا بکەن، زیاتــر لە 400 ملیۆن دیناریش بۆ پرۆژەکە تەرخانکراوە و بڕیارە لە ماوەی حەوت مانگدا پرۆژەکە جێبەجێ بکرێت.

### لە 8 ساڵی رابردوودا

# زیاتر لە یەک ملیۆن دۆنم دارستان و پاوان لە کوردستان سووتاون



56.2%ی کۆی رووبەری دارستان و پاوان سووتاو لە سنوری پارێزگای سلێمانی بووە

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو – هەولێر**

لە مانگی پووشپەڕداین، پلەی گەرما بەرزە، سەرجەم پاوان و دارســتانەکانی کوردســتان لە ژێر هەڕەشــەی ســووتاندان، تیمەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و بەرگریی شارستانی لە ئامادەباشیدان، بەڵام قاسە خاڵییەکەیان رێگرە لــەوەی بتوانن لە ئەگــەری کەوتنەوەی ئاگر لە پووش و پەڵاش و دارستانەکان، بە کەمترین زیان لێی دەربچین.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، لە هەشت ساڵی رابردوودا بەهۆی ئاگرکەوتنەوەوە، یەک ملیۆن و 31 هەزار و 290 دۆنم دارســتان و پاوان ســووتاون، زۆرترین رووبەری سووتاویش لە سێ ساڵی رابردوودا تۆمار کراوە کە 559 هەزار و 469 دۆنم بووە و دەکاتە 57%ی تێکڕای رووبەری ســووتاوی هەشــت ساڵی رابردوو.

حوسێن حەمەکەریم، بەڕێوەبەری گشتیی دارستان و پاوان و رەزگەری لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەڵێت: "بەهۆی قەیرانی داراییەوە، سێ ساڵە وەک پێویســت نەمانتوانیوە ئاگربڕ بۆ دارستان و پاوانەکان دروســت بکەین و پاکیان بکەینەوە، ئەمەش زیانەکانی ئاگرکەوتنەوەی لە دارستان و پاوان زیاتر کردووە".

ئێســتاش کە بە وەرزی ئاگرکەوتنەوە دادەنرێ، بە گوتەی حوسێن حەمەکەریم تەنیا لە 2%ی دارستانەکاندا هەڵمەتــی پاککردنــەوە و ئاگربڕ کــراوە. بۆیە دەڵێت: "98%ی دارســتان و پاوانەکانــی هەرێمی کوردســتان مەترســی ســووتانیان لەســەرە، بەتایبەت ئەمســاڵ بارانێکی بــاش باریوە و گژوگیا زۆرە و پلەی گەرماش بەرزە".

> **98 %ی پاوان و دارستانەکانی کوردستان مەترسی سووتانیان لەسەرە**
> بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ

ئاگر بە یەکێک لە گەورەترین مەترســییەکانی سەر کەمبوونــەوە و لەناوچوونــی دارســتان و تێکچوونــی هاوسەنگیی ژینگە لە جیهاندا دادەنرێ، ساڵانە بەملیۆنان هێکتار دارستان لەجیهاندا بەهۆی ئاگرەوە لەنێودەچن.

بەپێی ئــەو بەدواداچوونانەی وەزارەتی کشــتوکاڵ بۆ هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکان لە دارســتان و پاوانەکان کردوویەتی، دەرکەوتووە 35%ی ئەو رووبەرە دارســتان و پاوانەی لە ماوەی هەشت ساڵی رابردوودا سووتاون، بەهۆی تۆپبارانی تورکیا و ئێران بووە.

حوســێن حەمەکەریــم دەڵێــت: "هۆکارەکانــی ئاگرکەوتنەوە زۆرن، بەڵام بەپێی لێکۆڵینەوە لە هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکانی سێ ساڵی رابردوو، بۆمان دەرکەوتووە زۆربەی ئاگرکەوتنەوەکان بەهۆی کەمتەرخەمی، دەستی ئەنقەســت و پاشماوەی ئاگری شــوان و گەشتیاران و تۆپبارانی ئێران و تورکیا روویانداوە".

بە گوتەی حوسێن حەمەکەریم، ئەو شێوازە کۆنەی بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاگرکەوتنەوە پەیڕەو دەکرێ، فراوانیی رووبەری دارستانەکان و نەبوونی رێگەوبان، مینرێژکردنی هەندێــک لە دارســتانەکان و دروســتنەکردنی ئاگربڕ، زیانەکانی ئاگرکەوتنەوەی چەند بەرامبەر کردووە.

بەرپرســەکەی وەزارەتــی کشــتوکاڵ پێیوایــە پشتگوێخستنی یاساکانی دارستان و جێبەجێنەکردنی بەسەر ئەو کەســانەی بەدەستی ئەنقەست دارستان و پاوانــەکان دەســووتێنن، ژمــارەی ئاگرکەوتنەوەکان و زیانەکانی زیاتر کردووە و وایکردووە خەڵکانێک بێ ترس بــۆ بەرژەوەندی خۆیان ئاگر لە دارســتان و پاوانەکان بەربدەن

لــە مــاددەی 22ی یاســای دارســتاندا هاتــووە "هەرکەسێک داری بە تەمەن ببڕێتەوە، یان بە دەستی ئەنقەســت ئاگر لە دارستان و پاوان بەربدات، سزاکەی بەندکردنە بۆ ماوەیەک کە لە 6 مانگ کەمتر نەبێت و پێ بژاردنێک کە لە 5 ملیۆن دینار کەمتر نەبێت".

حوســێن حەمەکەریم دەڵێت: "بەداخەوە دادگاکان وەک پێویســت ئەم یاســایە جێبەجێ ناکەن و کاتێک کەســێک لەســەر ســووتاندنی بەئەنقەســتی دارستان دەگیرێــت، بە کەفیل تاوانبارەکە بــەردەدەن و بەپێی یاسای ژینگەش سزای دەدەن کە سزاکەی زۆر کەمە".

ســەمەد محەممەد، سەرۆکی دەســتەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان لەبارەی سووتانی پاوان و دارســتانەکان دەڵێت: "ئاگر کەوتنەوە جگە لە ســووتاندنی دار و گژوگیــا و تۆوەکانیان، دەبێتە هۆی لەناوچوونی ســەتان جۆر زینــدەوەر و باڵندە و ئاژەڵ، تەنانــەت گۆڕانکاری لە پێکهاتــەی ژینگەی ناوچەکەدا دروست دەکات و هاوسەنگیی ژینگە تێکدەدات".

بەپێــی ئامارەکــەی وەزارەتی کشــتوکاڵ، زۆرترین ئاگرکەوتنەوە لە هەشــت ســاڵی رابردوودا لە سنووری پارێزگای ســلێمانی تۆمار کراوە، بە جۆرێک لە ماوەی ئەو هەشت ساڵەدا 580 هەزار و 380 دۆنم دارستان و پاوانی پارێزگاکە ســووتاون کە دەکاتە 56.2%ی کۆی رووبەری دارســتان و پاوانی ســووتاو لە هەشت ساڵی رابردوودا.

پارێزگای هەڵەبجە ســاڵی رابردوو لەســەر ئاســتی هەرێمی کوردســتان زۆرتریــن رووداوی ئاگرکەوتنەوەی بەخــۆوە بینی و بەو هۆیەوە 30 هەزار و 757 دۆنم لە دارســتان و پاوانی ئەم پارێزگایە ســووتان کە دەکاتە نزیکەی 58%ی کۆی رووبەری دارستان و پاوانی سووتاو لە ســاڵی رابردوودا کە نزیکەی 52 هەزار و 777 دۆنم بوو.

محەممــەد مەحمــوود، بەڕێوەبــەری دارســتان لە پارێــزگای هەڵەبجــە بــە (رووداو)ی گــوت: "زۆربەی رووداوەکانــی ئاگرکەوتنــەوە لــە ســاڵی رابــردوودا لە پارێزگای هەڵەبجە بۆ کەمتەرخەمی و دەستی ئەنقەست دەگەڕێتــەوە، بەشێکیشــی بەهۆی تەقەی پاســەوانی ســنووری ئێــران بووە کــە زۆر جار بــۆ پاککردنەوەی گژوگیای دەوروبەری خۆیان فیشەک دەنێن بە پاوان و دارستانەکانەکانەوە".

گوتیشی: "ئاگرکەوتنەوەکانی ساڵی رابردوو زیانی زۆری بە دارســتانەکانی پارێزگای هەڵەبجە گەیاندووە، نزیکــەی 8 هەزار دۆنم دارســتان ســووتان، بەداخەوە دارقەزوانــەکان بە جۆرێک ســووتاون خەڵــک ناتوانن کاریان لێبکەن و داهاتیان لێ دەستبکەوێت".

ئەمســاڵیش لە پارێزگای هەڵەبجە تا ئێستا چوار جــار ئاگرکەوتووەتــەوە و بەهۆیەوە نزیکەی 273 دۆنم دارســتانی سروشــتی و دەســتکرد و پاوان سووتاون، بەهــۆی کەمیــی دروســتکردنی ئاگربڕیش مەترســی ئاگرکەوتنەوە لەسەر دارستانەکانی دیکە هەیە.

**رووبەری سووتانی دارستان و پاوان بە دۆنم لە 2010 تاوەکو 2016**

| ساڵ /پارێزگا | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | گەرمیان | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| 2010 | 27.039 | 126.214 | 8.747.5 | 22.029 | 184.029.5 |
| 2011 | 8.040 | 65.497 | 5.349 | 510 | 79.396 |
| 2012 | 31.270 | 44.494 | 4.474 | 8.200 | 88.438 |
| 2013 | 6.375 | 26.692 | 4.525 | 500 | 38.092 |
| 2014 | 4.261.5 | 37.139.5 | 4.463.7 | 0 | 45.864.7 |
| 2015 | 125.597.5 | 117.814 | 70.789 | 262 | 314.462.5 |
| 2016 | 73.370 | 116.463 | 3.397.25 | 35.000 | 228.230.25 |
| 2017 | 496.27 | 46.067 | 1.214 | 5.000 | 52.777.27 |
| کۆی گشتی | 276.449.27 | 580.380.5 | 102.959.45 | 71.501 | 1.031.290.22 |

### بەڕێژەی 40% زیاد بووە

# بەرهەمی خەیار لە کوردستان ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار دەکات

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو – هەولێر**

بەهــۆی زوو پێگەیشــتن، بەرهەمــی بــاش و ئــەو خواستە زۆرەی لە شارەکانی عێراق لەسەر خەیار هەیە، جووتیارانی کوردستان 90%ی خانووە پلاستیکیەکانیان بەخەیار دەچێنن، زۆربەی بەرهەمەکەشــیان هەناردەی شارەکانی عێراق دەکەن، ئەمەش بووەتە دەستکەوتێکی باش بۆ جووتیاران و وای کردووە ساڵ بەساڵ بەرهەمی خەیار لە کوردستان زیاد بکات.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشــتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو کە پشــتی بــە بەرهەمی هێنــراوی جووتیــاران لە کێڵگــەوە بــۆ گومرگەکان بەســتووە، لە پێنج ســاڵی رابردوودا بەرهەمی خەیار بەڕێژەی 40% زیادی کردووە، لــە 61 هــەزار و 85 تۆنەوە بووەتــە 100 هەزار و 552 تۆن. دوای پڕکردنەوەی پێداویســتی ناوخۆش، زۆربەی ئەو بەرهەمە هەناردەی شارەکانی عێراق کراوە.

کەمال محەممەد، بەڕێوەبەری خانووی پلاستیکی لە وەزارەتی کشــتوکاڵ و ســەرچاوەکانی ئاو بە (رووداو)ی گــوت: "خەیار یەکێکە لەو بەرهەمە کشــتوکاڵیانەی زوو پێدەگات و چاندنیشی لەنێو خانووی پلاستیکی زۆر ســەرکەوتووە و 10 بەرامبەری چاندن بەشێوەی کراوە بەرهەم دەدات. لە وەرزی پێگەیشــتنیش لە شارەکانی عێراق خواســتێکی زۆری لەســەرە، بۆیە لە وەرزەکانی بەهــار و هاویــن و پایــز جووتیــاران 90%ی خانــووە پلاستیکییەکانیانبەخەیاردەچێنن".

بەگوتەی کەمال محەممەد، بەرهەمی خەیار زۆر لەو بــڕە زیاتــرە کە لە ئاماری وەزارەتی کشــتوکاڵدا تۆمار دەکرێت، چونکە بەشــێکی زۆر لە جووتیاران راستەخۆ بەرهەمەکانیان هەر لەسەر کێڵگە بە بازرگانانی عەرەب و دووکاندار و دەستگێڕەکان دەفرۆشنەوە.

ئــەو نموونە بە بەرهەمی ســاڵی رابــردووی خانووە پلاستیکییەکانی شاری سلێمانی دەهێنێتەوە و دەڵێت: "لە سلێمانی نزیکەی 12 هەزار و 66 خانووی پلاستیکی هــەن، ســاڵانە 90%یــان بەخەیــار دەچێندرێــن. هەر خانووێکیش بەگوێرەی خزمەت 8 تاوەکو 12 تۆن خەیار بەرهەم دەدات، بۆیە دەتوانین بڵێین ساڵی رابردوو تەنیا لە ســلێمانی زیاتــر لە 100 هەزار تــۆن خەیار بەرهەم هاتووە، ئەمە لەکاتێکدایە لە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک و هەڵەبجەش بەشــێوەی داخراو و کراوە و بڕێکی باش خەیار دەچێنــدرێ، بۆیە پێشــبینی دەکەین بەرهەمی ساڵی رابردوو 150 هەزار تۆنی تێپەڕاندبێت".

بەپێی توێژینەوەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ، تێچووی بەرهەمهێنانی یەک کیلۆ خەیار لە خانووی پلاســتیکی نزیکەی 240 تاوەکو 250 دینار لەسەر جووتیار دەکەوێ، بۆیە بۆ پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی، ئەمساڵ وەزارەتی کشتوکاڵ رەسمی سەر هاوردەکردنی کیلۆیەک خەیاری لــە 250 دینــارەوە بۆ 350 زیاد کــرد، ئەم هەنگاوەش وایکرد بەرهەمی هاوردە بەڕێژەی کەمتر لە جاران بێت و نرخیش هاوسەنگ بێت.

**بەرهەمی خەیاری خۆماڵی و هاوردە (بە تۆن) لە پێنج ساڵی رابردوودا**

| پارێزگا | 2013 | | 2014 | | 2015 | | 2016 | | 2017 | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | خۆماڵی | خۆماڵی | خۆماڵی | خۆماڵی | خۆماڵی | خۆماڵی | خۆماڵی | خۆماڵی | خۆماڵی | خۆماڵی |
| هەولێر | 18.253 | 18.253 | 26.415 | 22.387 | 18.889 | 16.767 | 21.272 | 10.421 | 25.844 | 12.488 |
| دهۆک | 25.371 | 25.371 | 11.132 | 9.017 | 25.746 | 10.140 | 8.957 | 11.142 | 22.196 | 7.209 |
| سلێمانی | 15.144 | 15.144 | 16.805 | 8.918 | 18.866 | 8.208 | 22.752 | 8.909 | 49.341 | 10.258 |
| گەرمیان | 2.317 | 2.317 | 4.303 | 9.523 | 2.941 | 5.539 | 3.626 | 7.355 | 3.141 | 1.305 |
| گشتی | 114.854 | | 108.500 | | 107.096 | | 94.433 | | 131.782 | |

کۆمپانیای ســۆفی گرین هــاوس، بۆ بەرهەمهێنانی بەروبوومی سەوزە لە نزیک ناحیەی شەمامکی پارێزگای هەولێر، نزیکەی 440 خانووی بەخەیار چاندووە، رۆژانە نزیکەی 60 تۆن خەیار بەرهەمی هەیە.

لاوەنــد ئیبراهیــم ســۆفی، بەڕێوەبــەری پــرۆژەی ســۆفی گرین هاوس دەڵێت: "ســاڵانی رابــردوو بەهۆی هاوردەکردنــی خەیــار بەقاچاخ و کەمی ئەو رەســمەی حکومەت لە وەرزی پێگەیشتنی بەرهەم دەیخستە سەر هــاوردە، گرفتی بەبازاڕکردنمان هەبــوو زەرەری زۆرمان دەکرد، بەڵام ئەمساڵ بەهۆی زیادکردنی رەسمی گومرگ و کەمی چاندنی خەیار لەشارەکانی عێراق بەهۆی گرفتی کەمئــاوی، گرفتی بەبازاڕکردنمان نەمــاوە و قازانجمان کردووە".

نرخی کیلۆیەک خەیاری باش ئێستا لەبازاڕ و گومرکان نزیکــەی 450 تاوەکو 500 دینار بــۆ جووتیار دەکات، ئەمــە لەکاتێکدا لەســاڵی رابردوو لــەم کاتە نرخەکەی لەنێوان 250 تاوەکو 300 دینار دابوو، تەنانەت ماوەیەک نرخی کیلۆیەک بۆ 80 تاوەکو 100 دینار دابەزی.

لاوەند، دەڵێت: "دابەزینی نرخی خەیار زیاتر لەمانگی حوزەیرانــە، چونکە لەو کاتەدا بەرهەمی خەیاری کراوە دەست پێدەکات، بەڵام ئەمساڵ زۆربەی ئەو جووتیارانەی پێشتر بەشێوەی کراوە خەیاریان دەچاند لەبڕی خەیار شــووتیان چانــدووە، جگە لەوەش حکومەت ئەمســاڵ تاڕادەیــەک باشــتر جاران ســنوورەکانی کۆنترۆڵ کردو رەسمی گومرگی زیادکرد، هەموو ئەمانەش وایکرد نرخی خەیار لــە بازاڕەکانی کوردســتان زۆر دانەبەزێت، بۆیە دەتوانم بڵێم لە پێنج ســاڵی رابردوو هیچ ساڵێک وەک ئەمساڵ خەیار پارەی نەکردووە".

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشــتوکاڵ، زیاتر 17 هەزار خانووی پلاســتیکی لە کوردستان هەن. کە 12هەزار و 66 خانوویان لە سنووری پارێزگای سلێمانین. هەر بۆیە ئەم پارێزگایە لەرووی بەرهەمهێنانی خەیار لە پێشەوەیە.

مــەلا کامیــل داود، جێگــری ســەرۆکی کۆمەڵــەی گەشەپێدانی خانووی پلاستیکی لەپارێزگای سلێمانی، دەڵێــت :"لەبــەر ئــەوەی خەیار یەکێکە لــەو بەرهەمە کشتوکاڵیانەی زوو پێدەگات و تەنیا 35 رۆژی پێویستە، هەروەها بەرهەمێکی باش دەدات و لەبازاڕیش خواستی لەسەرە، بۆیە 90%ی خانووە پلاستیکییەکانی سلێمانی بەتایبەت لە بەهار و هاویندا خەیاریان تێدا دەچێندرێ".

مەلا کامیل داود هەروەها گوتی "چاندنی خەیار لەژێر خانووی پلاســتیکی لە پارێزگای ســلێمانی بەگشتی و ناوچەی بازیان بەتایبەت شێوازی بازرگانی وەرگرتووە، ســاڵانە زیاتر لە 6 هەزار خانووی پلاســتیکی لەبازیان دەکرێنە خەیار".

مــەلا کامیــل 20 خانــووی پلاســتیکی لــە بازیان هەیــە، بۆیە لەنزیکەوە ئــاگاداری کاروباری جووتیارانە و دەڵێت :"زۆربەی جووتیاران شــارەزاییەکی باشیان لە بەرهەمهێنانی خەیاردا پەیداکردووە، ئەگەر خەیارەکانیان تووشــی نەخۆشــی نەبێ لەهــەر خانووێــک 8 تاوەکو 12 تــۆن بەرهەمیــان دەســتدەکەوێت، بۆیــە گرفتیان لەبەرهەمهێنــان نییــە، بــەڵام زۆرجار بەهــۆی گرفتی رێگای نێوان سلێمانی شارەکانی عێراق و هاوردەکردنی بەرهەمی ئێرانــی بەقاچاخ، نرخ دادەبەزێت و تووشــی گرفتی ساغکردنەوەی بەرهەم دەبن".

بــە گوتەی مەلا کامیــل زۆربەی ئــەو جووتیارانەی ســاڵی رابــردوو خەیاریان چاندبــوو، زەرەریان کردبوو، چونکە کیلۆیەک خەیاریان بە 80 دینار دەفرۆشــت، لە کاتێکدا تێچووی چاندنی یــەک کیلۆ خەیار 300 دینار بــوو. بەڵام ئەمســاڵ زۆربــەی جووتیاران لــە چاندنی خەیاردا قازانجیان کردووە.



جووتیارانی کوردستان 90%ی خانووە پلاستیکییەکانیان بە خەیار چاندووە (فۆتۆ: رووداو)

# شەڕی بازرگانی و کاریگەرییەکانی لەسەر بازاڕی وزە

عومەر ئەحمەد

"ئەمریکا دەیەوێ ببێتە گەورەترین بەرهەمهێنەری گازی سرووشتی و چینیش بووەتە گەورەترین بەکاربەر"

ئەمریکا و چین، یەکەم ئاگری شەڕی بازرگانیان هەڵگیرساند و پێناسی گومرگییان بەسەر کاڵای یەکدیدا هەر لە ئاسن و ئەلەمینیۆمەوە بگرە تاوەکو گۆشتی بەراز جێبەجێ کرد. جێبەجێکردنی پێناسە گومرگییەکان لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا هاوکات بووە لەگەڵ پاشگەزبوونەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران و گەڕاندنەوەی گەمارۆ ئابوورییەکانی سەر ئەو وڵاتە. ئەم دوو ڕووداوەش کاریگەرییان لەسەر ئاراستەی بازرگانی لە جیهاندا بە بڕی چەندین تریلیۆن دۆلار داناوە.

یەکێک لەو کاڵایانەی کە ڕاستەوخۆ چوونەتە ژێر کاریگەرییەکانی ئەو شەڕە بازرگانییە، کانزا گرنگەکانی وەک ئاسن و ئەلەمینیۆمن. ئەمریکا گەورەترین هاوردەکاری ئاسنە لە جیهاندا و هەر لە ئێستاوە بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی ئاسن کە وەک ماددەیەکی سەرەکی لە پیشەسازییەکاندا بەکاردێت، کارگەکانی ئەو وڵاتە زیانیان پێگەیشتووە.

بەڵام دەستپێکردنی ئەم شەڕە بازرگانییە لە نێوان ئەمریکا و چین، کاریگەری گەورەشی لەسەر بازاڕی نەوت داناوە. ئەمریکا ئێستا یەکێکە لە گەورەترین بەرهەمهێنەرانی نەوت و لە سێ مانگی ڕابردوودا ڕۆژانە نزیکەی 534 هەزار بەرمیل نەوتی هەناردەی چین کردووە. لەلایەکی دیکەوە چین لەگەڵ هیندستان ڕۆژانە 1.4 ملیۆن بەرمیل نەوت لە ئێرانەوە هاوردە دەکەن و تەنیا سێ مانگ کاتیان لەبەردەستە بۆ ئەوەی خۆیان یەکلایی بکەنەوە. ئەو دوو وڵاتە یان دەبێت گوێ بە گەمارۆکانی ئەمریکا لەسەر ئێران نەدەن و بەردەوام بن لە هاوردەکردنی نەوت لە ئێرانەوە، یان بەدوای سەرچاوەی دیکەی نەوتی خاودا بگەڕێن. بەپێی شرۆڤەکاران، چین ئەگەری هەیە وەک تۆڵەسەندنەوە لە ئەمریکا بەردەوام بێت لە کڕینی نەوتی ئێران و ئامادە نەبێت سەرچاوەی کڕینی نەوتی خۆی بگۆڕێت.

هەرچەندە سعودیە ڕایگەیاندووە کە ئامادەیە ئەگەر پێویست بکات ڕۆژانە 2 ملیۆن بەرمیل نەوتی زیاتر بخاتە بازاڕەوە، بەڵام ئێران ئێستا ڕۆژانە 2.7 ملیۆن بەرمیل نەوت هەناردەی بازاڕەکانی جیهان دەکات. زۆربەی شارەزایانی نەوتیش پێیانوایە ئەستەمە سعودیە بتوانێت قەرەبووی کورتهێنانی نەوتی ئێران بکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا یەکێک لەو دەگمەن وڵاتانەی کە دەتوانن نەوتی زیاتر بخەنەڕوو، ڕووسیایە کە پێشتر ڕایگەیاندووە ئاستی بەرهەمهێنانی خۆی زیاد دەکات. لەبەرئەوەشە کە ئەگەری پچڕانی نەوتی ئێران بازرگانانی نەوتی هەر لە ئێستەوە نیگەران کردووە و سەرەڕای ئەو زیادبوونەی کە لە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی سعودیە و ڕووسیا بەدی دەکرێت، بەڵام نرخەکانی نەوت لە بەرزترین ئاستی خۆیان لە دوای 2014 وە مامەڵەیان پێوە دەکرێت.

بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوەکانی بانکی ئەمریکا کە بە دووەم گەورەترین بانکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەژمار دەکرێت، هۆشداری داوە لە نەمانی نەوتی ئێران لە بازاڕدا و ڕایگەیاندووە کە نرخی نەوت بەرز دەبێتەوە بۆ 120 دۆلار.

جگە لە نەوتی خاو، هەڵگیرسانی شەڕی بازرگانیی ڕاستەوخۆ کاریگەری کردووەتە سەر بازاڕی گازی سرووشتی کە لەم چەند ساڵەی دواییدا بە خێرایی وەک جێگرەوەیەک بۆ نەوتی خاو چاوی لێدەکرێت.



شەڕی بازرگانی، هەڕەشە لە بازرگانی جیهانیی گازی سروشتی دەکات کە ساڵانە قەبارەکەی 300 ملیار دۆلارە

بڕیارەکانی دۆناڵد ترەمپ کە بوونەتە هۆکاری هەڵگیرسانی شەڕی بازرگانی، مەترسی دروستکردووە لەسەر هەوڵەکانی ئەو وڵاتە بۆ ئەوەی ببێتە گەورەترین هەناردەکاری گازی سروشتی لە جیهاندا.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای دەرهێنان و بەرهەمهێنانی گازی سرووشتیی لیتەیی، ئەمریکا خەریکە بەخێرایی دەبێتە یەکێک لە بەرهەمهێنەرە گەورەکانی گازی سروشتی لە جیهاندا. لە سەردەمی باراک ئۆبامادا کۆمپانیا ئەمریکییەکان چاویان لە بازاڕی گازی سروشتیی ئەورووپا بڕیبوو، بۆ ئەوەی جێگەی گازی سروشتیی ڕووسیا بگرنەوە، بەو پێیەی کە ڕووسیا بەردەوام وەک چەکێکی سیاسی مامەڵەی بە گازی سرووشتیی هەناردەکراوی خۆی بۆ ئەورووپا دەکرد.

لە ئەورووپا دروستکردنی هێڵێکی نوێی گازی سرووشتیی ڕووسیا بۆ ئەو کیشوەرە (هێڵی نۆرد ستریم 2) بەهۆی درێژکردنەوەی گەمارۆ ئابوورییەکانی سەر ڕووسیا مەترسی لەبارچوونی هەیە و هەروەها پرۆژە گەورەکانی قەتەر لە بواری شلکردنی گازی سروشتی ( LNG ) ڕەخنەی زۆری لێگراوە کە قۆرخکاری تێدا کراوە و ڕێگە بە هیچ ڕکابەرییەک نەدراوە لە جێبەجێکردنیان.

لەبەر ئەوەش بازاڕی گازی سروشتی، وەک یەکێک لە گرنگترین سەرچاوەکانی وزە، لەبەر شەڕی بازرگانی ڕووبەڕووی کێشە دەبێتەوە و گەورەترین باجەکەشی کۆمپانیا نەوتییەکانی خودی ئەمریکا دەیدەن کە بایی دەیان ملیار دۆلار لە بەرهەمهێنانی گازی سرووشتیدا وەبەرهێنانیان کردووە.

شەڕی بازرگانی، هەڕەشە لە بازرگانیی جیهانی گازی سرووشتی دەکات کە ساڵانە قەبارەکەی 300 ملیار دۆلارە، ئەوە لەکاتێکدایە ساڵ لەدوای ساڵ خواست بۆ گازی سروشتی زیاتر دەبێت، لەبەر ئەوەی کە بەراورد بە نەوت، سووتەمەنییەکی پاکتر و هەرزانترە.

سەرهەڵدانی شەڕی بازرگانیی نێوان چین و ئەمریکا لە کاتێکدایە کە ئەو دوو وڵاتە لە بواری گازی سروشتیدا تەواوکاری یەکترن. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پلانی هەیە لە بواری بەرهەمهێنانی گازی شلکراودا ڕکابەری قەتەر بکات کە ئێستا گەورەترین وڵاتی بەرهەمهێنەرە و هاوکات چین لە ساڵی ڕابردووە بووەتە گەورەترین بەکارهێنەری گازی سرووشتی و شوێنی ژاپۆنی گرتووەتەوە. بە دڵنیاییەوە خواستی چین بۆ بەکارهێنانی گازی سروشتی ڕوو لە بەرزبوونەوە دەکات، بەوپێیەی کە ئەو وڵاتە دەیەوێت ڕزگاری بێت لە بەکارهێنانی خەڵووز و ئەمریکاش بە ماوەیەکی کەم دەبێتە یەکێک لە بەرهەمهێنەرە گەورەکانی گازی سروشتیی شلکراو.

# تەنگەی هورمز لە هاوکێشەی وزەی جیهاندا

د. قەیوان سیوەیلی
شارەزای بواری وزە

ڕێگەگرتنی یەکجارەکی لە هەناردەکردنی نەوتی ئێران بە کارێکی مەحاڵ دەزانم، بەڵام ئەم هەڕەشانە تا ئەمڕۆ ئامانجی خۆیان پێکاوە کە ئەویش بەرزکردنەوەی نرخی وزەیە لە بازاڕەکانی جیهاندا

پاشگەزبوونەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنی وزەی ئەتۆمی ( 5+1 ) لەگەل ئێران و بڕیاری گێڕانەوەی سزا ئابوورییەکان بۆ سەر ئێران، گرژییەکی چاوەڕوانکراوی لە بازاڕی وزەی جیهاندا لێکەوتەوە.

بەردەوامیی سزا ئابوورییەکان، ئێرانی وەکو یەکێک لە وڵاتە زلهێزەکانی ناوچەکە کردووەتە وڵاتێکی خۆبەخێوکەر. لە سەرەتای ساڵانی هەشتا و دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران دژی ڕژێمی شا تا ئەمڕۆ، بەردەوامیی گرفتی شەڕ و سزا ئابوورییەکان ئەم وڵاتەیان ناچار کردووە خۆی بەرهەمهێنەری گشت پێداویستیە پیشەسازی و سەربازییەکانی و کەرەسەی ڕۆژانەی خۆی بێت، واتە ئێران خۆی وڵاتێکە کە بەهۆی سزای ئابووری و شەڕی بەردوامەوە خولْقاوە و بە بەهێزی ماوەتەوە و سوودمەند بووە. لەهەمانکاتیشدا گەلانی ئێران بەم بارودۆخە تایبەتەی وڵات و ژیان لە سایەی سزا ئابوورییەکاندا ڕاهێنراون.

تاکە کەرتێک کە پێویستی بە پیشەسازیی پیشکەوتوو و زانیاری سەردەمیانە و لەهەنکاتیشدا سەرمایەی دەرەکیی زۆرە، کەرتی نەوت و گازە کە لە ئێران لە ژێر سزاکاندا هەمیشە ناڵاندوویەتی. تا ئەمڕۆش زیاتر لە 75%ی ئابووریی ئێران بەندە بە هەناردەکردنی ڕۆژانەی نەوت و گازی سروشتییەوە. ئەم وڵاتە جگە لە یەدەگی مەزنی 150 ملیارد بەرمیل نەوت و 24 ترلیۆن مەتر سێجا گازی سروشتی، لە هەمانکاتیشدا یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ئۆرگانی ئۆپێک و ڕۆژانە نزیکەی چوار ملیۆن بەرمیل نەوتی خاو و بڕێک گازی سروشتی هەناردەی بازاڕەکانی دەرەوە دەکات، بەتایبەتیش بۆ تورکیا و وڵاتانی باشووری ئاسیا وەکو (چین، کۆریای باشوور، تایوان، هیندوستان و ژاپۆن).

بڕیاری ئەمریکا بۆ وەستاندنی بێ قەیدوشەرتی نەوتی ئێران فشارێکی گەورەیە بۆ سەر ئەم وڵاتە و وڵاتە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت و گاز، لە نێویشیاندا عەرەبستانی سعودی کە هەمیشە لە ساڵانی حەفتاکانەوە بەهۆی جیاوازیی مەزهەبی، هەمیشە خۆی لە بەرەی دژ بە ئێراندا بینیوەتەوە.

ماوەیەکی زۆرە وڵاتانی ئۆپێک بە بەردەوامی هەوڵی پڕکردنەوەی بۆشایی دابڕانی بەرهەمی نەوتی خاوی وڵاتانی لیبیا و ڤەنزوێلا دەدەن و تاڕادەیەکیش ئەم گرفتەیان چارەسەر کردووە و سەقامگیرییەک لە بڕی ڕۆژانەی نەوتی خاودا هاتووەتە ئاراوە، بەڵام پڕکردنەوەی بڕی ڕۆژانەی نەوتی ئێران لەلایەن ئەم سێ وڵاتەوە کارێکی ئاسان نابێت، هەرچەندە مەحاڵیش نییە. بەپێی هەواڵەکانیش، سعودیە بە چاوخشاندن بە بڕی یەدەکی وڵات و تایبەتمەندیی بردنە سەرەوەی بەرهەمهێنان (Swing producer) بەڵێنی زیادکردنی بەرهەمی ڕۆژانەی نەوتی خاوی بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی نەوتی ئێران بە ئەمریکاداوە.

لێرەدا پێگەی ئێران لەم کەرتەدا زۆر لاوازە، کارتی داخستنی تەنگەی هورمز کارتێکی مەزنە کە ئێران بەهۆی پێگەی جیۆپۆلیتیکی لە ناوچەکەدا بەدەستیەوە مابێت و ئەم هەڕەشەیەش بەزەقی لە وتەکانی سەرۆک کۆماری ئێران حەسەن ڕۆحانیدا ڕەنگی داوەتەوە، تا ئێستاش سەرۆک ڕۆحانی وەک مرۆڤێکی میانەڕەو دەدرێتە قەڵەم، بەڵام ئەو ئاماژەی بەوەدا کە ئەگەر وڵاتانی ڕۆژئاوا ڕێگە لە هەناردەکردنی نەوت و گازی ئێران بگرن، ئەوانیش ناچار دەبن دەست بۆ داخستنی تەنگەی هورمز ببەن کە ئەمەش بە سوودی ئابووری هیچ وڵاتێکی پیشەسازیی نەوت نابێت. نزیکەی 20%ی گشت نەوتی خاوی ڕۆژانەی جیهان لەم تەنگەیەوە تێدەپەڕێت. گرنگییەکی تری ئەم تەنگەیە بۆ جیهانی وزە ئەوەیە کە ڕێڕەوی هەناردەکردنی نەوتی وڵاتەکانی (ئێران، ئێراق، عومان، سعودیە، قەتەر، بەحرێن، کوێت و ئیماراتی عەرەبی) یە و ئەم وڵاتانە خاوەنی مەزنترین یەدەکی نەوت و گازی جیهانیشن کە نرخی هەرزانە و بە ئاسانی هەڵدەهێنجرێت. بۆیە لە سیستەمی سیاسی وزەدا بیرکردنەوە لە ئاوەها کردارێک بە بەزاندنی ڕاستەوخۆی خەتی سوور ئەژمار دەکرێت.


بارودۆخی رامیاری نێوخۆی ئێران وا دەخوازێت کە ئەو وڵاتە دەست بۆ تاکە کارتی بەهێزی خۆی بەرێت

## نەخشە :تەنگەی هورمز لە نێوان ئێران و وڵاتانی کەنداو

مەسجی ڕۆحانی لەلایەن بەرەی توندئاژۆی ئێرانەوە قۆسترایەوە و تا ئاستی دەستماچکردنی خۆشحاڵ بوون، چونکە ئەو بەرەیە ڕاستەوخۆ سوود لە دژایەتیکردنی ڕۆژئاوا دەبینێت و لەسەرەتاشەوە دژی ڕێککەوتنی (5+1) ی تایبەت بە بەرنامەی ئەتۆمی بوون. بەچاوخشاندن بە هێزی مرۆیی، سەربازی و پێگەی جوگرافی، دەتوانین بڵێین ئێران بەبێ دوودڵی لە توانایدا هەیە ڕێڕەوی هەناردەکردنی نەوتی خاو بۆ ماوەیەکی درێژ بخاتە ژێر مەترسییەوە کە گومانی تێدا نییە لە کۆتاییدا بە زیانی ئێران دەشکێتەوە، بەڵام لەوانەیە ئەو تەنگژەیە بەرەو شوێنەکانی تری ناوچەکەش تەشەنە بکات کە کەم مرۆڤی ڕامیاری توانای لێکدانەوەی ئەنجامەکانی دەبێت. لە زۆربەی نووسینەکانمدا ئەم کاردانەوانەم وەکو کرداری بەچەککردنی وزە شرۆڤە کردووە کە لە مێژووی ناوچەکەی ئێمەدا نموونەی زۆرە.

پاش هەڕەشەکانی ئێران و بەرپەرچدانەوەی ئەمریکا کە ڕێگە بەهیچ وڵاتێک نادەن ڕێڕەوی بازرگانیی نێودەوڵەتی ڕۆژانەی نەوت و گازی سروشتی بخاتە مەترسییەوە و ئەمریکا خۆی بە پارێزەری ڕێڕەوی ئابووریی جیهان دەبینێت، بەڵام وەکو ڕوونکرایەوە بارودۆخی ڕامیاری نێوخۆی ئێران وا دەخوازێت کە ئەو وڵاتە دەست بۆ تاکە کارتی بەهێزی خۆی بەرێت ئەگەرچی ئەنجامەکانی زۆر نادیار و تەمومژاوین.

لێرەدا پاش ئێران زەرەرمەند و دۆڕاوی ڕاستەوخۆ وڵاتانی باشووری ئاسیا و وڵاتە عەرەبییەکانی کەنداون کە دەبێت بەدوای چارەسەرێکی سیاسیدا بگەڕێن بۆ ئەم تەنگژەیە، وڵاتانی کەنداو بە ئێراقیشەوە کە ئابوورییان ڕاستەوخۆ بەندە بە کەرتی نەوت و گازەوە و پاش داشکانی نرخی نەوت لە بازاڕی وزەدا لە ساڵی 2014 وە دووچاری دارمانی ئابووری بوون، وا خەریکە هەنگاو بەهەنگاو بەرەو جێگیریی ئابووری دەڕۆنەوە، بۆیە گرفتێکی تری ئابووریی وەها زۆر بە زیانیان دەشکێتەوە.

وڵاتانی باشووری ئاسیا زۆربەی نەوتی خاوی ڕۆژانەیان لەم تەنگەیەوە بەدەستدێنن و چەرخی ئابوورییان ڕاستەوخۆ بە هێزی نەوت و گازی سروشتی دەچەرخێت کە خۆیان خاوەنی نین و هاوردەکەرن. لە دێر زەمانەوە ڕێڕەوی کەشتیە پڕەکانی نەوتی کەنداو زیاتر بەرەو ئەم وڵاتانەیە تا وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا، بۆیە هەر گرفتێ لەم ناوچەیە ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەریان، واتە تا پێیان بکرێت هەوڵی هێورکردنەوەی ئەم باردۆخە دەدەن و خاوەن پێگەیشن لە ناوچەکەدا.

لە کۆتاییدا ڕێگەگرتنی یەکجارەکی لە هەناردەکردنی نەوتی ئێران بۆ نێو بازاڕی وزە بە کارێکی مەحاڵ دەزانم، بەڵام ئەم هەڕەشانە تا ئەمڕۆ ئامانجی سەرەتایی خۆیان پێکاوە کە ئەویش بەرزکردنەوەی نرخی وزەیە لە بازاڕەکانی جیهاندا.



## دیلان خۆشناو کلیپێک بڵاودەکاتەوە

**ڕووداو - هەولێر**

دیلان خۆشناو، خانمە هونەرمەندی کورد، نوێترین گۆرانی خۆی بەناوی، بەڵێنەکانت کلیپ دەکات و لە ڕێگەی ڕووداوەوە بڵاوی دەکاتەوە.

دیلان خۆشناو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "خۆشحاڵم گۆرانی بەڵێنەکانت بەشێوازێکی نوێ بڵاودەکەمەوە، کە ئەم گۆرانییە لە تێکستی هێمن حەمیدە و لە میلۆدی خۆمە، هەروەها لە ئەڵمانیا کاری وێنەگرتنی ڤیدیۆکلیپەکە لەلایەن ستافێکی پرۆفیشناڵ بۆ کراوە". دیلان خۆشناو، خەڵکی هەولێرە و دانیشتووی ئەڵمانیایە، پاش ئەوەی بەشداری لە پرۆگرامی (The Voice)ی ئەڵمانیا دەکات، دەبێتە خاوەنی ناوبانگێکی زۆر، بە زمانی کوردی و ئەڵمانی و ئینگلیزی گۆرانی دەڵێت. دیلان ئێستا ئامادەکاری بۆ بڵاوکردنەوەی ئەلبوومێکی گۆرانی دەکات.

## فرمێسک، خانمە گۆرانیبێژی کورد بۆ (ڕووداو):



# هەشت ساڵ خەریکی ئەلبوومە نوێیەکەم بووم



"هێندە ناهێنێ دونیا خەم بخۆی، ئەمانەتی هاتووی دەبێ زوو بڕۆی"، ئەمە تێکستی یەکەم گۆرانییەتی کە بەهۆیەوە ناسراو و ملیۆنان کەس بینەری گۆرانییەکە و بینەری کلیپەکەی بوون. فرمێسک یەکێکە لە گۆرانیبێژەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ماوەیەک لە باشوور دەژیا، ئێستاش لە ئەڵمانیایە. بۆ بڵاوکردنەوەی ئەلبوومێکی گۆرانی هاتووەتەوە کوردستان کە لە 18ی ئەم مانگە بڵاوی دەکاتەوە. فرمێسک لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی ئەلبوومە نوێیەکەی دەکات.

**هەڤپەیڤین: دەرباز یونس**
**ڕووداو - هەولێر**

### ئێستا لە ئەڵمانیا دەژیم و خەریکی خوێندنی زمانی ئەڵمانیم

**ڕووداو: ماوەیەکی زۆرە بێدەنگی و هیچ بەرهەمێکت نەبوو، هۆکار چی بوو؟**

**فرمێسک:** من هەمیشە کەم دەردەکەوم و کەم کار دەکەم، لەم ماوەیەشدا زیاتر سەرقاڵی کاری ئامادەکردنی ئەلبوومەکەم بووم، بە کەمی کار دەکەم، چونکە کارەکانی من دەبێت لەگەڵ هەست و بیرکردنەوەم بگونجێن و حەز ناکەم لە کارکردن پەلە بکەم. هەروەها ئێستا لە ئەڵمانیا دەژیم و خەریکی خوێندنی زمانم، ئەمە هۆکار بووە.

**ڕووداو: بۆ بڵاوکردنەوەی ئەلبوومێکی گۆرانی هاتوویتەوە کوردستان، ئەم ئەلبوومە چەند تراکە؟**

### گۆرانیم بۆ ژنکوشتن و پیاوسالاری لە کوردستان گوتووە

**فرمێسک:** ئەلبوومەکەم لە 12 تراک پێکهاتووە، دوو لە گۆرانییەکانی نێو ئەلبوومەکە کلیپکراون و لە ڕابردوودا بڵاوکراونەتەوە کە ئاوازی خۆمن، هەروەها بەشێکی ئاوازەکانی نێو ئەلبوومەکەم لە لایەن هونەرمەند بورهان موفتی زادە ئامادەکراوە، خۆشی سەرپەرشتی بەرهەمهێنانی ئەلبوومەکەی کردووە، چەندین هونەرمەند و کەسانی دیکەش کاریان تێدا کردووە.

**ڕووداو: ئەلبوومەکەت ناوناوە "ئاوازی فڕین"، مەبەست لەم ناوە چییە؟**

**فرمێسک:** ئەمە ناوی یەکێک لە گۆرانییەکانی ئەلبوومەکەیە، تێکستی شاعیری گەورەی کورد مامۆستا هێمنە. ئەم گۆرانییە باس لە ئازادی و سەربەخۆیی تاک و مرۆڤەکان دەکات لە ڕۆحدا، باس لەوە دەکات مرۆڤ دەتوانێت ڕۆحی ئازاد و سەربەخۆ بێت.

**ڕووداو: دەکرێت بڵێین ئەم گۆرانییە باس لە ژیانی تایبەتی فرمێسک دەکات؟**

**فرمێسک:** بەڵێ بێگومان، نەک هەر تەنیا باسی من دەکات، بەڵکو باس و گوزارشتە لە ژیانی هەموو کەسێک.

**ڕووداو: یەکێک لە گۆرانییەکانی نێو ئەلبوومەکەت بەناوی "هونەرمەند" پێشتر بڵاوکراوەتەوە، ئەم گۆرانییە دەنگۆی زۆری دروستکرد، بابەتێکی لەسەر ژیانی هونەرمەندان وروژاند لە نێو کۆمەڵگادا، ئەمە ژیانی ڕاستەقینەی تۆیە وەک هونەرمەندێک؟**

**فرمێسک:** بەڵێ، ئەمەش یەکێکە لە تێکستەکانی مامۆستا هێمن، ئەم بابەتە بۆ هونەرمەندانی ڕۆژهەڵات کە لە ژێر چاودێرییەکی توندی حکومەتدان بابەتێکی غەریب نییە، من ئەو کاتەی ئەو گۆرانییەم گوتووە لە ژیانێکی زۆر ناخۆشدا بووم، هەمیشە کاتێک گۆرانی دەڵێم، باس لە ژیانی خۆم دەکەم لەم سەردەمەدا، بەڵام ئەمە ژیانی هونەرمەندانە بەگشتی، بەتایبەتی هونەرمەندانی ڕۆژهەڵات.

**ڕووداو: لە ئەلبوومەکەتدا گۆرانییەک بۆ ژنانیش هەیە، ئەوەیان چییە؟**

**فرمێسک:** ئەو گۆرانییە تێکستی شاعیری خوالێخۆشبوو "حەسەن یانی"یە، تێکستەکەی باس لە خەم و خەفەتی دەروونی ژنی کورد دەکات، باس لەوە دەکات کە لە نێو چ ئازارێکدا دەژین، باس لەوە دەکات کە ژنانی کورد یەکسان نین لەگەڵ پیاوان، باس لەوە دەکات کە لە ساڵی 2018 لەسەر بابەتی نامووس ژن دەکوژرێ، ئەم گۆرانییە بۆ ئافرەتانی کورد و خەم و خەفەتەکانی گوتراوە.

**ڕووداو: ئەم ئەلبوومە کەی بڵاودەکرێتەوە؟**

**فرمێسک:** لە 18ی مانگ بڵاودەکرێتەوە، هەروەها لە ڕێگەی ئۆنلاین لە ئای تونز بڵاودەکرێتەوە.

**ڕووداو: هونەرمەندانی کورد کەمتر پشت بە بڵاوکردنەوەی ئۆنلاین دەبەستن، چۆنە تۆ بیرت لە ئۆنلاین کردووەتەوە؟**

**فرمێسک:** ئەلبووم لە کوردستان هەر کۆپی دەکرێت، بەڵام لە ئەوروپا کوردی ئەوێ ناتوانن ئەلبووم کۆپی بکەن، بۆیە دامانناوە بۆ ئەوەی لەوێ کورد بتوانن ئەلبوومەکە بکڕن، چونکە ئەم ئەلبوومە ڕەنج و ماندووبوونی هەشت ساڵ ژیانی منە.

**ڕووداو: بۆچی بەرهەمهێنانی ئەلبوومێک بۆ تۆ هەشت ساڵی خایاند؟**

**فرمێسک:** چونکە من هیچ سپۆنسەرم نەبوو، هەمووی لەسەر خەرجی خۆم بوو، جگە لەوەی چەند کەسێکی ئازیز هاوکارییان کردووم، بەڵام بەپێی پێویستی بەرهەمهێنانی ئەلبوومەکە نەبووە.

**ڕووداو: بەنیاز نیت کۆنسێرتی گۆرانی بکەی؟**

**فرمێسک:** بەڵێ بەنیازم، بەڵام ئەمە پلانی ئێستا نییە و پلانی داهاتووە کە مەبەستمە کۆنسێرت لە شارەکانی هەولێر و دهۆک بکەم.

### گۆرانییەکانم باسی ژیانی منن

## خانمە گۆرانیبێژ ئەمەل سەعید کوردە بۆ (ڕووداو):

# دەمەوێ ستایلی کاری خۆم بگۆڕم



ئەمەل سەعید کوردە، نزیکەی 20 ساڵ دەبێت لە بواری گۆرانی و میوزیکی کوردیدا کار دەکات. یەکەمین هەنگاوی بەرەو گۆرانیگوتن لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی بوو کە چووە سەر تەختی شانۆ و ڕاستەوخۆ گۆرانی پێشکەش کرد. دواتر گۆرانیی "سنوور ئارام بە" دەرگای ناوبانگی لەسەر کردەوە. ئەمەل زیاتر لە 15 ساڵە لە بەریتانیا دەژی، دوایین پرۆژەشی کارنامەی دەرچوونی زانکۆیەتی لە لەندەن کە بەناوی (بریقەیەکی کوردی لە میوزیکی جازدا) پێشکەشی کردووە، ئەو لەو کارنامەیەدا کولتووری کوردی و ڕۆژئاوایی بەتایبەتی ستایلی جازمیوزیک لەگەڵ میوزیکی کوردی تێکەڵکێش کردووە.

**هەڤپەیڤین: هیوا سەلاح**
**ڕووداو - هەولێر**

**ڕووداو: ئەم بڕوانامەیەی میوزیک تا چەند گۆڕانکاری لە ژیانی هونەریی تۆدا کردووە؟**

**ئەمەل:** هێشتا گۆڕانکاری لەسەر ژیانی من ڕەنگی نەداوەتەوە، بەڵام زۆر خۆشحاڵ و دڵخۆشم کە توانیومە ببمە خاوەنی بڕوانامە لە میوزیکی سەردەم بە تایبەتی ستایلی جاز، من یەکێکم لەو خانمانەی باشووری کوردستان کە لەم جۆرە ستایلە بڕوانامەم وەرگرتووە و ئێستا میوزیکی سەردەمی پێدەڵێن، بەتایبەتی جازمیوزیک.

**ڕووداو: کەواتە ئەم بڕوانامەیە ستایلی گۆرانیگوتنی تۆ دەگۆڕێ؟**

**ئەمەل:** بێگومان هەوڵ دەدەم گۆڕانێک بەسەر ستایلی کارکردنمدا بهێنم. ئەوە یەکێک بوو لە ئامۆژگارییەکانی مامۆستای زانکۆکەم. دوای ئەوەی دوایین کارنامەی زانکۆمیان بینی، نمرەیەکی باشم لەسەر هێنا، زۆریان ئامۆژگاری کردم کە ئەو گۆرانیانە تۆمار بکەم لە تێزی نامەی بکالۆریۆسەکەم پێشکەشم کردوون. لەوێ جاز و بلوزم لەگەڵ میوزیکی کوردیدا تێکەڵ کردووە. ئەوان بە دڵیان بووبێت کە زۆربەیان خاوەن دکتۆرا و ماستەرن، کەواتە بۆ لای خۆمان قبوڵمان نەبێت و نەیکەین!

**ڕووداو: تا چەند گرنگە گۆرانیبێژ شارەزایی لە مەقامات و میوزیک هەبێت؟**

**ئەمەل:** بەڕای من جارێ پێش مەقامەکان، با گۆرانیبێژەکان هیچ نەبێ بنچینە و بنەمایەکی باش لە میوزیک و تیۆرەکانی بزانن، پاشان با بێنە سەر مەقامزانین، چونکە مەقام هەموو کەسێک ناتوانێت کاری لەسەر بکات، لەبەر ئەوەی هێندە ئاسان نییە، من خۆشم بە یەکێک لە مەقامزانەکان نازانم، لەبەر ئەوەی من دەزانم مەقام بچڕم، بەڵام لە هەموو وردەکارییەکانی شارەزا نیم، هەڵبەتە هەوڵمداوە ئەو مەقامەی دەیچڕم زانیاری لەسەر کۆبکەمەوە، بۆ ئەوەی بە نەزانی مەقامەکە نەڵێم.

**ڕووداو: تێکەڵکێشکردنی میوزیکی کوردی و ڕۆژئاوایی و جاز تاچەند خزمەت بە کولتووری کوردی دەکات؟**

**ئەمەل:** هیچکام لە ئێمە کە لەدایک دەبین، سەرەتا هیچ زانیارییەکمان نییە، دواتر قسەکردن و ڕۆیشتن و خواردن لە گەورەکانەوە فێر دەبین. لەبەر ئەوەی ئەم ستایلە لە نێو کورد زۆر بەکەمی کاری لەسەر کراوە، بێگومان دەبێت لەسەرەتاوە بەکۆپی دەستپێبکەین، من پێموایە میوزیکی کوردی لەمبارەیەوە زۆر سوود دەبینێت، وەکو چۆن دارێک دەهێنین دوو جۆرە میوەی موتوربە دەکەین، تاموچێژێکی تایبەت دەبەخشێ. تێکەڵکێشکردنی میوزیکی ڕۆژئاوایی و کوردیش بەهەمان جۆر تاموچێژێکی تایبەت دەبەخشێ و پێموایە بەسوودی گۆرانی و میوزیکی کوردی تەواو دەبێ.

### ستایلی جاز و بلوزم لەگەڵ میوزیکی کوردی تێکەڵ کردووە

**ڕووداو: لە یوتیوب و سۆشیال میدیا وەک مامۆستایەکی میوزیک وانەی میوزیک دەڵێیتەوە، پەیامی تۆ چییە لەم کارە؟**

**ئەمەل:** دوای وەرگرتنی ئەم بڕوانامەیە، حەزم کرد ئەوەی من فێربوومە بیگوازمەوە بۆ خەڵکانی دیکە و سوود لە کارەکانی من ببینن. من پێموایە هەندێ لە هاوڕێ گۆرانیبێژەکانیشم پێویستیان بەو تەکنیک و شێوازە نوێیانەی گۆرانیگوتن هەیە کە ئێمە پێشتر نەمانزانیوە، مەبەستەم ئەوەیە کە ئێمە هەموومان پێویستمان بەوەیە ساڵانە خۆمان بەتەکنیک و کاری نوێ ئەپدەیت بکەینەوە، پاشان من هەوڵمداوە ئەو تەکنیکانەی لە ماوەی چوار ساڵی زانکۆ فێری بووم، لە ڤیدیۆیەکدا کورتی بکەمەوە، تاوەکو هەموو کەسێک لێی سوودمەند بێت. سەرەتاش من بەڵێنم بەخۆم دابوو کە دوای ئەوەی زانکۆ بەسەرکەوتوویی تەواو دەکەم، ڕەزیلی لە زانیاری بەخشین نەکەم و لەگەڵ خەڵکی دیکە بەشی بکەم.

**ڕووداو: شێوازی جلوبەرگی خۆت گۆڕیوە و بەردەوام کڵاو و شاڵێک دەپۆشی، ئەمە ستایلی تۆیە یان لاساییکردنەوەی هونەرمەندێکە؟**

**ئەمەل:** دەکرێت هەردووکیان بێت، هەم لاسایی هونەرمەندێکی جاز بێت، دەشێت ستایلی خۆم بێت، کاتێک من بە ستایلی جاز کار دەکەم، دەبێت جلوبەرگیشم لەو ستایلە نزیک بێت، بۆ نموونە ئەو کاتەی من ئەترۆحەی زانکۆم پێشکەش کرد، کە تێکەڵکێشی میوزیکی کوردی و جاز بوو، جلوبەرگەکەشم تێکەڵێک بوو لە کوردی و ستایلی جازمیوزیک، ئەو کڵاوەی کردمە سەر، مۆدێلی ساڵانی پەنجاکان بوو کە لە دیزاینی دڵگەش موراد بوو، چەند سیمبولێکی کوردیم تێکەڵ کردبوو، وەکو چۆن میوزیکەکەم تێکەڵ کردبوو، جلوبەرگەکەشم تێکەڵکێش کردبوو.

**ڕووداو: دوایین بەرهەم و پرۆژەت چییە؟**

**ئەمەل:** دوایین پرۆژەم ئەوەیە کە دەمەوێت کارنامەکەی زانکۆ بکەمە سیدییەک و بیهێنمەوە کوردستان و پێشکەشی زانکۆکانی کوردستانی بکەم، لەگەڵ ئەوەشدا دەخوازم لەگەڵ هاوڕێ میوزیکژەنەکانم، لە کوردستان ئەم کارنامەیەم ڕاستەوخۆ پێشکەش بکەمەوە، بەڵام ئێستا بەدوای سپۆنسەرێکدا دەگەڕێم بۆ ئەوەی ئەرکی ئەم پرۆژەیەم لە ئەستۆ بگرێ.

رووداو تاراوگە
ژمارە (512) - دووشەممە 2018/7/9



## 203 کۆچبەر دیپۆرتی باشووری کوردستان دەکرێنەوە

**رووداو - هەولێر**

203 کەسی هەڵگری پاسپۆرتی عێراقی کە بەشێکیان خەڵکی عێراق و بەشێکی دیکەیشیان خەڵکی باشووری کوردستان بوون، دوای ئەوەی لەڕێگەی تورکیا بەرەو ئەورووپا دەستگیرکران، لەڕێگەی پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەل ئەنقەرە گەڕێندرانەوە. ئەو کەسانە دەیانویست لەرێگەی تورکیاوە بەرەو ئەورووپا بچن، بەڵام لەنێوان تورکیا و یۆنان دەستگیرکراون. هەندێکیشیان نزیکەی 50 رۆژ لە زیندانەکانی تورکیادا بوون. دوای ئەوەی ئەو کۆچبەرانە لەرێگەی پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەنقەرە گەڕێندرانەوە، هەموویان لەرێگەی ئاسایشی ئیبراهیم خەلیل ئازادکران. لەنێو ئەو کەسانەدا 10ـیان عێراقی بوون و ئەوانەی دیکە کورد بوون.

### زانکۆکانی تورکیا لەبەر نەزانینی زمانی تورکی وەریاننەگرت

BIG STORY

# پرۆفیسۆرێکی کورد بووەتە ئومێدێکی نوێ بۆ چارەسەری شێرپەنجە

ئەو هێشتاش دیمەنی ئەو مامۆستایەی لەبەرچاوە کە لە گوندەکەیان لە ناوچەی سەرحەدی باکووری کوردستان هاتە پۆلەکەیان و گوتی: "جا باسی چیتان بۆ بکەم؟ ئێستا باسی کارەبا بکەم، نازانن چییە. کەواتە با باسی ژیان بکەین باشترە". پرۆفیسۆر حوسێن بەکتاش لە نووسینگەکەی خۆی لە نەخۆشخانەی شاری برێمنی ئەڵمانیا ئەم قسەیەمان بۆ دەگێڕێتەوە. ئەو ئێستا سەرۆکی گرنگترین بەشی نەخۆشخانەکەیە و بەدەیان پزیشکی ئەڵمان لەژێر دەستیدا فێری نەشتەرگەریی زۆر هەستیار بە رۆبۆت دەبن و. رۆژانە دەیان نەخۆش بەسەرپەرشتیی ئەو پزیشکە کوردە، نەشتەرگەریی جۆراوجۆری وەک دڵ و جۆرەکانی دیکەیان بۆ دەکرێت. ئەو بەپێکەنینەوە دەڵێت: "لە زانکۆکانی تورکیا پێیانگوتم تورکی نازانیت و ناتوانین وەرتگرین". بەڵام ئێستا لە میدیای ئەڵمانیدا وەک "ئومێدێکی نوێ بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشانی شێرپەنجە" ناوی دەهێنرێت.

هێمن عەبدوڵڵا
رووداو - هانۆڤەر



پرۆفیسۆر حوسێن بەکتاش سەرۆکی گەورەترین بەشی نەخۆشخانەیەکی شاری برێمنی ئەڵمانیایە (فۆتۆ: رووداو)



هەموو بەیانییەک دەبووایە کاژێر پێنجی بەیانی لەخەو هەستێ و بەرخەکانیان بباتە دەشت و کێوەکانی ناوچەی سەرحەد. لەم ساڵانەی دواییدا حوسێن جارێکی دیکە چوویبووەوە ئەو ناوچەیە، بەڵام چیدی کوڕە بچکۆلەکەی ماڵباتە هەژارە 12 کەسییەکە نەمابوو کە دەبووایە لە خانووێکی دوو ژووریدا جێگەی خۆیان بکەنەوە. بەڵکو ببووە پرۆفیسۆر حوسێن بەکتاش کە لە ئەڵمانیا و ئەورووپا ناوێکی ناسراوە و لە کۆڕ و کۆبوونەوە زانستییە گەورەکاندا داوای لێدەکەن چەند خولەکێکیش بێت قسە بۆ ئەوانە بکات کە تامەزرۆی بیستنی قسەکانین. پرۆفیسۆر بەکتاش لەوکاتەوە تاوەکو ئێستا دەستی لە خووی زوو لەخەوهەڵسانی بەیانیان هەڵنەگرتووە، هەمیشە کاژێر پێنجی بەیانی گورجوگۆڵ هەڵدەستێت. سەرەتای رۆژەکەی بە کاژێرێک راکردن لە پارکە دڵخوازەکەی خۆی لە شاری هانۆڤەر دەستپێدەکات. ئەو عاشقی ئەو پارکە بووە و دەڵێت: "لەگەڵ درەختەکان قسە دەکەم و بە رێگە خاکییە درێژەکاندا رادەکەم. بەردەوام چیرۆکەکانی منداڵیم لە کوردستان دەگێڕمەوە و باسی ئەو دار و درەختانەیان بۆ دەکەم کە ئەوکات لە کوردستان ناسیومن".

دوای ئەوە، پرۆفیسۆر بەکتاش دەچێتە نەخۆشخانە و لەوێ لە ئۆفیسەکەی لە دوو وێنە دەڕوانێت کە هەڵواسراون و بەردەوام لەپێشچاوین. یەکێکیان وێنەی ماڵە بچووکەکەیانە لە سەرحەد: "چونکە دەمەوێ هەمیشە لەبیرم بمێنێ کە کێم و لەکوێوە هاتووم". دووەمیش وێنەیەکە کە لە باکووری کوردستان گیراوە و هەردوو دەریاچەی وان و چەمە بچووکەکانی دیکەی باکووری کوردستانی لێوە دیارە "ئەو دیمەنەی لەوێوە دەیبینین، جوانترین شتە کە لەسەر رووی زەوی هەبێ".

### نەخۆشکەوتنی دایکی

حوسێنی بچکۆلە شوان دەبێت کە باوکی بۆ کارکردن دەچێتە ئەڵمانیا. لەبیریەتی لەو رۆژانەدا دایکی نەخۆشییەکی مەترسیدار دەگرێت. بەڵام هیچ پزیشکێک لەو ناوچەیەی ئەوان نابێت. بۆیە حوسێن و خوشک و براکانی بە چاوی پڕ لە گریان و بە دڵی شکاوەوە بەپێ بەرەو ناوچەیەکی زۆر دوور دەڕۆن تا پزیشکێک بۆ دایکیان بدۆزنەوە: "ئەو رۆژە لەدڵی خۆمدا گوتم دەبێ کە گەورەبووم ببمە پزیشک. بۆ ئەوەی بتوانم خزمەتی میللەتەکەی خۆم بکەم". ئەو نەیدەزانی رۆژێک دێت هەر ئەو قوتابییانە نا کە ساڵانە لە کوردستانەوە بۆ خوێندنی پزیشکی رووی تێدەکەن و ئەو هاوکارییان دەکات بۆ خوێندن، بەڵکو هەموو ئەورووپاییەکان بە چاوی رێز و سەرسامییەوە لێی دەڕوانن و ناشزانن هەمان ئەو پرۆفیسۆرە رۆژانێک شوان بووە و توانای دۆزینەوەی پزیشکێکی بۆ دایکە نەخۆشەکەی نەبووە.

### کارەباچییە؟

پرۆفیسۆر حوسێن پێدەکەنێ و دەڵێت: "من تا بەتەواوی گەورەش ببووم نەمدەزانی کارەبا چییە. رۆژێک مامۆستایەکمان بۆ هات و دەبووایە بەپێی پرۆگرامی خوێندن باسی کارەبامان بۆ بکات. پێیگوتین: ئێستا باسی کارەباشتان بۆ بکەم ئێوە نازانن چییە و نەتاندیتووە، کەواتە با باسی ژیان بکەین باشترە". ئەو هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێ و دەڵێت: "من زۆر حەزم لە خوێندنی زانکۆ بوو، زۆر هەوڵمدا لە زانکۆ بخوێنم، بەڵام هیچ زانکۆیەک وەرینەدەگرتم. هەموویان دەیانگوت تورکییەکەت بەشی ئەوەندە باش نییە لە زانکۆ بخوێنی".

### خەونێک دەبووایە وەدیبێت

حوسێنی گەنج واز لە خەونی چوونە زانکۆ ناهێنێ. باوکی لە ئەڵمانیا خەریکی ئیشکردن دەبێ و ساڵانە جارێک دەگەڕێتەوە لایان. ئەو بڕیار دەدات بچێتە لای باوکی و لەوێ هەوڵ بدات مافی چوونە زانکۆ وەربگرێت: "لە ئەڵمانیا دەستمکرد بە خوێندنی زمان. لەو ماوەیەدا لە پۆلەکەماندا کوردی هەر چوار پارچەی کوردستانی تێدابوو. رۆژێک کە خۆمان دەناساند، یەکێکی ئەفریقایی لە تەنیشتمان دانیشتبوو گوتی: هەریەکەتان خەڵکی بەشێکی کوردستانن، کەواتە منیش خەڵکی کوردستانی ئەفریقام".

حوسێن لە شاری برێمن فێری زمانی ئەڵمانی دەبێت، بەڵام ئێستا هەمان کەس سەرۆکی گەورەترین بەشی نەخۆشخانەیەکی هەمان شارە و ناوی و وێنەکانی لەسەر دیواری نەخۆشخانەکە وەک شانازیی گەورەی شارەکە هەڵواسراون. پرۆفیسۆرێکی هاوڕێی کە ئەڵمانییە و لە هەمان نەخۆشخانەیە، پرۆفیسۆر حوسێن وەک "پیاوێکی زۆر خوێندەوار و سەرکەوتوو و ماندوو" بە (رووداو) دەناسێنێ.

### کوردستان لە پەنجەرەی ماڵدا

پرۆفیسۆر بەکتاش هاوژینی ناجیە چەلەبییە. خانمێک کە بەرپرسێکی باڵای سەندیکا کرێکارییەکانی ئەڵمانیایە. ئەو سەندیکایانە کاریگەریی گەورەیان لەسەر سیاسەتی ئابووریی ئەڵمانیا هەیە و هەرکاتێک حکومەتێکی نوێ پێکبێت، بە پرسکردن بەوان سیاسەتی کار رێککەوتنی لەسەر دەکرێت. ئەو ژن و مێردە هەرچەندە لە دەرەوە دوو کەسایەتی کاریگەری ئەڵمانیان، بەڵام کاتێک دەگەڕێنەوە ماڵەوە، ژن و مێردێکی کوردیی نووژەنن و وەک ناجیە خانم باسی دەکات "تیمێکن". پرۆفیسۆر بەکتاش لە ئیشی نێوماڵدا دەستڕەنگینە و هەمیشە هەوڵ دەدات زۆربەی ئیشەکانی ماڵ خۆی بیکات. خۆشترین کاتەکانی ژیانیشی ئەوکاتەیە کە رۆژانی یەکشەممە لەو شوێنە تایبەتەی بە شووشە بەرامبەر باخچە سەوزەکەی ماڵەکەیان دروستیان کردووە، لەگەڵ ناجیە خانم دادەنیشێ و پێکەوە گوێ لە گۆرانییە کۆنەکانی ناوچەی سەرحەد دەگرن: "کە گوێ لە کلامێن سەرحەدێ دەگرین، دەگەڕێینەوە بۆ منداڵی و بۆ وڵاتی خۆمان. دیسان گەنج دەبینەوە و هەستدەکەین کوردستان هاتووەتە نێو باخچەکەمان".

**رۆژی چوارشەممە کاژێر دەی ئێوارە بەکاتی هەولێر لە بەرنامەی بیگ ستۆریی تەلەفزیۆنی رووداودا دۆکیۆمێنتارییەک لەسەر ژیانی پرۆفیسۆر بەکتاش ببینە.**

> تا گەورەش بووم نەمدەزانی کارەبا چییە

> لە کوردستان شوان بووم و بەیانیان زوو دەچوومە بەر بەرخان

> 12 کەس لە ماڵێکی دوو ژووریدا دەژیان

# دایکێکی کورد داوای تەرمی کوڕەکەی لە حکومەتی ئوسترالیا دەکاتەوە

**رووداو - هەولێر**

ماوەیەکی کورت بوو لەگەڵ یەکێک لە ئافرەتەکانی کەمپی کۆچبەران لە ناورو هاوسەرگیری کردبوو، دایکی و هاوڕێکانی لە کەمپ دڵیان خۆش بوو کە پاش ماوەیەکی زۆر لە تێکچوونی باری دەروونی، دواجار فەریبۆرز کەرەمی، پەناخوازی کورد، چاوی لە داهاتووە و خەون بە ژیانێکی نوێوە دەبینێ. بەڵام پاش چەند هەفتەیەک، تەرمی فەریبۆرز لە ژێر خێوەتەکەی خۆیدا دۆزرایەوە. دایکی فەریبۆرز حکومەتی ئوسترالیا بە بەرپرسیار دەزانێ لە چارەنووسی کوڕەکەی و داوا دەکات تەرمەکەی لە ئێران و لە ناورو نەنێژرێ.

فەزیلە مەنسووربەگی، دایکی فەریبۆرز، چەند رۆژێک دوای مەرگی کوڕەکەی لە نامەیەکدا بۆ هێزەکانی سنووری ئوسترالیا (ABF) دەڵێت: "ماوەی پێنج ساڵە خۆم و دوو منداڵەکەی منتان لە ناورو بەند کردووە و پشتگوێتان خستووین. ئێوە تەنانەت مۆبایلێکتان بە من رەوا نەبینی، چونکە دەترسان لێتان لە قاو بدەم، بەڵام هەمیشە پێمدەگوتن ئەگەر شتێک بەسەر منداڵەکانم بێت، بێدەنگ نابم".

فەزیلە و دوو کوڕەکەی ماوەی پێنج ساڵ دەبێ لە کەمپی کۆچبەرانن لە ناورو کە یەکێکە لەو شوێنانەی حکومەتی ئوسترالیا بۆ رێگریکردن لە هاتنی کۆچبەری نایاسایی دایمەزراندووە. سیاسەتی حکومەتی ئوسترالیا ئەوەیە کە هیچکام لەو کۆچبەرانەی بە بەلەم روو لەو وڵاتە دەکەن، نابێ مافی نیشتەجێبوونیان پێبدرێ، بۆیەش یەکسەر رەوانەی کەمپی وەکو ناوروویان دەکەن و لەوێ رایاندەگرن. دەیان وڵاتی رۆژئاوایی، نەتەوە یەکگرتووەکان، رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی و رێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ ئەو رەفتارەی حکومەتی ئوسترالیا بە نایاسایی دەزانن.

> پێنج ساڵ کوڕەکەمتان لەبەر گەرما راگرت، ئێستا تەرمەکەتان لە شوێنێکی سارد راگرتووە
>
> فەزیلە، دایکی فەریبۆرز

لە مانگی نیسانی ئەمساڵدا، عەلی برای فەریبۆرز، لە پەیامێکی ڤیدیۆییدا داوای هاوکاریی کرد و گوتی: "هەست بە بێ دەرەتانی دەکەم، چونکە هیچ کەسێک نییە یارمەتیمان بدات. دایکم نەخۆشە و براکەم تووشی خەمۆکیی قورس بووە". راپۆرتی پزیشکی رێکخراوی خزمەتگوزاری تەندروستی و پزیشکی جیهانی لە مانگی نیسان قسەکانی عەلی پشتڕاست دەکەنەوە. لە بەشێک لە راپۆرتەکەدا هاتبوو "فەریبۆرز بەهۆی ئەوەی لە تەمەنی 10 ساڵان لە ئێران دەستبەسەرکراوە، لە دۆخێکی یەکجار سەختدا ژیان بەسەر دەبات".

هاوڕێیەکی نزیکی فەریبۆرز لە کەمپەکە بە رۆژنامەی (گاردیەن)ی بەریتانی راگەیان کە رۆژێک پێش رووداوەکە چاویان بەیەک کەتبوو "بەڵام فەریبۆرز ماوەیەکی زۆر بوو بەدەست دۆخی نالەباری خێزانەکەیەوە ئازاری دەچەشت، ئەو هەم نەخۆش کەوتبوو، هەمیش تاقەتی لێبڕابوو". فەریبۆرز کە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بوو، یاریزانێکی تۆپی پێ بوو، ماوەیەک پێش مردنە گوماناوییەکەی، توانیبووی لەگەڵ هاوڕێ ئێرانییەکانی لە هەڵبژاردەی تۆپی پێی ناورو ببەنەوە.





هاوژینی فەریبۆرز شەوان لە تەنیشت تەرمی هاوژینەکەی دەخەوێ

لە ساڵی 2012ەوە کە کەمپەکانی سەر دوورگەکانی دەرەوەی خاکی ئوسترالیا کراونەتەوە، 12 کۆچبەر بەهۆی نەخۆشی، برین یان خۆکوشتن گیانیان لەدەستداوە. ژمارەیەکی زۆری دیکەش لەلایەن پاسەوانانی کەمپەکانەوە کوژراون یان بەهۆی نەمانی دەرمانەوە مردوون، ئەمە جگە لەوەی دەیان کەسیش لە رێگەی قاچاخ کوژراون.

### کێ لە مردنی فەریبۆرز بەرپرسیارە؟

بەگوێرەی راپۆرتێکی (گاردیەن)، پشکنین بۆ تەرمی فەریبۆرز کراوە، بەڵام بەرپرسانی کەمپەکە بە فەزیلەیان راگەیاندووە کە راپۆرتی کۆتایی سێ مانگی دەوێ هەتا دەربچێ و تاوەکو ئەو کاتیش تەرمەکەی بۆ ناشتن نادرێتەوە دەست خێزانەکەی. خێزانی فەریبۆرز مانی لە خواردن گرتووە و ئامادە نییە جگە لە ئاو هیچی دی بخواتەوە. شەوانیش لە نزیک ئەو بەفرگرە دەخەوێ کە تەرمی مێردەکەیان تێدا هەڵگرتووە.

گوتەبێژی فەرمانگەی کۆچبەرانی ئوسترالیا بە رۆژنامە بەریتانییەکەی راگەیاندووە "فەرمانگەکەی ئێمە ئاگاداری ئەو حاڵەتی مردنەیە. بەڵام لێکۆڵینەوەکانی دیکە لەو کەیسە دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵاتی حکومەتی ناورو" کە لەساڵی 1968ـەوە سەربەخۆیی لە ئوسترالیا، بەریتانیا و نیوزیلەند وەرگرتووە و زۆر جار بە "دوورگەی خۆش" ناودەبردرێ. حکومەتی ئوسترالیا ئەو دوورگەیە و دوورگەی مانوس لە پاپوا نیو گینیا بۆ دانانی کەمپی دوورەدەستی کۆچبەران بەکاردەهێنێ.

بەڵام ستافی کەمپەکەی ناورو کە فەزیلە بە قەسابخانە و ئەشکەنجەخانەی ناورو ناوی دەبات، حکومەتی کانبێرا بە بەرپرسیار دەزانێ و دەڵێت "ئەم رووداوە لە کەمپێکی حکومەتی ئوسترالیادا روویداوە".

فەزیلە لە بەشێک لە نامەکەیدا بەرپرسانی حکومەتی ئوسترالیا و کەمپی ناورو بە تاوانباری کوشتنی کوڕەکەی دەزانێ و نووسیویەتی: "لەو رۆژەوە تەرمی کوڕەکەی منتان لەناو بەفرگردا هەڵگرتووە. ئەگەر بەدوای بکوژی کوڕەکەمدا دەگەڕێن، بۆن بەدەستی خۆتانەوە بکەن. ئەوە ئێوە بوون کە ماوەی پێنج ساڵ ئەوتان لە ژێر ئەم گەرما کوشندەیەدا راگرت و ئێستاش تەرمەکەیتان لەو شوێنە ساردەدا راگرتووە".

دوو رۆژ پێش مردنی کوڕەکەی، فەزیلە نامەیەکی بۆ کۆمپانیای کۆنستراکت نارد کە لایەن حکومەتی ئوسترالیاوە ئەرکی پاسەوانی و چاودێری کەمپی کۆچبەرانی ناوروی پێ دراوە. لە نامەکەدا کە رۆژی 13ی حوزەیرانی ئەمساڵ نووسراوە، هاتووە "منداڵەکانم تووشی خەمۆکی بوون، خۆیشم لەڕووی دەروونی و جەستەییەوە تێکچووم. تاوەکو ئێستا چەندین جار داوای یارمەتیم لێکردوون، بەڵام هەموو جارێ برینێکی قووڵترتان خستووەتە سەر دڵم، ئەگەر دۆخی منداڵەکانم و خۆم لەوەی ئێستا خراپتر بێ، ئێوە بەرپرسیارن".

فەریبۆرز نەخۆشیی خەمۆکی هەبووە و پێشتر لە تەمەنی 10 ساڵاندا لە ئێران ئەشکەنجە درابوو. راپۆرتی پزیشکانی کەمپەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە گەنجە 26 ساڵانەکە بە دەست کەمخەوییەوە دەیناڵاند، شەوان کابووسی هەبووە و مانەوە لە کەمپەکە بارە دەروونییەکەی هێندەی دیکە تێکدابوو.

فەزیلە کە دوای مردنی کوڕەکەی لەژێر چاودێری سەختی پاسەوانانی کەمپەکەدایە، لە یەک ساڵی رابردوودا چەندینجار داوای باشترکردنی رەوشی چادرەکەیانی کردووە، بێ ئەوەی بەرپرسانی کەمپەکە ئاوڕێک لە داواکارییەکەیان بدەنەوە. ئێستاش فەزیلە لە خەمی گیانی کوڕە 12 ساڵانەکەی دیکەیدایە کە تیمی پزیشکی کەمپەکە دەڵێن "لە دۆخێکی یەکجار نالەباری دەروونیدایە".

## ژنێک بە تۆمەتی خنکاندنی خەسووی دەستگیردەکرێ

**رووداو- سلێمانی**

پۆلیسی سلێمانی رایگەیاند، لە قەزای چەمچەماڵ ژنێک دەستگیرکراوە کە دایکی هاوژینەکەی (خەسوو)ی کوشتووە. بەشی راگەیاندن و پەیوەندییەکانی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی دەڵێت،رۆژی 2018/7/8 لە رووداوێکی کوشتن لە چەمچەماڵ ئاگادارکراونەتەوە، دوای گەیشتنی هێزەکانی پۆلیس و تیمەکانی بەڵگەی تاوانی بەشی پۆلیسی چەمچەماڵ تەرمی (ر،م،س)ی تەمەن (80) ساڵ رەوانەی پزیشکی دادی سلێمانی کرا. پۆلیسی سلێمانی دەڵێت "دوای لێکۆڵینەوەی ورد لە رووداوەکە توانرا تۆمەتبار، دەستگیربکرێت". کە ژنێکە بە ناوی (س،ف،م) و "دانی بە تاوانەکەیدا ناوە".



ژنان
رووداو
ژمارە (512) - دووشەممە 2018/7/9

حکومەت باوەڕی پێناکات

# ژنێکی ئێزدی لە کەنەدا ئەمیرێکی داعش دەناسێتەوە



**رووداو- هەولێر**

نەدا دەیان کیلۆمەتری بەپێ بڕی بۆ ئەوەی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعشەوە بگاتە هەرێمی کوردستان و لەوێشەوە جارێکی دیکە هەزاران کیلۆمەتری دیکەی بڕی بۆ ئەوەی لە کەنەدا بگیرسێتەوە و بەیەکجاری تارمایی مەینەتییەکانی ژیانی ژێر دەسەڵاتی داعش لەبیر خۆی بەرێتەوە، بێ ئەوەی بزانێ لە کەنەدا چاوی بە یەکێک لە ئەمیرەکانی داعش دەکەوێتەوە کە لە 2014 دا کڕین و فرۆشتنی پێکردووە و دەستدرێژی کردووەتە سەری. حکومەتی کەنەدا تاوەکو ئێستاش بە ساردی مامەڵە لەگەڵ کەیسی نەدا دەکات.

لە ئابی 2014 و لەکاتی هێرشی داعش بۆ سەر ناوچەی شنگال، چەکدارانی داعش نەدا (کە ناوێکی خوازراوە) و دوو منداڵەکەیان لە هاوژین و خەزووری جیاکردەوە و هیچکات چاوی پێیان نەکەوتەوە. نەدا کە ئێستا تەمەنی 31 ساڵە، لەلایەن چەکدارانی داعشەوە بردرایە مووسڵ و لەوێشەوە رەوانەی رەققە کرا. بەگوێرەی راپۆرتێکی (ناشناڵ پۆست)ی کەنەدی، لە رەققە ئەمیرێکی داعش نەدا و منداڵەکانی کڕیووە و بۆ ماوەی 10 مانگ دەستدرێژی کردبووە سەری.

نەدا چەندینجار کڕین و فرۆشتنی پێکرابوو، دوایین جاریش پێش ئەوەی لە چەکدارێکی عێراقی مارە بکرێ، کەوتبووە دەست ئەمیرەکەی یەکەمجار، بەڵام بەو پێیەی عەرەبییەکی باش دەزانێ، نەدا توانیبووی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش رابکات و بە یارمەتی کۆمەڵێک قاچاخچی خۆی بگەیەنێتە هەرێمی کوردستان. ئافرەتە ئێزدییەکە ماوەی نۆ مانگە لە کەنەدا دەژی، بەڵام بەمدواییە جارێکی دیکە بەهۆی بینینەوەی ئەمیرەکەی داعشەوە کە کڕین و فرۆشتنی پێکردووە، ژیانی کەنەداشی لەبەرچاو تاڵ بووە.

رووداوەکە یەکەمجار لە راپۆرتێکی هەفتەی کۆتایی مانگی حوزەیراندا لە رۆژنامەی (نەشناڵ پۆست)دا تەقییەوە، لە کاتێکدا نەدا بۆ رۆژنامە کەنەدییەکەی ئاشکرا کرد کە ئەمیرێکی داعشی لەناو پاسێکی شاری لەندەن لە هەرێمی ئۆنتاریۆی باشووری رۆژئاوای کەنەدا بینیوە. بەگوێرەی راپۆرتەکە، نەدا و ئەمیرەکە لە یەک وێستگە دابەزیون و یەکدییان ناسیوەتەوە، بەڵام ئەمیرەکە یەکسەر دەموچاوی خۆی داپۆشیوە و رایکردووە.

ئافرەتە کوردە ئێزدییەکە یەکسەر سەردانی بنکەی پەنابەرانی شارەکەی دەکات، بەڵام لەوێ تووشی شۆکێکی زیاتر دەبێ، کاتێک بەرپرسێکی بنکەکە پێی دەڵێ دۆخی دەروونیی ئەو زۆر لەوە خراپترە خەڵک بناسێتەوە و تەنانەت داواشی لێکردووە ئەم رووداوە لەلای کەس باس نەکات.

بەپێی راپۆرتێکی (پۆست میلینیاڵ)ی کەنەدی، نەدا ئامادەیی دەربڕیوە بۆ ئەوەی ناوی راستەقینە و ناوی کەسەکە لەناو داعش و هەموو وردەکارییەکی پەیوەندیدار بەو کەسە بە حکومەتی کەنەدا بدات، لەبەر ئەوەی نایەوێ جارێکی دیکە ژیانی خۆی لە کەنەدا لەناو ترس و دڵەڕاوکێدا بەسەربەرێ، بەڵام بەرپرسانی حکومەتی کەنەدا تاوەکو ئێستا هیچ مەیلێکیان پێشان نەداوە کە بیانەوێ بەدواداچوون بۆ کەیسەکە بکەن.

حکومەتی کەنەدا لە راپۆرتێکی ساڵی 2017یدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە لە چەند ساڵی رابردوودا 60 کۆنەچەکدار و ئەندامی داعش گەڕاونەتەوە کەنەدا، لەناو ئەو ژمارەیەدا کەسانێک هەن دانیان بەوەدا ناوە کە دەستیان لە کوشتن و بڕیندا هەبووە.

بەگوێرەی راپۆرتێکی (پۆست میلینیاڵ)، ئاژانسی پاراستنی سنووری کەنەدا دواجار رەزامەندی دەربڕیوە کە بەدواداچوون بۆ چیرۆکەکەی نەدا بکەن و داوا لە پۆلیسی لەندەنیش کراوە بە شێوەیەکی چالاک شوێن کێشەکە بکەوێ.

حکومەتی کەنەدا لە کۆتایی 2017 دا رایگەیاند کە981 رزگاربووی دەستی داعشی وەرگرتووە و لەو ژمارەیەش ٪80یان کوردی ئێزدی بوون. وەزارەتی کۆچ ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە چیدی ئامادە نین لە چوارچێوەی ئەو پرۆگرامەدا هیچ پەنابەرێکی دیکە وەربگرن.

# شەڵتەرەکان 2000 ژنیان لە کوشتن پاراستووە

**دیمەن بورهان**
**رووداو- هەولێر**

لەماوەی ساڵانی رابردوودا گیانی زیاتر لە دوو هەزار ئافرەت بەهۆی شەڵتەرەکانەوە لە مردن رزگار کراوە پاش ئەوەی لەلایەن کەسوکاریانەوە بەرەورووی هەڕەشە بوونەتەوە. ئەمەش سەرکەوتوویی ئەو پلانە بەدیار دەخات کە لە کۆتایی ساڵی 2007 ـەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان گیرایە بەر. ئامارەکانی کوشتن و توندوتیژی لە دژی ژنان هێشتا بەرزن، بەڵام ئامار و داتای بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنانیش دەریدەخات کە ئەم رێکارەی حکومەت تا ئاستێکی باش کاری خۆی کردووە.

ئەرکی یەکەمی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە وەکو ئاری رەفیق، جێگری بەڕێوەبەری گشتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان دەڵێت، بەدواداچوونە کە 2000 کارمەندی بۆ تەرخان کراوە. ئەرکی دووەمیشیان بڵاوکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و یاساییە، بۆ ئەم مەبەستەش ساڵانە لانیکەم 500 کۆڕ و سەمینار ساز دەکەن.

بۆ یەکەمینجار لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە ساڵی 2008 توانی رووداوەکانی توندوتیژی و کوشتنی ژنان، دەستدرێژی و خۆکوشتن و تۆمارکردنی سکاڵا و داڵدەدانی ئافرەتان بە دۆکیۆمێنت بکات.

ئاری رەفیق، دەڵێت بەپێی توێژینەوەکانی ئەوان، توندوتیژی بەرامبەر پیاوان و ژنان لە کۆمەڵگای کوردیدا وەکو یەکە و دەشڵێت ئەگەرچی دیاردەکانی ژن بە ژن و خەتەنەی کچان و گەورە بە بچووک بەرەو نەمان دەچن، بەڵام توندوتیژی لە هەرێمی کوردستان بەرامبەر بە پیاوان و ژنان نزیکن لەیەکەوە. ئەو دەڵێت تاوانەکانی توندوتیژیی پیاوان بەرامبەر بە پیاوان زیاترە لەو تاوانانەی پیاوان بەرامبەر بە ژنان دەیکەن بە جیاوازیی ئەوەی کە ئەمەی دواییان ناچێتە خانەی جیاکاریی جێندەرییەوە کە یەکێکە لە کێشە هەرە گەورەکانی کۆمەڵگای نێرسالاری کوردی.



لە هەرێمی کوردستان چوار شەڵتەری حکوومی و دووی ناحکوومی داڵدەی ژنانی هەڕەشە لێکراو دەدەن

بە پشتبەستن بە ئامارەکانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە، لە ساڵی 2015ـەوە رێژەی تاوان و خۆکوشتن و هەڕەشە بەرز بوونەتەوە، جێگری بەڕێوەبەری گشتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان ئەمە بە "جینۆسایدی جێندەری" ناودەبات کە بەبێ دەنگی بەڕێوەدەچێت.

> **لە کوردستان جینۆسایدێکی جێندەری روویداوە**
>
> ئاری رەفیق، جێگری بەڕێوەبەری گشتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان

ئەو گلەیی لە حیزبەکان دەکات و دەڵێت: "کاتێک لە رۆژنامەنووسێک دەدرێ، بەیاننامە دەردەکەن و قەزیەکەی بە سیاسی دەکەن، بەڵام 10 ژن لە رۆژێکدا بکوژرێت، مەکتەبی سیاسی هیچ حیزبێک بەیاننامە دەرناکات".

سەبارەت بە زۆرترین ئەو کێشە کۆمەڵایەتیانەی روویان تێدەکەن، ئاری دەڵێت: "ئێستا کێشەی خراپ بەکارهێنانی مۆبایل لە هەموو کێشەکان زیاترە، رۆژ نییە کۆمەڵێک سکاڵا نەیەتە لامان لەسەر ئەمە، بەڕای من مۆبایل و چەک بەرامبەر یەکن، رۆژ نییە 100 کەس هەڕەشەی کوشتنی لێنەکرێ لە هەردوو رەگەز". وەک ئەو دەڵێت: "تەنیا لەرێی مۆبایلەوە لەماوەی یەک ساڵدا چوار هەزار کەس هەڕەشەی کوشتنیان لێکراوە".

یەکێک لەو رووداوانەی کە کۆنترۆڵی زەحمەتە مەسەلەی خۆسووتاندنی ئافرەتانە. ساڵانە بە تێکڕا نزیکەی 170 ژن لە کوردستان خۆیان دەسووتێنن. ئاری رەفیق کە دیراسەی لەسەر ئەو ژنانە کردووە، دەڵێت: "99%ـیان بۆ مردن خۆیان نەسووتاندووە، بەڵکو بۆ ئەوەی ببنە جێی سەرنج و بەزەیی باوک و مێرد و برا و کەسوکاریان، تا لەو رێگەیەوە پێیان بڵێن رووبەڕووی چ زوڵمێک بوونەتەوە".

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، خاوەنی چوار شەڵتەرە بۆ داڵدەدانی ئەو ئافرەتانەی بەرەڕووی هەڕەشەلێکردن دەبنەوە، جگە لە دوو شەڵتەری رێکخراوەکان.

ئاری رەفیق، سەبارەت بە کاری ئەو شەڵتەرانە دەڵێت: "شەڵتەرەکان پارێزراوترین شوێنن بۆ ئافرەتانی هەڕەشەلێکراو، چونکە چەندین ئافرەت هەبوون کە ئەگەر شەڵتەرەکان نەبوونایە ئێستا ئێسکیشیان نەمابوو".

بەپێی ئامارەکانی بەردەستی ئەوان لە ساڵی 2015ەوە تاوەکو ئێستا 2024 ئافرەت لە شەڵتەرەکاندا داڵدە دراون.

سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی ئەو ژنانە و گەڕاندنەوەی ئافرەتە داڵدەدراوەکانیش بۆ ناو کەسوکاریان، ئاری رەفیق دەڵێت "لەماوەی سێ ساڵی رابردوودا 1900 ئافرەت گەڕێندراونەتەوە ناو خێزانەکانیان و چاودێری دەکرێن و لە ژیانی ئاسایی خۆیان بەردەوامن".

# لە هەولێر دایکی دوو منداڵ خۆی دەسووتێنێ

**تریسکە شێرزاد**
**رووداو – هەولێر**

دایکی (ل) چاوەڕێ بوو کچە تاقانەکەی لە کۆتایی هەفتەدا سەردانی بکات، بەڵام کۆتایی هەفتە هەواڵی مەرگی کچەکەی بۆ هات. دایکی (ل) دەڵێت کچەکەی لە داخی مێردەکەی، خۆی سووتاندووە.

رۆژی 2018/6/29 ئافرەتێکی تەمەن 31 ساڵ بەناوی (ل، و) کە دایکی کچێک و کوڕێک و دانیشتووی گەڕەکی مامۆستایانی شاری هەولێر بوو، لە نێو ماڵەکەیدا ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا. جەستەی (ل) 96%ی سووتابوو، بۆیە هەر دوو کاژێر دوای خۆسووتاندنی، گیانی دەرچوو.

(ل) و (ئە) نزیکەی 12 ساڵ بوو هاوژینی یەکدی بوون، بەرهەمەکەیان کچێک و کوڕێک بوو، بەڵام کەسوکاری ئافرەتەکە دەڵێن کچەکەیان لە ماوەی ئەو 12 ساڵەدا بەهۆی کێشەی زۆری لەگەڵ مێردەکەی، رۆژێک خۆشی لە ژیانی خۆی نەبینیوە، بۆیە لە داخان خۆی سووتاندووە.

دایکی (ل) کە دوای خۆسووتاندنی کچەکەی رەوشی تەندروستی تێکچووە، بە (رووداو)ی گوت: "کچە تاقانەکەم زۆر داماو بوو، لەوەتای شووی کردووە رۆژێک بێکێشە نەبووە لەگەڵ مێردەکەی، مامەڵەی خراپ بوو لەگەڵی، لەسەر بچووکترین شت لە کچەکەمی دەدا".

وەک دایکی باسی کرد، پێشتر هەوڵی زۆریان لەگەڵ (ل) داوە کە ئەو ژیانە قبوڵ نەکات و لە هاوژینەکەی جیاببێتەوە، بەڵام (ل) لەبەر خاتری منداڵەکانی رازی نەبووە جیاببێتەوە.

(م) کە برای قوربانییەکەیە، لەبارەی ئەو رووداوە گوتی: "کاتێک گەیشتمە نەخۆشخانە خوشکەکەم بینی باری تەندروستی زۆر خراپ بوو، پزیشکەکەی پێیگوتم کە رێژەی سووتانەکەی زۆرە و زیاتر لە 96%ی جەستەی سووتاوە، بۆیە ئومێدی زیندوومانەوەی نییە".

وەک (م) دەڵێت، خوشکەکەی بەو حاڵەشەوە هێشتا لە خەمی دایکە نەخۆشەکەیدا بووە و پێیگوتووە با دایکی نەزانێت خۆی سووتاندووە، چونکە نەخۆشە و بەرگەی هەواڵی ناخۆش ناگرێ.

(م) دەڵێت "خوشکەکەم باری تەندروستی زۆر خراپ بوو، هێشتا هەر لە خەمی ئێمەدابوو دەیگوت ئاگاتان لە دایکم و منداڵەکان بێ، بەداخەوە دوای سەعاتێک مرد".

(م) باسی مامەڵەی زاواکەیان لەگەڵ خوشکەکەی دەکات و دەڵێت: "لە ماوەی ئەو 12 ساڵەی پێکەوە بوون، رەنگە خوشکەکەم 100 جار تۆرابێ. مێردەکەی زۆر لەگەڵی خراپ بوو، خەرجی نەدەکێشان، زۆرجار دایکم پارەی دەدایە خوشکەکەم و جلمان بۆ منداڵەکانی دەکڕی، زۆر جار خوشکەکەم لەسەر ئەوە تووڕە دەبوو، دەیگوت مێردم هەیە و دەبێ ئەو خەرجیم بکات".

(م) گومانی لە خۆسووتاندنی خوشکەکەی هەیە و دەڵێت: "بەهیچ شێوەیەک مێردەکەی نەیدەهێشت خوشکم بە تەنیا لە ماڵەوە بێت، رێگەی نەدەدا بە تەکسیش هاتوچۆ بکات، من یان برا گەورەکەم دەچووین بە دوایدا دەمانهێنایەوە بۆ ماڵی خۆمان ، چۆن ئەو رۆژە بەتەنیا بووە! ماڵی خەزووری منداڵەکانیان بردووە بۆ پارک، بۆچی ئەویان نەبردووە، بۆچی مێردەکەی لە ماڵ نەبووە، چونکە زۆر دڵپیس بوو، قەت رێگەی نەدەدا بە تەنیا بێ، پێم سەیرە کە خوشکم خۆی سووتاندووە، دوای سێ سەعات ئینجا ئێمەیان ئاگادار کردووەتەوە".

(م) زیاتر لەبارەی کێشەکانی نێوان خوشکەکەی و هاوژینەکەی قسەی کرد و گوتی: "هەر جارێک خوشکەکەم دەتۆرا، کۆمەڵێک خەڵکیان دەنارد و کۆمەڵێک بەڵێنیان بە خوشکەکەم دەدا کە چیدی هاوژینەکەی لەگەڵی خراپ نابێ، بەڵام دوو رۆژی نەدەبرد وەکو خۆی لێدەهاتەوە".

بەڵام (ن) کە برای مێردی ئەو ژنەیە، رەتیکردەوە برا و براژنەکەی هیچ کێشەیەک لە نێوانیاندا هەبووبێ و بە (رووداو)ی گوت "ئەوان هیچ کێشەیەکیان نەبوو، نازانم براژنەکەم بۆچی خۆی سووتاند، براکەم هیچ تاوانێکی نەبوو".

رائیدی مافپەروەر رێباز زێوەر، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندتیژی دژی ئافرەتان لەبارەی رووداوەکە دەڵێت: "دەستمان بە لێکۆڵینەوە کردووە و مێردی ئافرەتەکەش بە بڕیاری دادوەر دەستگیرکراوە".





## گەنجێکی ڕۆژئاوا لە دەریاچەی دوکاندا دەخنکێ

**ڕووداو- دوکان**

بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنی پۆلیسی سلێمانی بڵاوی کردەوە، شەوی 2018/7/7 تەرمی گەنجێکی تەمەن 22 ساڵان دۆزراوەتەوە کە نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە کەوتبووە ناو دەریاچەی دوکان.

شەوی 2018/7/6 گەنجێکی خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا بەمەبەستی گەشتکردن ڕوویان لە سەیرانگای دوکان کردووە و لەکاتی مەلەکردندا لە دەریاچەی دوکاندا خنکاوە. بەپێی زانیاری پۆلیسی سلێمانی ئەو هاووڵاتییە لە دایکبووی ساڵی 1996ـە و پیشەی پاککەرەوە بووە لە شاری سلێمانی.

# ویستی باوکی نەکوژرێت و خۆی کوژرا



دیاری لەبەر بکوژەکە پاڕابووەوە کە باوکی نەکوژێت

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

هەفتەی ڕابردوو بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لەنێوان دوو ئامۆزا لە شارۆچکەی چەمچەماڵ، منداڵێکی تەمەن 9 ساڵان بەناوی دیاری کاروان تالیب، گوللەیەکی بەردەکەوێت و لە هەوڵی ناوبژیکردنی نێوان باوکی و ئامۆزاکەیدا دەبێتە قوربانی.

دوای ڕووداوەکە، تۆمەتبارەکە هەڵات و خانەوادەی دیاریش پرسەیان بۆ کوڕەکەیان دانەنا. (ڕووداو) زۆر هەوڵیدا لەگەڵ خانەوادەی دیاری قسە بکات، بەڵام بەردەست نەبوون.

کەسێکی ئاگادار لە کێشەکە کە نەیویست ناوی بهێنین، بە (ڕووداو)ی گوت: "کاتی خۆی ئۆتۆمبێلی باوکی دیاری سووتاوە، ئەوانیش پێیانوابووە ئامۆزاکەی کە بەرپرسی ناوچەی چەمچەماڵی پارتییە ئەم کارەی کردبێت، بۆیە کێشە دەکەوێتە نێوانیان و دواتر بە سوڵح کێشەکە چارەسەر دەکەن".

### بکوژەکە هەڵاتووە بۆ هەولێر

قائیمقامی چەمچەماڵ

کەسێکی دیکەی نزیک لەو خانەوادەیە بە (ڕووداو)ی گوت: "جگە لە سووتانی ئۆتۆمبێل، کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لەسەر زەویوزار لەنێوانیاندا هەبووە". لەبارەی ڕووداوەکەی هەفتەی ڕابردووش ئەو سەرچاوەیە گوتی: "سەرلەبەیانی ڕۆژی 2018/7/4 باوکی دیاری و (ب. م)ـی ئامۆزای دەبێتە دەمەقاڵەیان و کاروان تەقە بەسەر ئۆتۆمبێلی ئامۆزاکەیدا دەکات، دواتر کاژێر 4:30ـی عەسر (ب) دەچێتە لای ماڵی کاروان و دووبارە دەبێتەوە دەمەقاڵێ و شەڕیان، لەوکاتەدا دیاری دێت و دەڵێت کاکە باوکم مەکوژە، لەوکاتەدا گوللەیەک دەتەقێ و بەر سنگی دیاری دەکەوێت و دوای ڕووداوەکەش (ب) هەڵدێت".

ڕەمک ڕەمەزان، قایمقامی شارۆچکەی چەمچەماڵ لەبارەی کێشەکە بە (ڕووداو)ی گوت: "لە کێشەیەکی کۆمەڵایەتیدا لەئەنجامی لێکتێنەگەیشتنی نێوانیان بەرپرسی ناوچەی چەمچەماڵی پارتی و ئامۆزاکەی ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە و فیشەکێک دەردەچێت و منداڵێکی ئامۆزاکەی کە لەوێ بووە لەلایەن بەرپرسی ناوچەی چەمچەماڵی پارتییەوە دەکوژرێت".

قایمقامی چەمچەماڵ گوتیشی: "دوای ڕووداوەکە پۆلیس چووە شوێنەکە، بەڵام تۆمەتبارەکە هەڵاتووە و دەستگیر نەکراوە، بەپێی زانیارییەکان تۆمەتبارەکە ئێستا لە هەولێرە".

ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بێئاگایی خۆی نیشاندا لە ڕاکردنی ئەو تۆمەتبارە بۆ سنووری شاری هەولێر و بە (ڕووداو)ی گوت: "هیچ فەرمانێکی دەستگیرکردن بۆ ئێمە نەنێردراوە، هەر کاتێک فەرمانی دەستگیرکردنی ئەو کەسەمان بۆ بنێردرێت، ئێمە دەست بە کاری یاسایی و گەڕان بەدوای تۆمەتباردا دەکەین".

لەبارەی هەماهەنگی لەنێوان بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆلیسیش، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر دەڵێت "هەماهەنگیمان هەیە و لە ڕابردوو و ئێستاشدا چەندینجار هاوکاری برایانی پۆلیس بووین لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆلیسی پارێزگاکانی دهۆک و سلێمانی و ئیدارەی گەرمیانیش".

سەبارەت بە هەڵاتنی تۆمەتبارەکە، (ڕووداو) زۆر هەوڵیدا لەگەڵ بەرپرسانی لقی چەمچەماڵی پارتی قسە بکات، بەڵام ئەوان لەبەر ئەوەی کێشەکە کۆمەڵایەتی بووە لەنێوان دوو بنەماڵەدا، ئامادە نەبوون هیچ بڵێن.

# نەیانهێشت بچێتە مەلەوانگە و لە ڕووباردا خنکا



دوو لە هاوڕێکانی کاوان لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراون

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو – هەولێر**

کاوان داوای لە دایکی کرد 3000 دیناری بداتێ بۆ ئەوەی بچێت بۆ مەلەوانگە، بەڵام دایکی پێیگوتبوو نەچێ بۆ مەلەوانگە نەکا بخنکێ، پاشان کاوان لەگەڵ هاوڕێیەکی بە پایسکل دەچێتە ڕووباری سیروان بۆ مەلەکردن، بەڵام دوای کاژێرێک هاوڕێکەی بەتەنیا دەگەڕێتەوە و دوای پێنج ڕۆژیش تەرمی کاوان لە چەمێکی ڕووباری سیرواندا دۆزرایەوە.

کاوان کامەرانی تەمەن 13 ساڵان، تاقانەی چوار خوشک بوو، پۆلی نۆی بنەڕەتی بوو. ئەو لە قوتابخانە منداڵێکی هێمن و زیرەک بوو، مامۆستا و هاوڕێکانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە دانانی وێنەی کاوان هاوخەمی خۆیان دەربڕیوە، هەندێک لە هاوڕێکانیشی بە هەڵدانی بەرد بۆ ئەو چەمەی کاوانی تێدا خنکا، گوزارشتیان لە مەرگی کاوان کرد.

کامەران فەتحوڵڵا، باوکی کاوان و دانیشتووی گەڕەکی شەهیدانی کەلار، بە (ڕووداو)ی گوت: "کاوان منداڵێکی لەسەرخۆ و هێمن بوو، هەرچەند تەمەنی تەنیا 13 ساڵان بوو، بەڵام هەستی بە بەرپرسیارێتی دەکرد، کاتێک قوتابخانە تەواوبوو، پێیگوتم بابە دەمەوێت کاریکەم و هاوکاریت بکەم، چونکە تۆ بەتەنیای، بەڵام من دڵم نەهات کاری پێ بکەم، دەمویست تەنیا خوێندنەکەی تەواو بکات".

باوکی کاوان لەبارەی خنکانی کوڕەکەی گوتی "کاوان لەگەڵ هاوڕێیەکی چوو بوو بۆ سەر چەمەکە، هاوڕێکەی بە تەنیا گەڕابووەوە، پێنج ڕۆژ بەدوای کاواندا گەڕاین، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش بانگەوازمان کرد".

پێنج ڕۆژ گەڕان و سۆراخی کوڕەکەی، هێز لە باوکی کاوان دەبڕێت، بەڵام وەک خۆی دەڵێت لە خەونێکدا شوێنی کوڕەکەی پێدەڵێن. کامەران گوتی: "دوای پێنج ڕۆژ گەڕان هیچ ئاسەوارێکی کوڕەکەمان بەدی نەکرد، ئەو شەوە زۆر ماندوو بووم و چاوم چووە خەو، پیاوێک هاتە خەوم و پێیگوتم کوڕەکەت لە کەناری گۆمێکە لەلای مەرەزەکانی چەمی سیروان، لە خەو هەستام و دەستبەجێ بەرەو ئەو شوێنە ڕۆیشتین، سوێند بە خوا خەونەکەم چۆن بینیبوو، وادەرچوو، کوڕەکەم لە کەناری گۆماوێک بە دەمدا کەوتبوو".

### دوو هاوڕێی دەستگیر دەکرێن

لەسەر داوای باوکی، دوو لە هاوڕێکانی کاوان دەستگیرکراون. چونکە لە کامێرای ماڵان دەرکەوتووە کە کاوان بە پایسکل دەڕوات و هاوڕێیەکی بەناوی (م) کە تەمەنی 11 ساڵە، لەوکاتەدا لە پشتی ئۆتۆمبێلێکەوە خۆی حەشارداوە، پاشان پێکەوە دەڕۆن، بەڵام ئەو منداڵە حاشای لێدەکات کە پێکەوە بووبن و پێدەچێت ترسابێت. باوکی کاوان دەڵێت "ئێمە پێنج ڕۆژ گەڕاین، ناڵێین ئەو تاوانبارە، بەڵام دەبووایە قسەی بکردایە، ئێستا دەمانەوێت بزانین چۆن خنکاوە؟".

شیرین ئەحمەدی تەمەن 35 ساڵ، ژنی ماڵە و دایکی کاوانە. ئەو گومان لە مردنی کوڕەکەی دەکات و داوا دەکات ڕاستیی ڕووداوەکە ئاشکرا بکرێت. شیرین بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو ڕۆژە بۆ کڕینی ساردەمەنی داوای پارەی لێکردم و منیش پێمدا، دواتر دووبارە داوای 3000 دیناری لێکردم و گوتی دەچم بۆ مەلەوانگە، بەڵام لەترسی ئەوەی شتێکی لێبێت پارەکەم نەدایە و بەبێدەنگی ڕۆیشتە دەرەوە".

شیرین گوتیشی: "ئێستاش ئاشکرایە کە ئەو منداڵەی هاوڕێی، کوڕەکەمی بردووە، بە ماڵی باوکی ئەو منداڵەم گوتووە با کوڕەکەیان ڕاستییەکە بڵێت".

ڕائید عەلی جەمال قەدوری، گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان سەبارەت بە کەیسی کاوان بە (ڕووداو)ی گوت: "دوای چەند ڕۆژێک لە ماڵ دەرچوونی مێرمنداڵێک بەناوی کاوان کامەران، پۆلیس دەستی بە گەڕان و لێکۆڵینەوە کرد. ڕۆژی 2018/6/1 تەرمەکەی لە ڕووباری سیروان دۆزرایەوە و بە مەبەستی پشکنین تەرمەکەی ڕەوانەی پزیشکی دادوەری سلێمانی کرا، بۆ ئەوەی بزانرێت کە ئایا خنکێنراوە یاخود خنکاوە".

گوتیشی: "پۆلیس بەردەوامە لە بەدواداچوون بۆ ئەو کەیسە، لەسەر سکاڵای باوکی و بە بڕیاری دادوەر دوو هاوڕێی مێردمنداڵەکە وەک گومانلێکراو دەستگیرکراون و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێ".

# لە ماڵی مامیدا خۆی هەڵواسی



شاها شەمۆ

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

شاها شەمۆ، تەمەن 17 ساڵ و خەڵکی کۆمەڵگای سیپا شێخ خدری سەر بە شارۆکەی شنگال، لەگەڵ خێزانەکەی هاتبوونە کومەڵگەی "دێرەبین"ی سەر بە شارۆچکەی زاخۆ، بەڵام بەهۆی مردنی ئامۆزایەکی، تووشی حاڵەتێکی دەروونی خراپ دەبێ تا دەگاتە ئەوەی کە خۆی لە ئۆتۆمبێل فڕێ بداتە خوارەوە. شاها ئێوارەی ڕۆژی 2018/7/3 لە ماڵی مامیدا خۆی هەڵواسی و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ڕۆژی 2008/5/19 کوڕە مامێکی شاها بەناوی خەلیل کارەبا گرتی و بەپەلە بردیان بۆ نەخۆشخانە لە زاخۆ، شاها و کەسوکارەکەشی دەچنە نەخۆشخانە، بەڵام خەلیل دەمرێ، بەمەش شاها زۆر نیگەران دەبێت. پاشا نایف کە کوڕی مامی شاهایە، بە (ڕووداو)ی گوت: "هەموومان بە مردنی خەلیل نیگەران بووین، لەکاتی گەڕانەوەمان شاها لەناو ئۆتۆمبێلەکەوە خۆی هەڵدایە خوارەوە و زەبرێک بەر سەری کەوت و مێشکی تێکچوو، بەمەش تا ماوەی نزیکەی 20 ڕۆژ پێش خۆکوشتنی هیچ کەسێکی نەدەناسییەوە، دواتر کەمێک باشتر بوو، کەسوکارەکەی دەناسییەوە، بەڵام لە دۆخێکی دەروونی خراپدا بوو، وەکو جاران ئاسایی نەبوو".

شەمۆ موراد، باوکی شاها، لەبارەی خۆکوشتنی کچەکەی دەڵێت "ئەو ڕۆژە شاها لە ماڵەوە بوو، نزیکی ئێوارە دیارنەما، من و ژنبراکەی لە ماڵەوە بووین، پێمگوت بڕۆ بزانە لە ماڵی مامی نییە، ژنبراکەی ڕۆیشت و دوای چەند ساتێک گوێم لە دەنگی هاوار بوو، بەپەلە ڕامکردە دەرەوە و بەرەو ماڵی براکەم ڕۆیشتم کە چوومە ژوورەوە بینیم کچەکەم خۆی هەڵواسیبوو و گیانی لەدەستدابوو".

پاشا جگە لەوەی کوڕی مامی شاها بوو، وەکو هاوڕێی یەکتریش بوون، ئەو زۆر نیگەرانی لەدەستدانی کچە مامەکەی بوو و گوتی: "شاها جگە لەوەی ئامۆزام بوو، هاوڕێیەتیەکی باشیش لەنێوانماندا هەبوو، ڕۆژانە بەیەکەوە بووین". گوتیشی "ئەو ڕۆژەی ڕووداوەکە ڕوویدا من لەسەر بێستان بووم، ماڵی مامی شاهاش لەسەر بێستان بوون، ماڵەکەیان کە دراوسێی ماڵی شاهایە چۆڵ بوو، پێدەچێت شاها ئەمەی بە دەرفەت زانیبێ، لە ماڵەوە هیچی نەگوتبوو و چووبووە ماڵی مامی و لەوێ بە پەتێک خۆی هەڵواسیبوو، دوای نزیکەی 20 خولەک باوک و براژنەکەی دەچنە ماڵەکە و شاها بە هەڵواسراوی دەبینن کە گیانی لەدەستداوە".

کەسوکاری شاها گومانیان لە هیچ کەسێک نییە، تەنیا خراپبوونی بارودۆخی دەروونی کچەکە و نیگەرانیی بۆ گیانلەدەستدانی ئامۆزاکەی بە هۆکار دەزانن، وەک پاشا گوتی "شاها هیچ کێشەیەکی نەبوو و کێشەشی لەگەڵ هیچ کەسێک نەبوو، تەنانەت ئەو ڕۆژەش کە خۆی کوشت بەشێوەیەکی زۆر ئاسایی مامەڵەی کردووە، بۆیە پێمانوایە هۆکاری خوکوشتنەکەی تەنیا بۆ گیانلەدەستدانی ئامۆزاکەی بووبێت، چونکە ئەوان زۆر هاوڕێی یەکدی بوون و بەردەوام بەیەکەوە بوون، وەکو خوشک و برای یەکتری بوون".

لەبارەی نەخۆشییەکەشی، پاشا نایف گوتی "دوای ئەوەی کە لە ئۆتۆمبێلەکە خۆی هەڵدایە خوارەوە تووشی حاڵەتێکی دەروونی خراپ ببوو، دوو جار بردبوویانە لای پزیشک، پزیشکەکە گوتبووی وردە وردە چاک دەبێتەوە و پێویستە دەرمان و چارەسەرییەکانی بەکاربهێنێ".

فایزە فەیسەڵ، هاوڕێ و کچی مامی شاهایە، ئەو نایەوێت چیدیکە بچێتە ئەو ژوورەی ماڵەکەیان کە شاها خۆی تێدا خنکاندبوو و لەوێ کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا، ئەو بەم شێوەیە باسی شاها دەکات "بەردەوام بەیەکەوە بووین، بەڵام دوای ئەوەی کوڕەمامەکەی بەهۆی کارەباوە گیانی لەدەستدا، شاها بەردەوام نیگەران دیاربوو و تووشی نەخۆشی دەروونی ببوو، لە هەموو شت و کەسێک دەترسا و تێکەڵی کەس نەدەبوو". فایزە فەیسەڵ دەشڵێت "تەنیا بەهۆی گیانلەدەستدانی خەلیلی ئامۆزای، شاها کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە".

# ئەردۆغان تورکیا گەورەتر دەکات؟




ئەردۆغان تا پێنج ساڵی داهاتوو کەسی یەکەمی تورکیایە



هێڤیدار ئەحمەد

لە ئیستانبوڵ بووم لەگەڵ برادەرێکی باشووری کوردستان، برادەرەکە دەیگوت "باشە حکومەتی ئێرە چۆن ئیدارەی ئەم شارە 20 ملیۆن کەسییەی پێ دەکرێ، بەڕاستی شتێکی سەیرە". تەنیا ئەم شارە نا، حکومەتی تورکیا کە هیچ نەوتی نییە، بودجەکەی 10 هێندەی بودجەی عێراقە و ساڵانە ئیدارەی 80 ملیۆن کەسی پێدەکات، لە کاتێکدا دانیشتووانی عێراق دەوروبەری 30 ملیۆن کەسن.

## "گەورەبوونی تورکیا"

پێش ئەوەی پارتی داد و گەشەپێدان (حیزبەکەی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان) لە 2002 دەسەڵات وەربگرێ، بودجەی گشتیی دەوڵەتی تورکیا 230 ملیار دۆلار بوو، دوای وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن ئاکەپەوە، بودجەی ساڵانەی تورکیا گەیشتە 851 ملیار دۆلار.

دەوڵەتانی دەوروبەری تورکیا هەندێکیان رووخان، هەندێکیان لە لێواری رووخان نزیک بوونەوە، هەندێکیشیان قەیران لەدوای قەیران بەرۆکی گرتوون، بەڵام تورکیا سەرباری قەیرانەکانی، بە بەراورد بە دەوروبەرەکەی زۆر بەهێزتر دەردەکەوێ.

بەکارهێنانی دەستەواژەی "گەورەبوونی تورکیا" لەبانگەشەی هەڵبژاردەکانی تورکیادا بووە هۆی ئەوەی ئەردۆگان و حیزبەکەی دوای 16 ساڵ حوکمڕانی، متمانەی خەڵکی تورکیا لە هەڵبژاردنەکانی 2018/6/24 بۆ پێنج ساڵی دیکەش بەدەستبهێننەوە.

## بۆچی ئەردۆغانیان هەڵبژاردەوە؟

گرەوێکی زۆر لەسەر ئەوە کرا کە دوای 16 ساڵ حوکمڕانی، ئیدی کاتی ماڵئاوایی ئەردۆگان و حیزبەکەی هاتووە، ئۆپۆزیسیۆن دروشمی شکستی ئەردۆغانی بەرز کردبووەوە، تەنانەت هاوپەیمانیش بۆ شکستپێهێنانی دروستکران، بەڵام رکابەرەکانی بە کوردیشەوە کە پێیانوایە ئەردۆغان زۆر ئازاری داون، نەیانتوانی شەمەندەفەری ئاکپارتی و ئەردۆگان بوەستێنن، تەنانەت ئەنجامی هەڵبژاردن بە شکستی ئۆپۆزیسیۆن تەواو بوو.

سەرەتای 2013 سەردانی شاری وان ی باکووری کوردستانم کرد، بەدرێژایی رێگای نێوان ئامەد و وان تەنیا یەک تونێل هەبوو، ئێستا بووەتە سێ تونێلی گەورە و کار لە تۆنێلی چوارەم دەکرێ. یەکێک لە گەورەترین پردەکانی تورکیاش لە دۆڵێکی سەر رێگاکە دروست دەکرێ.

پێش ئەو تونێلانە رێگەی نێوان ئامەد و وان حەوت کاژێر بوو، ئێستا بە 5 کاژێر لە ئامەدەوە دەگەیتە وان، ئێستا کار لەسەر ئەوە دەکرێ، ئەو ماوەیە کورتتریش بکرێتەوە، ئەمە لەبەر خاتری "چاوی رەش"ی کوردی باکوور نییە، تورکیا لەمەدا حیساباتی ئابووریی وردی کردووە. چۆن؟

تورکیا ساڵانە 38 ملیار دۆلار بۆ کڕینی سووتەمەنی خەرج دەکات، ئەم 38 ملیار دۆلارەش یەکسەر دەچێتە دەرەوە، چونکە تورکیا سەرچاوەی وزەی وەکو نەوت و غازی کەمە، رۆژانە تەنیا 49 هەزار بەرمیل نەوتی هەیە. ئێستا دەیەوێ لە رێگەی کورتکردنەوەی رێگاکان و دروستکردنی ئۆتۆبانەوە، خەرجیی سووتەمەنی ئۆتۆمبێلەکان کەم بکاتەوە.

بەپێی داتاکان تاوەکو 2002 تەنیا 80 کیلۆمەتر تونێل لە تورکیا هەبووە، بەڵام

> **نازانین کورد داوای چی دەکات**
>
> بەرپرسێکی ئاکپارتی

دوای هاتنە سەر دەسەڵاتی ئاکپارتی، ئێستا تورکیا خاوەنی 300 کیلۆمەتر تونێلە، ئەمەش جگە لەوەی رێگەی هاتوچۆی هاووڵاتیانی کورت کردووەتەوە، وایکردووە کەمتر سووتەمەنی خەرج بکرێ، ئۆتۆمبێلەکانیش زۆر ماندوو نەبن.

بەرپرسانی ئاکپارتی دەڵێن ئەوان لە ئاوەدانکردنەوە و گەورەکردنی تورکیا جیاوازی لە نێوان شارەکاندا ناکەن. سلێمان سەردار، بەرپرسی لقی ئامەدی ئاکپارتی لەبارەی پرۆسەی ئاوەدانی لە باکووری کوردستان دەڵێت: "بایی شەش ملیار دۆلار تەنیا لەنێو شاری ئامەد پرۆژەی خزمەتگوزاریمان کردووە".

## کورد چی دەوێت

لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی 24ی حوزەیران، لە ئیستانبوڵ لە بەرپرسێکی گەورەی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) م پرسی، ئێستا کورد داوای چ مافێک دەکات لە تورکیا؟ بەرپرسەکە دوای کەمێک وەستان و بیرکردنەوە گوتی "زمانی کوردی، دەمانەوێ رێگە بە بەکارهێنانی زمانی کوردی بدرێ". منیش پێمگوت "ئەی ئەوە نییە بە کوردی قسە دەکەن و لە قوتابخانەکان بە کوردی دەخوێنن". ئەم گفتوگۆیە لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی تورکیا بوو لە ناوچەی بەشیکتاش لە ئیستانبوڵ کە بە قەڵای نەتەوەپەرستەکانی تورکیا دادەنرێ.

چەند مەترێک لەولاتر حیزبەکەی ئەردۆغانیش بانگەشەیان دەکرد، لە نوێنەری ئاکپارتیم پرسی بۆ مافی کورد نادەن؟ گوتی "مافی کورد چییە؟" هەر خۆی وەڵامی دایەوە: "ئەوە نییە من بە تورکی قسە دەکەم و ئەویش بە کوردی؟ ئەوە نییە چۆن من مافم هەیە ببم بە ئەندام پەرلەمان، کوردیش ئەو مافەی هەیە، مافم هەیە زەوی بکڕم، کوردیش ئەو مافەی هەیە؟". ئەو دەیگوت کە نازانن کورد داوای چی دەکەن.

هەرچەندە هیچ ئامارێکی ورد و فەرمی نییە لەسەر ژمارەی دانیشتووانی کورد لە ئیستانبوڵ، بەڵام ئەوەی دیارە لە سێ ملیۆن کەمتر نییە، کەچی لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی تورکیادا HDP لە کۆی 12 پەرلەمانتار کە لە بازنەی ئیستانبوڵ گەیشتنە پەرلەمان، تەنیا یەک نوێنەری دەرچوو.

## خۆکاندیدکردنی دەمیرتاش هەڵە بوو؟

سەرەڕای ئەوەی سەلاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی پێشووی HDP کە ئێستا لە زیندانە، تاڕادەیەکی باش لەنێو کوردی باکووری کوردستان جێی عەبدوڵڵا ئۆجەلان رابەری رۆحیی PKKی گرتووەتەوە، بەڵام قسەی جیاواز لەسەر خۆکاندیدکردنەکەی بۆ سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا دەکرێ. لە هەڵبژاردنەکەی 24ی حوزەیراندا دەمیرتاش چوار ملیۆن و 205 هەزار و 243 دەنگی هێنا، واتە 8.4%ی کۆی گشتیی دەنگەکان.

لە نێو کوردی باکووردا سێ بۆچوونی جیاواز لەبارەی خۆکاندیدکردنەکەی دەمیرتاش هەبوو. بۆچوونێک دەیگوت نەدەبوو کاندید بکرێ، چونکە دەنگ ناهێنێ و ئەوە دەبێتە هۆی شکاندنی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رای پێچەوانە هەبوو دەیانگوت، کاندیدکردنی لەنێو زیندانەوە دەنگدانەوەیەکی نێودەوڵەتی دەبێ و رەنگە ببێتە هۆی زیادبوونی گوشار لەسەر تورکیا و ئازاد بکرێت. بەشێکی کورد لەوە دڵنیابوون کە دەمیرتاش دەرناچێ، بۆیە دەنگیان بە موحەڕەم ئینجە، کاندیدی پارتی گەلی کۆماری بۆ سەرۆکایەتی کۆمار دا، دەنگێکیش هەبوو دەیگوت، بۆیە کاندید کرا و دەنگیان پێنەدا بۆ ئەوەی نەتوانێ بە قەندیل بڵێت من ژمارەیەکی بەهێزم.

## بەشداریی کورد لە حکومەتی داهاتوودا

لە هەڵبژاردنی 24ی حوزەیراندا پارتەکەی ئەردۆغان هاوپەیمانی پارتی نەتەوەپەرستی تورکیا (مەهەپە) بوو، توانیان لە کۆی 600 کورسیی پەرلەمان، 344 کورسی (ئاکپارتی 295 و مەهەپە 49 کورسی) بەدەستبهێنن. بەمەش زۆرینەی پەرلەمانیان مسۆگەر کرد، ئەردۆگان کە چاوەڕێ دەکرێ رۆژی دووشەممە 2018/7/9 کابینەی حکومەتەکەی پێکبهێنێ، دەتوانێ متمانەی نیوەی پەرلەمان بۆ کابینەکەی مسۆگەر بکات، ئەگەریش پەرلەمان متمانەی پێنەدا، دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی دیکەی هەیە.

ئایا کورد بەشداری لە حکومەتدا دەکات، ئەگەر داوای لێ بکرێ؟ ئێستا لەنێو HDP بۆچوونێک هەیە دەڵێن با لە دەرگای ئەردۆغان بدەین و بەشداربین لە پێکهێنانی حکومەتی 5 ساڵەی تورکیا، بەڵام بۆچوونی زاڵ ئەوەیە کە دەبێ خەبات بۆ دوورخستنەوەی ئەردۆغان لە دەسەڵات درێژەی هەبێ.

## دەنگی ئاکپارتی لە باکوور زیادی کردووە

دوای هەڵبژاردنی ئەمجارە سەردانی باکووری کوردستانم کرد. چوومە ئامەد و هێشتا خەڵک باسی ئەنجامی هەڵبژاردنیان دەکرد، بەرپرسانیHDP و خەڵکی باکووری کوردستان تووشی شۆک بوون کە چۆن ئاکپارتی و ئەردۆگان، سەرەڕای "دژایەتی کورد"، توانییان 14%ی دەنگەکانیان لە باکووری کوردستان زیاد بکەن؟ چۆن ئاکپارتی توانیویەتی لەناو کورد زیاتر و بگرە دوو هێندەی HDP پەرلەمانتاری هەبێ.

کوردی باکوور نیوەیان، واتە نزیکەی 10 ملیۆن کەس، بۆ مسۆگەرکردنی ژیانی خۆیان و دوورکەوتنەوە لە شەڕ و وێرانکاری، کۆچیان کردووە بۆ شارە تورکنشینەکان. لە دوای شەڕی نێو شاران لە نێوان سوپای تورکیا و یەکینەکانی پاراستنی سڤیلی سەر پەکەکە کە بە شەڕی "خەندەق" ناوی دەرکرد و ناوچەکانی سووری ئامەد، نسێبین، شرنەخ

> **ئەوەی باش بیربکاتەوە باش دەبینێ**
>
> ئاکپارتی

و جزیرەی گرتەوە، نیو ملیۆن کورد روویان لە شارەکانی دیکەی تورکیا کردووە.

تەنانەت ئێستا ئامەد بووەتە دوو بەش، ئامەدی نوێ و ئامەدی کۆن، ئەوانەی حەزیان لەژیانە چوونەتە قەراخی ئامەدی کۆن و لە ئامەدی نوێ دەژین کە بە شێوازێکی نوێ دروستکراوە، بازاڕی هەرە گەرمی زەوی و خانوو و بزنسی ئەو شارە لەوێیە. کۆنەکە، واتە سووری ئامەد لە شەڕی 2017 دا بەشێکی وێران بووە و تاوەکو ئێستاش کەس بۆی نییە سەردانی ئەو بەشە بکات.

خەڵکی ئامەد دەڵێن لە شەڕ و کوشتن و وێرانکاری بێزار بوون، حەزیان لە ژیانە،

> **لە سەردەمی ئاکپارتیدا بودجەی تورکیا لە 230 ملیارەوە زیادی کردووە بۆ 851 ملیار دۆلار**

ئەوەی تێبینیم کرد، قسەکردن بە زمانی کوردی لەناوچە کوردستانییەکان کە یەکێکە لە داواکارییە سەرەکییەکان لە حکومەتی تورکیا، ئەگەر نەڵێم هەر نییە، دەتوانم بڵێم 95%ی کوردی باکوور هەر بە تورکی قسە دەکەن.

لە باکوور هەر بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەوە بووم کە کورد داوای چی دەکەن؟ سەردانی سولەیمان سەردار، بەرپرسی یەکەمی AKPلە ئامەدم کرد. سولەیمان ئۆفیسێکی گەورەی لەوێ هەیە و کە چووینە ژوورەکەی گۆرانیی (حەلیمێ) لە کۆمپیوتەرەکەیەوە دەهات کە گۆرانییەکی فۆلکۆری کوردییە. ئەوان هەر ئێستا خۆیان بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختەی شارەوانی ئامادە دەکەن کە بڕیارە لە ئۆکتۆبەری ئەمساڵ بکرێ.

سولەیمان کە خۆیشی کوردە، گوتی: "سیستەمی سەرۆکایەتی لە تورکیا رێگەیەکی باشە بۆ پرسی کورد، ئێمە چارەسەری باشتر بۆ کێشەی کورد دەبینین". کاتێک لێم پرسی کورد داوای چی لەئێوە دەکەن، گوتی: "40 ساڵە نازانین PKK داوای چی دەکات، خۆم کوردم و نازانم داوای چی دەکەن، ئەی چۆن تورکێک تێبگات کە داوای چی دەکەن؟".

سولەیمان باسی تورکیای کۆن (تورکیای ئەتاتورک) و تورکیا نوێ (تورکیای ئەردۆگان)ی کرد و گوتی: "باش بوو HDP بەربەستی 10%ی بڕی، ئەگەرنا ناسەقامگیری دروست دەبوو، بۆیە بۆ کوردی تورکیا باشترە سیاسەت بکەن و لەنێو پەرلەمان شەڕ بکەن، نەک منداڵی خەڵک بە کوشت بدرێ".

سولەیمان سەردار، وێنەیەکی زۆر گەورەی ئەردۆغانی لەسەر دیواری پشت کورسییەکەی خۆی هەڵواسیوە کە شەش مەتر دووجا بوو. سولەیمان دەیگوت "تورکیا کە بووە دەوڵەت لەسەر ئەسڵی خۆی دانەمەزرایەوە، کورد و ئینسانی باوەڕدار و حیزبی ئیسلامی قەدەغە بوون و رێگەیان نەدا سیاسەت بکەن، کاتێک AKP هات شتەکە راستکرایەوە و مافی دا و هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە سیاسەت بکات".

ئەردۆغان و حیزبەکەی دەڵێن نهێنیی سەرکەوتنیان لە تورکیا ئەوەیە "ئەوەی باش بیربکاتەوە، باش دەبینێ".

## باکوور و باشووری کوردستان لە سەبەتەی ئەردۆگاندا

لایەنگرانی پەکەکە لە باکووری کوردستان رەخنەی زۆر لە پارتی دیموکراتی کوردستان دەگرن لەوەی پشتی لە PKK کردووە و پشتیوانی لە سیاسەتەکانی ئەردۆغان و ئاکەپە دەکات. زۆر کەس لە باکووری کوردستان وای دەبینن کە دۆستایەتی بارزانی و ئەردۆگان بۆ دژایەتی کوردی باکوورە.

شەوی 2018/6/30 لە یەکێک لە چێشخانەیەکی (ئامەدی نوێ) نانێ ئێوارەمان خوارد، لەگەڵ چەند لایەنگرێکی HDP دانیشتین و قسە هاتە سەر گشتپرسییەکەی باشووری کوردستان و رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر. کە باسی کەرکووکمان کرد، هەندێکیان دەستیان کرد بە داگیرساندنی جگەرە و ئاخ هەڵکێشان، یەکێکیان سوێندی خوارد کە هەتا سێ رۆژ دوای 16ی ئۆکتۆبەر نانی نەخواردووە.

ئەوان پێیانوابوو کە پارتی دەبێ وانەیەکی لەو گشتپرسیە وەرگرتبێ و چیدی لە ئەردۆگان نزیک نەبێتەوە. کاتێک پرسیم، ئەگەر ئەردۆگان دەرگای ئیبراهیم خەلیلی گرتبایە و بۆڕیی نەوتی کوردستانی داخستبا، چی بەسەر باشووری کوردستان دەهات؟ هەموویان بێدەنگ بوون.

باشووری کوردستان ستوونی سەرەکی پارچەکانی دیکەی کوردستانە. کە لە باشووری کوردستان قەوما لە کوردی باکوور و رۆژئاوای کوردستانیش قەوما. کە باشوور بەهێز بێت پارچەکانی دیکەش بەهێز دەبن.

بەرپرسەکەی ئاکپارتی لە ئامەد لەبارەی پەیوەندیی نێوان تورکیا و باشووری کوردستان لە داهاتوودا، دەڵێت: "پەیوەندییەکان ئاسایی دەبنەوە و لە جارانیش باشتر دەبن، ئەوەی روویدا کاردانەوە بوو بەرامبەر گشتپرسی، بەڵام تورکیا دژایەتییەکی توندی باشووری کوردستانی نەکرد، تەنیا بە رووکەش نارەزایەتی دەربڕی، لەوە زیاتر نا".

هەرچۆن بێت، بۆ پێنج ساڵی دیکە کە ئەردۆگان و حیزبەکەی دەسەڵاتی تورکیایان لەدەستە، دەبێ کوردی باکوور و بەتایبەتی لایەنگرانی HDPو ئەوانەی باشووری کوردستانیش، بۆ بەرژەوەندیی خۆیان باش بیربکەنەوە و یەکتر تەواو بکەن، نەوەک ببنە مشار و یەکتر ببڕنەوە.

# بۆچی سەرەڕای وەرزشکردن کێشت دانابەزێ؟



دەچیت بۆ هۆڵی جیم، ڕادەکەی، قورسایی بەرزدەکەیتەوە، کەچی هەر خۆت دەکێشی و کێشت وەکوو خۆیەتی، لەوەش ناخۆشتر هەندێکجار زیادیش دەکات.

لەڕاستیدا دەبێ بزانی، تەنانەت ئەگەر هێندە خۆت ماندوو بکەیت هەموو گیانت ئارەقە بکات، مانای وانییە ئیدی چەوری لەشت دەسووتێ و کێشت دادەبەزێ!

بابەتەکە کالۆرییە، سەختترین وەرزش بکەی، ئەگەر ئاگات لە خواردنت نەبێ، هەوڵەکانت بۆ دابەزاندنی کێش بێسوود دەبن.

بۆ ئەوەی یەک کیلۆ کێشت دابەزێ، دەبێ 7700 کالۆری بسووتێنی! ئەویش بە زۆر جووڵان و کەم خواردن.

نیوکاژێر وەرزشکردن لە هۆڵی جیم، 250 کالۆری ون دەکات. کەچی خواردنی شاورمەیەکی پەتاتە و مایۆنیز 500 کالۆری دەداتە جەستەت! واتە ئەگەر نیو کاژێر وەرزش بکەیت و پاش ئەوە لەفەیەکی لەوجۆرە بخۆی، ئەوە کێشت نەک کەم ناکات، بەڵکو زیادیش دەکات!

بۆیە دەبێ سەرەتا ڕۆشنبیریت هەبێ سەبارەت بە کالۆری، بۆ ئەوەی بزانی ڕۆژانە چەند لە خۆراکەوە وەردەگری و چەندیش بە وەرزش و چالاکی جەستەیی دەسووتێنی. هەرچەندە خۆت ماندوو بکەی و وەرزش بکەی، ئەگەر لە خۆراکەوە وزەی زۆرت وەرگرت، ئەوە چاوەڕێی دابەزینی کێش مەبە.

## لەبارەی کالۆری

لە خۆراکناسیدا زاراوەی کیلۆکالۆری بەکاردێت، چونکە یەک کالۆری ئێجگار کەمە، بەڵام بۆ ئاسانکاری، هەر دەگوترێ کالۆری، واتە کاتێک دەڵێین هێندە کالۆری، مەبەستمان هێندە کیلۆ کالۆرییە.

یەک گرام کاربۆهێدرات (وەکوو شەکر) چوار کالۆری وزە دەدات، یەک گرام پرۆتین (وەکو گۆشتی بێ چەوری) چوار کالۆری دەدات و گرامێک چەوری 9 کالۆری دەدات.

جەستەی هەرکەسێک بۆ ڕاپەڕاندنی چالاکییە بنەڕەتییەکانی، هەر لەکاتی پشوودا بڕێک وزەی پێویستە. لە ئەمریکا وا دیاریکراوە کە خانمێکی ئاسایی پێگەیشتوو ڕۆژانە 1493 کالۆری و پیاوێکی ئاسایی پێگەیشتوو ڕۆژانە 1662 کالۆری پێویستە. ئەگەر لەو بڕە زیاتر بخۆی و جووڵە زیاد نەکەی، ئیدی دەبێتە هۆی زیادبوونی کێش، بە پێچەوانەشەوە، ئەگەر لەو بڕە کەمتر بخۆی یان زیاتر کالۆری بە وەرزش بسووتێنی، ئەوە کێشت کەم دەکات.

# کەیفخۆشی چی لە جەستەمان دەکات؟



ڕووداو- مێڵس لاین

کەیفخۆشی هەستێکی چێژبەخشە، ڕەنگە هەست بە لایەنە دەروونییەکەی بە ئاسانی بکەین، بەڵام ئەمە تەنیا ڕەهەندی ئەم هەستە نییە، بەڵکو لێکەوتەی ئەرێنی جەستەییشی هەیە.

کەیفخۆشی پەیوەندی بە هەندێک گوازەرەوەی دەمارییەوە هەیە کە جگە لە لێکەوتە دەروونییەکانیان، کار لە سیستمی جەستەش دەکەن، هەر لە پرۆسەی هەرسەوە تاوەکوو سووڕی خوێن و چەندینی دیکە.

ئێستا بزانە کاتێک کەیخۆشیت، چی لەنێو جەستەتدا دەگوزەرێ:

### 1 مێشک:

هەم مێشک کار لە هەستەکانمان دەکات و هەم هەستەکانیش کار لەو دەکەن. لەکاتی دەردانی هەردوو ماددەی سیرۆتۆنین و دۆپامین لە مێشکدا، هەستی دڵخۆشی دەروونمان دەتەنێ. ئەو کەسانەی زۆربەی کات خەمبار و خەمۆکن، ماددەی سیرۆتۆنینیان کەمە. کاتێک ڕووداوێکی دڵخواز لە ژیانتدا ڕوودەدات، مێشک هەستی پێدەکات و لە بەرامبەردا ئەم ماددە دڵخۆشکەرانە دەردەدات.

### 2 سووڕی خوێن:

هەستت کردووە کاتی دڵخۆشی، ڕوخسارت سوور و گەرم دەبێ و دڵت بە خورپە لێدەدات؟ ئەمە لێکەوتەی دڵخۆشییە لەسەر کۆئەندامی سووڕی خوێن. لەبیرت بێ، چۆن دڵخۆشی کاری باش لە کۆئەندامی سووڕان دەکات، خەمباری و دڵتەنگیش کاری نەخوازراو لەم سیستمە دەکەن. کۆئەندامی سووری خوێن پێکهاتووە لە دڵ، خوێنبەرەکان، خوێنهێنەرەکان، مولوولەکانی خوێن.

### 3 کۆئەندامی دەماری سەربەخۆ:

کۆئەندامی دەماری سەربەخۆ هەموو ئەو پرۆسانە ڕێکدەخات کە بێئەوەی تۆ هانیان بدەی، خۆبەخۆ کار دەکەن، وەکوو هەناسە، هەرس و چەندین پرۆسەی دیکە.

لەکاتی دڵخۆشیدا تێکڕای هەناسەدان خێرا دەبێ یان هێواش دەبێتەوە بەپێی سروشتی دڵخۆشییەکە. دڵخۆشی هەروەها کار لە ئارەقکردنەوە، پلەی گەرمیی لەش، ئارەزووی خواردن و تەنانەت پرۆسەی زیندەپاڵیش دەکات. هەندێکجار کار لە گرژبوون و جووڵەی ریخۆڵە و گەدە و میزڵدانیش دەکات.

### سەرەتا هەستەکە دروستدەبێ یان گۆڕانکارییە جەستەییەکان؟

هەستەکانی مرۆڤ و لایەنی فیزیۆلۆجیی جەستە وەها توند لێکئالاون، زەحمەتە بتوانین بە ڕەهایی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە. کاتێک ڕووداوێکی دڵخۆشکەر ڕوودەدات، خێرا لێکەوتە دەروونی و جەستەییەکان ڕوودەدەن، پرۆسەیەکی ئێجگار خێرا و پێکداچوون.

هەندێک کەس لەکاتی دڵخۆشیدا فرمێسک لە چاویان دێت، هەندێکی دیکە دەست بە هەڵبەز و دابەز و هەڵپەڕین دەکەن، هەموو ئەمانە ئاسایین، هیچیان پرۆسەی نامۆ نین و جیاکەرەوەی دەروون و جەستەی مرۆڤن.

### ئایا دەتوانین خۆمان هەستی کەیفخۆشی دروستبکەین؟

ئەستەم نییە! زەردەخەنە، هانی مێشک دەدات ماددەی دڵخۆشکەر دەربدات! دەرکەوتووە ئەگەر زەردەخەنە لە دڵیشەوە نەبێ، هەر هانی مێشک دەدات میزاج باش بکات و گوشاری دەروون کەم بکاتەوە! هەروەها وەرزشیش هانی مێشک دەدات میزاج باش بکات و هەستی خەمباری و گوشاری دەروونی کەم بکاتەوە. لەکاتی وەرزشدا ئەم ماددە کیمیاییانە زیاتر دەردەدرێن کە دڵخۆشی دروستدەکەن، وەکوو ئیندۆرفین و هاوشێوەکانی. هەروەک لەکاتی وەرزشدا کەمتر سەرنجت لەسەر نیگەرانییەکانی ژیانە، بەوەش سەرنجی مێشک لەسەر خەمباری و خەمۆکی کەم دەکەیتەوە.

واتە بەشێوەیەک لە شێوەکان دەتوانین لە ڕێگای زەردەخەنە، پیاسەی ناو سرووشت یان ماچی ئازیزێکەوە مێشکمان هاک بکەین و وابکەین لەبری دڵتەنگی، هەستی کەیفخۆشیمان بداتێ.

# ماوەی دووگیانی و ئارەزووی سێکس

ڕووداو – مێڵس کلام

دیاردەکانی وەک ئێڵنجی بەیانیان، پەڵەی ڕوخسار و بێزوو، لە باسە بڵاوەکانی بابەتی دووگیانین، بەڵام ئایا پرسیوتە ئارەزووی سێکسی خانمان لە کاتی دووگیانیدا چی بەسەردێ؟

لە هەندێک لە خانماندا بە درێژایی نۆ مانگی دووگیانی، ئارەزووی سێکس لە بەرزی و نزمیدایە، بەڵام بە گشتی وەهایە کە لە سێ مانگی یەکەم و سێ مانگی کۆتاییدا ئارەزووی سێکس زیاد دەکات و لە سێ مانگی نێوەڕاستدا وەکوو کاتە ئاساییەکانی پێش دووگیانییە.

لە سێ مانگی یەکەمدا بەهۆی بەرزبوونەوەی هۆرمۆنەکانی پەیوەست بە سێکس، ئارەزووی سێکس بەرز دەبێتەوە، بەڵام ئێڵنجی بەیانیان (کە لە سێ مانگی یەکەمدا ڕوودەدات)، گرژبوونی ماوە ماوەی منداڵدان (کە خانمەکە ڕەنگە بە هەڵە واتێبگات لەبارچوونە) و هەستکردن بە ماندوویێتی لەمپەر دەخەنە بەردەم ئارەزووی سێکسی یان سێکسکردن. لە سێ مانگی دووەمدا، هۆرمۆنەکانی سێکس جێگیر دەبنەوە، بۆیە لایەنی سێکسیش ئاسایی دەبێتەوە. لە سێ مانگی کۆتایی دووگیانی و بە تایبەت لە مانگی کۆتاییدا ئارەزووی سێکس دەگاتە لوتکە، بەهۆی زۆر بەرزبوونەوەی هۆرمۆنەکانی سێکس.

### ئۆرگازم زووتر ڕوودەدات:

بەرزبوونەوەی هۆرمۆنەکانی ئیسترۆجین، پرۆجیسترۆن، کۆرتیزۆڵ و تیستۆستیرۆن تەڕیی زێ زیاد دەکەن، ئەندامی زاوزێی خانمەکە هەستیارتر دەبن و زووتریش دەگاتە ئۆرگازم. هەر لەکاتی دووگیانیدا خوێن زیاتر بۆ کۆئەندامی سێکس و زایەندی دەڕوات، ئەوەش هەم ئارەزووی سێکس زیاد دەکات و هەم گەیشتنە لووتکەی چێژ خێرا دەکات. واتە لەکاتی دووگیانیدا هەم ئارەزووی سێکس زیاد دەکات و هەم گەیشتنە لووتکەی چێژ خێرا دەبێت.



### سێکس کەم بکەوە

پێویست بە نیگەرانی ناکات، لە هەر بارێکدا سێکس بکرێت، خانمەکە چۆن ئاسوودەیە دەتوانێ وەها بیکات، جگە لە هەندێک حاڵەتی تایبەت کە تێیدا پزیشکی پسپۆڕ ڕێنمایی دەدات لە بارێکی تایبەتدا سێکس نەکرێ.

بەڵام لەگەڵ زۆر نزیکبوونەوەی وادەی منداڵبوون، باشترە سێکس نەکرێ، چونکە لەگەڵ تەقینی سەرئاودا ئەگەری هەوکردن زیاد دەکات.

### *هۆکاری دیکەش کار لە سێکسی کاتی دووگیانی دەکەن:

مەرج نییە هەموو خانمان بەم ریتمە ئارەزووی سێکسیان بگۆڕێ لەکاتی دووگیانی، بەرزی و نزمییەکە لە هەندێک لە خانماندا جیاوازە و ئەو جیاوازییەش مایەی نیگەرانی نییە.

تەنانەت لەوانەیە لایەنی سێکس لە سکێکەوە بۆ سکێکی دیکە لە هەمان خانمدا جیاواز بێ و هاوشێوە نەبێ، ئەوەش هەر دیاردەیەکی ئاساییە و نابێ ببێتە مایەی دڵەڕاوکێ. چونکە پرۆسەی سێکس پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و چەندین کارتێکەری دەروونی و جەستەیی هەن کە ئاساییە ڕووبدەن.

هەندێک خانم خەمبار دەبن بەشێوەی جەستەیان لەکاتی دووگیانیدا، کەچی هەندێکی دیکە شانازی پێوە دەکەن، بێگومان هەستی ئەرێنی، لایەنی سێکس بەهێز دەکات و خەمبارییش لاوازی دەکات.

کاردانەوەی هاوژینەکەش کاریگەری لەسەر لایەنی سێکسی خانمی دووگیان هەیە. هەندێک لە خانمان لە دووگیانیدا ئارەزووی سێکسیان هەیە، کەچی هاوژینەکانیان بە هەڵە وا تێگەیشتوون کە سێکسکردن بۆ کۆرپەی نیو سکی دایک خراپە! ئەوەش تێگەیشتنێکی بێ بنەمایە و نابێ ببێتە هۆی دوورکەوتنەوە لە سێکس لەکاتی دووگیانیدا.

# ئەوەی پێویستە لەبارەی کرێمی دژەخۆر بیزانی

ڕووداو- سلێمانی

کرێمی دژەخۆر بەکاردەهێنرێ تاوەکوو نەهێڵێ بڕی زیانبەخشی تیشکی سەرووی وەنەوشەیی لە هەتاوەوە بەر پێست بکەوێت، چونکە ئەو تیشکە ڕەنگی پێست تێکدەدات و خاڵ و پەڵەی لەسەر دروست دەکات، چرچی دەکات و دەیژاکێنێ، هەروەها ئەگەری تووشبوونی پێست بە شێرپەنجە زیاد دەکات.

زۆربەی کرێمە دژەخۆرەکان بە یەکێک لەو دوو ڕێگایە ڕێ لە تیشکی سەرووی وەنەوشەیی دەگرن کاتێک لە پێست دەدرێن: یەکەم: پەرشکردنەوە و گێڕانەوەی تیشکی زیانبەخش. دووەم: هەڵمژینی شەپۆلەکە لەلایەن کرێمەکە بەرلەوەی بگاتە پێست.

### SPF چییە؟

توانای هەر کرێمێکی دژەخۆر بۆ ڕێگری لە تیشکی سەرووی وەنەوشەیی بە پێوانی فاکتەری پاراستن لە هەتاو (SPF: Sun Protection Factor)ی ماددەی دژەخۆری کرێمەکە دیاری دەکرێت.

بۆ تێگەیشتن لە SPF پێویستت بەم لێکدانەوە سادەیەیە: ئەگەر لەباری ئاساییدا لەماوەی 10 خولەکدا هەست بە سووتانەوەی پێستت بکەی، ئەوا دوای بەکارهێنانی کرێمێکی خاوەن ئێس پی ئێفی 15 دەتوانیت 150 خولەک لەبەر هەتاو بیت بەرلەوەی پێستت بسووتێتەوە.

هەروەها SPFی 15 مانای وایە کرێمەکە 94%ی تیشکی سەروو وەنەوشەیی ڕادەگرێت و ناهێڵێت بەر پێست بکەوێت، SPFی 30 واتە بە ڕادەی 97% ڕێگری لێدەکات، SPFی 45 واتە 98% ڕێگەی لێدەگرێ.

بەگشتی هەرSPFێکی سەرووی 45 ڕادەیەکی ئەوتۆی پێشگرتن بە تیشکی خۆر زیاد ناکات و هیچ دژەخۆرێک نییە 100% ڕێگا لەو تیشکە زیانبەخشە بگرێ.

### تیشکی سەروو وەنەوشەیی

تیشکی سەروو وەنەوشەیی بەپێی درێژیی شەپۆلەکەیان دوو جۆرە (A و B). جۆری B دەبێتە هۆی سووتانەوە و ژاکانی ڕووکاری دەرەوەی پێست، کەچی جۆری A کار لە چینە قووڵەکانی پێست دەکات و چرچیی پێست دروست دەکات.

ماددەی دژەخۆرەکە تەنیا ڕێگا لە جۆری B دەگرێت و کارێکی ئەوتۆی بەسەر جۆری A یەوە نییە ئەگەر جۆرە ماددەیەکی دیکەی بۆ زیاد نەکرابێ وەک ئۆکسیدی زینک یان پیرۆکسیدی تیتانیۆم یان هەر بەرگێکی بەرگریکاری کیمیایی دیکە.

بۆیە کاتێک دژەخۆر دەکڕی، نابێ بیرت تەنیا لای بەرزێتی SPFـەکەی بێت، بەڵکو بیرێکیش لەوە بکەوە ئایا لەو ماددانەشی تێدایە کە ڕێگری لە تیشکی سەروو وەنەوشەیی لە جۆری A دەکەن؟

### تێبینی دیکە:

- باشتر وایە لەو کرێمانە هەڵبژێری کە لە ئاودا ناتوێنەوە و ئاو نایانشواتەوە.
- دەبێ نیو کاژێر بەر لە چوونە دەرەوە لە پێستتی بدەیت و هەموو دوو کاژێرێک دووبارە لێی بدەیتەوە.
- دوای مەلەکردن و ئارەقکردنەوە، دەبێت دووبارە لە پێستتی بدەیتەوە.
- ئەگەر قوتوویەک دژەخۆرت هەیە و دوو ساڵە هەڵپچڕاوە، ئیدی فڕێی بدە.
- دەبێت هەر شوێنێکی جەستەت کە پێستەکەی بە جلوبەرگ دانەپۆشراوە، بە دژەخۆر دابپۆشی، وەک دەست و پێیەکان و مل و هەر شوێنێکی دی.
- لێویش وەکو پێستی ناوچەکانی دیکەی جەستە مەترسیی لەسەرە. بۆیە دەبێت توێژاڵێکی تەنکی دژەخۆری لێبدەی. ئەگەر بە تامی دژەخۆری پێستەکە بێزاری، ئەوە ماددەی تایبەت بە نەرمکردن و درەوشانەوە و شێدارکردنی لێو هەن کە دژەخۆریشیان تێدایە و دەتوانی ئەوانە بەکاربهێنی.



# ئێرانییەکان بۆ خۆدزینەوە لە سزا پەنا بۆ پاسپۆرت...

**رووداو- هەولێر**

لە کانوونی دووەمی ئەمساڵدا، حکومەتی دوورگەکانی قەمەر سەدان پاسپۆرتی پووچەڵ کردەوە کە بیانییەکان لە چەند ساڵی رابردوودا کڕیبوویان. بەپێی لیستی پاسپۆرتە پووچەڵکراوەکان کە کۆپییەکی دەست ئاژانسی (رۆیتەرز) کەوتووە، زیاتر لە 60%ی ئەو پاسپۆرتانە لەلایەن ئێرانییەکانەوە کڕدرابوونەوە کە بەشێکیان لە بواری بازرگانیی دەریایی، نەوت و غاز، دراوی بیانی و کانزا بەنرخەکاندا کار دەکەن.

هیچکام لەو خەڵکەی پاسپۆرتەکانیان کڕیوەتەوە سزای نێودەوڵەتییان لەسەر نییە، بەڵام لەکاتێکدا سزا قورسەکانی ئەمریکا لەسەر کەرتی پیشەسازی و بازرگانییەکانی ئێران دەستپێدەکەن، پاسپۆرتی دووەم دەکرێ سوودێکی زۆری هەبێ. بە گوێرەی راپۆرتەکەی (رۆیتەرز)، ژمارەیەک لە ئێرانییەکان پاسپۆرتی دوورگەکانی قەمەریان کڕیوە کە بۆ بەشێک لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێویستی بە ڤیزا نییە و دەشکرێ بۆ دروستکردنی هەژماری بانکی و تۆمارکردنی ناوی کۆمپانیا لە وڵاتانی دیکە سوودی هەبێ.

حکومەتی ئێران رێگە بە هاووڵاتیانی وڵاتەکەی نادات پاسپۆرتی وڵاتێکی دیکەیان هەبێ، بەڵام سەرچاوەیەکی ئێرانی ئاگادار لە مەسەلەکە بە ئاژانسە بەریتانییەکەی راگەیاندووە کە وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران رێگەی بە هەندێک لە بازرگانان داوە پاسپۆرتی وڵاتی دووەم وەربگرن، بۆ ئەوەی ئاسانکارییەک بێ بۆ گەشت و مامەڵەی بازرگانی.

ژمارەیەک لە پاسپۆرتەکان لە سەردەمی دەسەڵاتی حەمید موساعید، وەزیری نێوخۆی پێشووی قەمەر دەرکراون. موساعید پێیوایە ئێرانییەکان ئەو پاسپۆرتانەیان وەرگرتووە بۆ ئەوەی سزاکانی ئەمریکا و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی نەیانگرێتەوە. بەپێی ئەو داتایانەی دەست (رۆیتەرز) کەوتوون، لە نێوان ساڵانی 2008 بۆ 2017، زیاتر لە 1000 کەسی "لەدایکبووی ئێران" پاسپۆرتی قەمەریان کڕیوەتەوە، زۆرینەشیان لە نێوان ساڵانی 2011 بۆ 2013 کڕدراون، واتە رێک لەو کاتەی سزا ئەتۆمییە نێودەوڵەتییەکان لەسەر کەرتی نەوت و بانکەکانی ئێران قورس کرابوون.

دوورگەکانی قەمەر کە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی ئەفریقا، 800 هەزار دانیشتووی هەیە، لە ساڵی 2008ەوە دەستی بە فرۆشتنی پاسپۆرت بە خەڵکی بیانی کردووە. ئیماراتی عەرەبی و کوەیت دوو وڵات بوون کە دەیانویست لەو رێگەیەوە بەڵگەنامەی فەرمی بۆ ئەو خەڵکانە وەربگرن کە لەو دوو وڵاتە دەژیان و بە "بدون" ناسراون، واتە ئەو خەڵکەی هیچ دۆکیۆمێنتێکی فەرمییان نییە لەو دوو وڵاتە.

هەر لەو کاتەدا حکومەتی قەمەر، بە سەرۆکایەتی ئەحمەد عەبدوڵڵا محەممەد سامبی، خەریکی نزیکبوونەوە لە ئێران بوو. سامبی کە سەرەڕای سوننەبوونەکەی بە "ئایەتوڵڵای قەمەر" ناسراوە، ساڵانێک لە شاری قوم لە ئێران خوێندوویەتی و لە نێوان ساڵانی 2006 بۆ 2011 سەرۆککۆماری دوورگەکانی قەمەر بووە، لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەویشدا زیاتر لە 300 پاسپۆرت بە ئێرانییەکان فرۆشراوە. سامبی لە 19ی ئایاری ئەمساڵەوە لە ماڵەکەی خۆیدا بەندکراوە، دوای ئەوەی تۆمەتبار کرا بەوەی دەستی لە تێکدانی ئارامیی وڵاتدا هەبووە.

لە ساڵی 2011 بۆ 2016، ئیکلیلیلو زۆینین پۆستی سەرۆکایەتی قەمەری وەرگرت و لەسەردەمی ئەویشدا فرۆشتنی پاسپۆرت بەردەوام بوو. بە گوێرەی راپۆرتەکەی (رۆیتەرز)، لەناو ئەو ئێرانییانەی لەسەردەمی دەسەڵاتی زۆینیندا پاسپۆرتی قەمەریان وەرگرتووە ناوی محەممەد زەڕاب بەرچاو دەکەوێ. حکومەتی ئەمریکا زەڕاب تۆمەتبار دەکات بەوەی سیستەمی دارایی و بانکی ئەمریکای بۆ ئێران بەکارهێناوە و تاران توانیویەتی لەو رێگەیەوە خۆی لە سزاکان بدزێتەوە. محەممەد زەڕاب برای رەزا زەڕابە کە ئەویش لەسەر کەیسێکی هاوشێوە لە ئەمریکا دادگایی کرا.

بەڵام لە ساڵی 2016ەوە و لەگەڵ هاتنە سەر دەسەڵاتی ئەزەلی ئاسومانی، سیاسەتی حکومەتی دوورگەکانی قەمەر بەرامبەر ئێرانیش گۆڕا و لە وڵاتانی دژبەری ئێران لە کەنداو نزیک بووەوە. ساڵی 2017 لیژنەیەکی پەرلەمانی قەمەر دەستی بە لێکۆڵینەوە لەو سکاڵایانە کرد کە گوایە پرۆگرامی فرۆشتنی پاسپۆرت بە شێوازێکی "نەشیاو" بەکاردەهێنن و "گەندەڵی" تێکەوتووە. لە راپۆرتێکی 2018ی ئەو لیژنەیەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێ کە ئیماراتی عەرەبی پێشتر دەسەڵاتە ئەمنییەکانی قەمەری ئاگادار کردبووەوە لەوەی پرۆگرامەکە لە رێچکەی خۆی لایداوە و چیدی تەنیا بۆ خەڵکانی ناسراو بە "بدون" کار ناکات.

کێشەکە کاتێک تەقییەوە کە دەزگا ئەمنییەکانی ئیمارات هەستیان کردبوو زۆر کەس کە خەڵکی قەمەر نین و سەر بە پرۆگرامی فرۆشتنی پاسپۆرت بە خەڵکانی "بدون" نین، بە پاسپۆرتی قەمەر بەناو وڵاتانی کەنداودا هاتوچۆ دەکەن. سەرچاوەیەکی هەواڵگریی قەمەریش بە (رۆیتەرز)ی راگەیاندووە کە خەڵکانێک هەبوون بە پاسپۆرتی قەمەرەوە لە عێراق، سووریا و سۆماڵ کوژراون.

دیپلۆماتێکی ئەمریکی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە ئاگاداری پرۆگرامی فرۆشتنی پاسپۆرتە بە ئاژانسە بەریتانییەکەی گوت: "ئێمە بڕوامان وایە حکومەتی قەمەر هیچ پشکنین و بەدواداچوونێکی بۆ ئەو خەڵکە نەکردووە کە پاسپۆرتەکانیان وەرگرتووە". سەرچاوەیەکی ئەمنی حکومەتی ئەمریکاش ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە واشنتن بە وردییەکی زیاترەوە چاودێری ئەو گەشتیارانە دەکات کە لە قەمەرەوە سەردانی ئەمریکا و



ئەمریکییەکان دەڵێن ئێران دەتوانێت بۆ ماوەیەکی کەم گەرووی هورمز دابخات، بەڵام بە تێچوویەکی یەکجار زۆر

# ئێران دەتوانێت گەرووی هورمز دابخات؟

**رووداو- BBC**

ئێران دەتوانێت گەرووی هورمز دابخات؟ بەگوتەی بەرپرسانی سەربازیی ئەمریکا بێت "بەڵێ"، بەڵام پێدەچێت بۆ ماوەیەکی کەم و بە تێچوویەکی یەکجار زۆر.

حەسەن رووحانی، سەرۆککۆماری ئێران لەکاردانەوەی هەڕەشەی ئەمریکادا بۆ سنووردارکردنی کڕینی نەوتی ئێران لە بازاڕە جیهانییەکاندا، گوتی: "مانای نییە نەوتی ئێران هەناردە نەکرێت و نەوتی ناوچەکە وەکو جاران بڕوات، ئەگەر ئێوە توانیتان ئەوە بکەن، ئەنجامەکەشی ببینن".

قسەکەی رووحانی وا لێکدەدرێتەوە کە لە ئەگەری راگرتنی هەناردەکردنی نەوتی ئێراندا، ئەو وڵاتە رێگە بە رەتبوونی نەوتی وڵاتانی ناوچەکە نادات بۆ بازاڕەکانی جیهان، ئەویش لە رێگەی داخستنی گەرووی هورمز بەرووی کەشتییەنەوتهەڵگرەکاندا.

ئێران لە 2011 کاتێک گەمارۆی خرایە سەر، ئەو هەڕەشەیەی کردبوو، ئەوکات مارتن دێمپسی، فەرماندەی ئەوکاتی هێزە چەکدارەکانی ئەمریکا، بە کەناڵێکی ئەمریکی راگەیاندبوو "ئێرانییەکان بە پشتبەستن بە هەندێ توانای خۆیان ئەو هەڕەشانەیان کردووە، بۆ ماوەیەک دەتوانن گەرووی هورمز دابخەن، ئێمەش بە لەبەرچاوگرتنی توانای خۆمان، دڵنیاین ئەگەر هەنگاوی وەها بنرێت، دەتوانین گەرووەکە بکەینەوە، بۆیە وەڵامی سادە و ساکارمان ئەوەیە کە بەڵێ ئەوان دەتوانن گەرووی هورمز دابخەن".

## • گرنگیی گەرووی هورمز

گەرووی هورمز گرنگترین رێڕەوە بۆ بازرگانی دەریایی نەوت لە جیهاندا. بەپێی هەڵسەنگاندنی رێکخراوی زانیاری وزەی ئەمریکا، لە ساڵی 2016 و بەپێی نوێترین زانیارییە پشتڕاستکراوەکان، لە گەرووی هورمزەوە رۆژانە نزیکەی 18 ملیۆن و 500 هەزار بەرمیل نەوت تێپەڕیوە. ئەو ژمارەیە بەرابەرە بە نزیکەی 19%ی پێویستی جیهان بە نەوت لە هەمان ساڵدا کە 97 ملیۆن و 200 هەزار بەرمیل بووە.

گەرووی هورمز دەکەوێتە نێوان ئێران و عوممان. پانتایی چوون و دەرچوون لە گەرووەکە نزیکەی 50 کیلۆمەترە و بچووکترین پانتایی گەرووەکە کە دەکەوێتە ناوەندەکەی، نزیکەی 40 کیلۆمەترە.

دوورگەکە تەنیا لە ناوەڕاستیدا قووڵە. بۆیە لە نەخشە دەریاییەکاندا رێڕەوێکی چوون و رێڕەوێکی هاتن بۆ کەشتییە نەوتهەڵگرە قورسەکان دانراوە و بەگشتی پانتایی گەرووەکە کە کەشتییە نەوتهەڵگرە قورسەکان دەتوانن کەڵکی لێ وەربگرن، نزیکەی 10 کیلۆمەترە.

لە درێژایی رێڕەوەکەدا بۆ کەنداو، کەشتییەکان لە نزیکی هەردوو گەرووی تونبی بچووک و تونبی گەورەوە تێدەپەڕن کە ئەو دوو دوورگەیە ساڵانێکی درێژە بوونەتە مایەی ناکۆکی لە نێوان ئێران و وڵاتانی عەرەبی بەتایبەت ئیمارات و ئێستا لەلایەن ئێرانەوە کۆنترۆڵ کراوە.

بە سەرنجدان لە باریکیی رێڕەوی نەوتهەڵگرەکان و بەگشتی کەشتییە گەورەکان کە تەنیا دەتوانن لە شوێنە قووڵەکانەوە بڕۆن، داخستنی گەرووی هورمز یان رێڕەوە دەریاییەکان وەک داخستنی شەقام و جادەکان نییە و بۆ داخستنی رێڕەوی کەشتییەکان تەنیا بژارەی سەربازی دەتوانێت کاریگەر بێت. ئەویش بە تێکدانی ئەمنییەتی رێڕەوی کەشتییەکان کە ئەو دۆخە لە سەردەمی شەڕی ئێران و عێراقدا تاقیکراوەتەوە.

## • ئێران چۆن دەتوانێت گەرووی هورمز دابخات؟

تاکتیکی هێزی دەریایی ئێران، لەدوای شەڕی ئێران و عێراق، تووشی گۆڕانێکی بنەڕەتی بوو، لە هێزێکی دەریایی کلاسیکەوە بووە بە هێزێکی ناڕێکخراو. بەشێک لەو گۆڕانکارییە ئەنجامی گەمارۆی چەک و کەرەستە سەربازییەکانە لە دژی ئێران کە نوێکردنەوە و چاککردنەوەی کەرەستە دەریایی و سەربازییەکانی ئێرانی تووشی کێشە کردووە.

ئەزموونی رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆی ئێران و ئەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1988 لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنێکدا کە ئەمریکا ناوی (Operation Praying Mantis) ی لێنابوو کە ئەوەش خۆی هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی ئێران رووبکاتە هێزێکی دەریایی ناڕێکخراو. لەو ئۆپەراسیۆنەدا هێزی دەریایی کلاسیکی ئێران لە بەرامبەر هێزی ئاگرینی ئەمریکا توانای پارێزگاریکردنی نەبوو.

ئێستا هێزی دەریایی ناڕێکخراوی ئێران چوار چەکی سەرەکی بەدەستەوەیە، ئەوانیش:

### 1- مینی دەریایی:

لەگەڵ ئەوەی لە رووماڵی میدیایی مانۆڕەکانی سوپای پاسداران لە کەنداو سەرنجی زیاتر بەسەر جۆرەکانی یەختە بەرهەمهێنراوەکانی ئێران و مووشەکە وشکانی بە دەریاکان، دەدرێت، لە هەڵسەنگاندنە سەربازییەکانی ئەمریکا و بەریتانیا زیاتر سەرنج خراونەتەسەر مینە دەریاییەکانی ئێران. لەو راپۆرتانەی لە میدیاکاندا بڵاوکراونەتەوە باس لەوە کراوە کە ئێران زیاتر لە 5000 مینی دەریایی هەیە.

### 2- یەختە مووشەکهاوێژەکان:

هێزی پێنجەمی ئەمریکا لە کەنداو و هێزە نێودەوڵەتییەکان، کەشتییە مینهەڵگرەکانیان لە ناوچەکە جێگیرکردووە، بەڵام بەرپرسانی سوپای ئەمریکا دەڵێن، کۆکردنەوەی مینە دەریاییەکان لەگەڵ بوونی هەڕەشەی یەختەکانی سوپای پاسداران، کێشە و پڕ مەترسین.

دەگوترێت ئێران نزیکەی 20 کەشتی بچووکی مووشەکهاوێژی دژە کەشتی هەیە کە لەلایەن چینەوە دروستکراون. هەروەها لە هێزی دەریایی سوپای پاسداراندا نزیکەی 40 یەختی سەربازی سوێدی و ژمارەیەکی نەزانراو بەلەمی سەربازی دروستکراوی ئێرانی هەن.

### 3- ژێر دەریایی:

ئێران لەدوای نەمانی یەکێتیی سۆڤیەت، سێ ژێر دەریایی "کلاس کیلۆ"ی لە رووسیا کڕیوە. ئەو ژێردەریاییانەی ئێران لە هەڵسەنگاندنە سەربازییەکانی ئەمریکادا بە مەترسیی جددی ناسێندراون.

نموونەیەکی هاوشێوەی ئەو ژێردەریاییە ئێستا لەلای کۆریای باکوورە کە هەشت ساڵ پێش ئێستا کەشتییەکی بچووکی سەربازیی کۆریای باشووری نقوم کرد. ئێران هەروەها دەڵێت خۆی ژێردەریایی دروستکردووە، بەڵام هیچ زانیاری و هەڵسەنگاندنێک لەبارەی چۆنیەتی کارکردنی ژێردەریاییەکە لەبەردەست نییە.

### 4- مووشەکە دژە کەشتییەکان:

ئێران سێ جۆر مووشەکی دژە کەشتی چینی هەیە کە لەم ساڵانەی دواییدا بەرپرسانی ئێران رایانگەیاندووە مووشەکی پێشکەوتووی دیکەیان بەرهەمهێناوە. بەڵام لە هەڵسەنگاندنی رۆژئاواییەکاندا تەنیا ئەو سێ جۆرە مووشەکە چینییە تەئکید کراوەتەوە کە ئێران بەدەستیهێناون.

مووشەکی CSS ناسراو بە کرمی ئاوریشم، لەسەردەمی شەڕی ئێران و عێراق لەلایەن ئێرانەوە بەکارهێنرا. مەودای رۆیشتنی مووشەکەکە 300 کیلۆمەترە. جۆرەکانی دیکەی مووشەکەکانی ئێران کە لەلایەن ئەمریکاوە بە هەڕەشە ناویان هێنراوە، بریتین لە مووشەکی C801 و C802. حیزبوڵڵای لوبنان لە ساڵی 2006 و لە شەڕی دژی ئیسرائیلدا بە یەکێک لەو مووشەکانە توانی کەشتییەکی بچووکی سەربازیی ئیسرائیل بکاتە ئامانج.

## • داخستنی گەرووی هورمز چۆن جێبەجێ دەکرێ؟

داخستنی گەرووی هورمز بە هێزی سەربازی، بە مانای داخستنی یەکێک لە رێڕەوە بنەڕەتییەکانی بازرگانی نەوتە و هەروەها رێڕەوی هاتوچۆی دراوسێکانی ئێرانە لە کەنداو لەگەڵ جیهانی دەرەوە، بێگومان ئەمە کاردانەوەی توندی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لێدەکەوێتەوە. بەو هۆیەوە ناوەندی لێکۆڵینەوەی کۆنگرێسی ئەمریکا لە راپۆرتێکدا کە ساڵی 2012 ئامادەکراوە، دەڵێت ئەگەری ئەوە هەیە ئێران داخستنی گەرووی هورمز بەشێوەی قۆناغ بە قۆناغ جێبەجێ بکات، تاوەکو بتوانێت کاردانەوەی سەربازیی چاوەڕوانکراو لە دژی ئەو هەنگاوەی، تاوەکو ئەو جێگەیەی بتوانێت کۆنترۆڵی بکات.

هەنگاوەکانی ئێران ئەمانەی خوارەوە دەبن:

1 – راگەیاندنی قەدەغەی هاتوچۆی کەشتییەکە لە گەرووی هورمز، بەبێ ئاماژەی راستەوخۆ بە ئەنجامەکانی.

2– پشکنینی کەشتییەکان یان راگرتنیان.

3 – کەڵکوەرگرتن لە کەرەستە سەربازییەکان بۆ هۆشداریدان بە کەشتییە بازرگانی یان نەوتهەڵگرەکان لە ناوچەکە.

4 – کەڵکوەرگرتن لە کەرەستە سەربازییەکان بۆ بە ئامانجکردنی کەشتییە دەستنیشانکراوەکان.

5– مینرێژکردنی گەرووەکە.

6– کەڵکوەرگرتن لە ژێردەریایی و مووشەک بۆ بەئامانجکردنی کەشتییە بازرگانی و سەربازییەکان.

ئەگەرچی بەکرداریکردنی هەنگاوەکان لە جیهانی ئەمڕۆدا شتێکی خەیاڵی دێتە پێش چاو، بەڵام ئێران لە شەڕی عێراقدا ئەو هەنگاوانەی گرتەبەر، هەر لە تەقاندنی مووشەکی کرمی ئاوریشم بۆ نەوتهەڵگرەکان تاوەکو مینرێژکردنی دەریا کە یەکێک لە مینەکان بە کەشتییەکی جەنگیی ئەمریکا (سامۆئێل بی)دا تەقییەوە.

لەوکاتەدا، هەنگاوەکانی ئێران نەبووە هۆی داخستنی گەرووی هورمز، بەڵام تێچووی بیمەی کەشتییەکانی بردە سەرەوە و ترافیکێکی گەورەشی بۆ چوونە دەرەوەی کەشتییەکان لە کەنداو دروستکرد کە ئەوەش تێچوویەکی زۆر بوو بۆ بازرگانی جیهانی.

## • کاردانەوەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی چی دەبێت؟

پێشتر کە ئێران هەڕەشەی داخستنی گەرووەکەی کردبوو، بەرپرسانی سەربازیی ئەمریکا بەتایبەت گوتەبێژی هێزی پێنجەمی دەریایی ئەمریکا کە لە کەنداون، راگەیاندبوو بەهیچ شێوەیەک هیچ هەوڵێک بۆ داخستنی گەرووی هورمز قبوڵ ناکەن.

بەڵام جددیترین کاردانەوەی ئیدارەی ئەمریکا، لە رێگەی بەرپرسانی ئیدارەی پێشووی ئەمریکاوە گەیشتە رۆژنامەی نیویۆرک تایمز، رۆژنامەکە نووسیویەتی ئەمریکا لە کەناڵێکی شاراوەوە بە عەلی خامنەیی، رێبەری ئێرانی راگەیاندووە، داخستنی گەرووی هورمز، هێڵی سووری ئەمریکایە و کاردانەوەی سەربازیی ئەمریکا بەدوای خۆیدا دەهێنێ.

# داهات... دەگات...

**رووداو- هەولێر**

نزیکەی نۆ مانگ بەسەر دەستپێکی هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە سعودیە تێدەپەڕێ کە تێیدا ژمارەیەکی زۆر شازادە و بەرپرسی حکومیی بەناوبانگی ئەو وڵاتە دەستبەسەرکران. بەرپرسانی حکومەتی سعودیە دەڵێن هەڵمەتەکە تاوەکو ئێستاش بەردەوامە و لەو پەیوەندییەدا شازادەیەکی پایەبەرزی ئالی سعوود و چەندین بەرپرسی حکومی و بازرگان دەستبەسەرن.

ژمارەیەک بەرپرسی حکومی و کەسانی ئاگادار لە مەلەفی دەستبەسەرەکان بە رۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکییان راگەیاندووە کە هەندێک لە دەستبەسەرەکان لەکاتی لێپێچینەوەدا لێدانیان خواردووە، رێگەیان پێنەدراوە بخەون، لە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەندامانی خێزان و تەنانەت پارێزەرەکانیشیان بێبەش کراون، لە کاتێکدا هەندێکیان هیچ تۆمەتێکی دیاریکراویان ئاراستە نەکراوە.

هەڵمەتی دەستگیرکردنی شازادە و بەرپرسانی سعودیە دوای پێکهێنانی لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بە سەرۆکایەتی محەممەد بن سەلمان دەستیپێکرد کە پێنج مانگ پێش هەڵمەتەکە پلەکەی لە شازادەوە بۆ شازادەی جێنشین

# کەوتن... سەرک...

**رووداو – هەولێر**

رۆژی هەینیی رابردوو، چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆن لە باشووری سووریا رازی بوون چەک دابنێن و درعا رادەستی هێزەکانی حکومەت بکەن، بەمەش رووسیا و هێزەکانی لایەنگری حکومەتی دیمەشق سەرکەوتنێکی دیکەیان تۆمار کرد. لە دوو هەفتەی رابردوودا هێزی ئاسمانیی رووسیا بنکەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دەکوتا و سیاسییەکانیشیان لەسەر زەوی خەریکی رازیکردنی ئۆپۆزیسیۆن بوون تاوەکو چەک دابنێن. کەوتنی درعا سەرکەوتنێکی دیکەی سەربازی و سیاسییە بۆ مۆسکۆ، لە کاتێکدا کەمتر لە هەفتەیەک بۆ کۆبوونەوەی لوتکەی نێوان سەرۆکی رووسیا و ئەمریکا ماوە.

لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا شەڕی نێوان حکومەتی سووریا و ئۆپۆزیسیۆنی سوننەی ئەم وڵاتە تەنیا یەک ئاراستەی هەبووە، سەرکەوتنی یەک لەدوای یەکی هێزەکانی لایەنگری حکومەت، بچووکبوونەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئۆپۆزیسیۆن، ئاوارەبوونی سەتان هەزار کەس لەو ناوچانە و دەستەوەستانبوونی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی.

لە سێ هەفتەی رابردوودا هێزەکانی لایەنگری حکومەت بە هاوکاریی هێزی ئاسمانیی رووسیا، هێرشێکی قورسیان بۆ سەر درعا دەستپێکردبوو، لە ئاکامیشدا هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن بەناوبژیوانی رووسیا رازی بوون لە هەموو شار و شارۆچکەکانی ئەو پارێزگایە چەکە قورس و مامناوەندەکانیان دابنێن و خاڵی سنووریی نەسیب لەسەر سنووری ئوردن رادەستی حکومەت بکەنەوە. لە سەرەتای شەڕی درعاوە تاوەکو رۆژی شەممە زیاتر 320 هەزار




# ــی ئەفریقی دەبەن

له نێوان ساڵانی 2008 بۆ 2017، زیاتر له 1000 كەسی "لەدایكبووی ئێران" پاسپۆرتی قەمەریان كڕیوەتەوە

وڵاتانی ڕۆژئاوایی دەكەن.

فەرەنسا یەكێكە لەو وڵاتانەی نیگەرانە لەو گۆڕانكاریە، لەبەر ئەوەی ژمارەیەكی زۆر هاووڵاتی قەمەر لە فەرەنسا دەژین و زوو زوو هاتوچۆی ئەو دوورگانە دەكەن. گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا ئاماژەی بۆ ئەوە كردووە كە وڵاتەكەی ئاگاداری فرۆشتنی پاسپۆرتی قەمەرە، بەڵام ئامادە نەبوو هیچ زانیارییەك لەبارەی ڕێكارەكانی پاریس لەوبارەیەوە بدات.

بە گوێرەی ڕاپۆرتی پەرلەمانی دوورگەكانی قەمەر، پرۆگرامی فرۆشتنی پاسپۆرتی قەمەر ئەو قازانجە چاوەڕوانكراوەشی بۆ حكومەتی وڵاتەكە نەبووە، لەكاتێكدا نزیكەی 100 ملیۆن دۆلار لە داهاتی پرۆگرامەكە دیار نەماوە. سوێف محەممەد ئەمین، وەزیری دەرەوەی قەمەر، بە ئاژانسە بەریتانییەكەی ڕاگەیاندووە "پارەیەك هەیە كە هەر نەهاتووەتە ناو سندوقی حكومەتەوە. ئێمە ئەو پارەیەمان لەو خەڵكە دەوێ كە سوودیان لە پاسپۆرتی ئێمە وەرگرتووە، لەوانەش بیانییەكان".

بەپێی ڕاپۆرتەكەی (ڕۆیتەرز)، هەندێك لە پاسپۆرتەكان لە ڕێگەی كۆمپانیایەكەوە بە ناوی كۆمپانیای ڕاوێژكاریی نێودەوڵەتی لیكا كڕیاریان بۆ دۆزراوەتەوە. بنكەی سەرەكیی لیكا لە دوبەیە و هاوبەشێكی هەیە بەناوی گروپی بەیات كە ئێرانییەك بەڕێوەی دەبات و كاری سەرەكییان وەرگرتنی ڤیزایە لە وڵاتانی وەكو قەمەر وماڵتا.

بەرپرسانی حكومەتی ئەمریكا و قەمەر مانگی ئایاری ئەمساڵ لەسەر ئەم كێشەیە كۆبوونەوە و حكومەتی قەمەر ڕەزامەندی دەربڕیوە لەوبارەیەوە زانیاری بە ئەمریكا بكات. بەرپرسێكی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكاش دەڵێ "دەمانەوێ لەگەڵ حكومەتی قەمەر كار بكەین تاوەكو بۆمان دەربكەوێ فرۆشتنی پاسپۆرتی قەمەر ئاسانكاری بۆ چ جۆرە چالاكییەك كردووە".

# ــی دەستگیركردنی شازادەكانی سعودیە
# ــە 100 ملیار دۆلار



بن سەلمان دەیەوێ بەشێك لە پرۆژەی ڕوئیای 2030 بە پارەی شازادە و بازرگانەكانی سعودیە جێبەجێ بكات

بەرزكرابووەوە. هەندێك لە دەستبەسەرەكان لە كۆشك و هۆتێلە شاهانەكانی سعودیە ڕاگیراون، بەڵام ژمارەیەكیشیان لە گرتووخانەن و ئەشكەنجە دراون.

لە سەرەتای هەڵمەتەكەدا گەندەڵی دارایی، بەفیڕۆدانی سامانی گشتی و بەكارهێنانی حكومەت بۆ قازانجی تاكەكەسی وەكو تۆمەتی سەرەكی دەدرایە پاڵ شازادە و بەرپرسە دەستبەسەرەكان. بەڵام لێدوانی گوتەبێژەكانی حكومەتی سعودیە بۆ (وۆڵ ستریت جورناڵ) ئاشكرای دەكات كە كێشەكە تەنیا پەیوەندی بەوەوە نییە شازادە و بەرپرسە دەستبەسەرەكان بە ڕێگەی نایاسایی گیرفانیان پڕكردووە، بەڵكو هەندێكیان لەسەر كەیسی پەیوەندیدار بە ئاسایشی نیشتمانیی سعودیە و تیرۆرەوە ڕاگیراون.

بەشێك لە چاكسازییەكانی بن سەلمان كرانەوەی كۆمەڵگا، بەرەنگاربوونەوەی بیری توندئاژۆیی و هەڵوەشاندنەوەی تۆڕەكانی كۆكردنەوەی كۆمەك بۆ گروپە جیهادییەكانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەخۆدەگرێ. بن سەلمان لە چەندین بۆنە و دیمانەدا جەختی لەوە كردووەتەوە كە ئەو سعودیەیەكی "میانڕەو"ی دەوێ.

كەسانی نزیك لەو دەستبەرانە ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كە دەزگا ئەمنییەكانی سعودیە تۆمەتی خیانەت و بەشداری لە تیرۆریزمیان داوەتە پاڵ ئەو كەسانە، ئەمەش بەندكردنی درێژخایەن یان سزای لەسێدارەدانی بەدواوە دەبێ، هەڵبەت ئەگەر حكومەت بە پارە ڕازی نەبێ. زۆربەی ئەو شازادە و بەرپرسانەی پێشتر ئازادكراون، بەڵێنیان دابوو پارە بە حكومەت بدەن، هەندێك لە بەرپرسانی ڕیاز دەڵێن كە بڕی پارەكە هەتا 100 ملیار دۆلار چووە.

مانگی ئاداری ئەمساڵ، شا سەلمان فەرمانگەیەكی لە دەزگای دادوەریی باڵای سعودیەدا كردەوە كە تاكە ئەركی ئەو فەرمانگەیە لێكۆڵینەوە و بڕیاردان لە كەیسەكانی گەندەڵی دەبێ. ڕەخنەگرانی هەڵمەتەكە پێیانوایە بن سەلمان دەیەوێ لە ڕێگەی دروستكردنی ترس و لادانی كەسایەتییە سیاسی و بازرگانییە بەهێزەكانی سعودیەوە پێگەی خۆی لە خێزانی شاهانەدا بەهێزتر بكات، ژمارەیەك لە چاودێرانیش ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كە بن سەلمان بۆ جێبەجێكردنی ڕوئیای 2030ی سعودیە پێویستی بە سەرمایەیەكی زۆرە و دەیەوێ بەشێك لەو سەرمایەیە لە گیرفانی شازادە و بازرگان و بەرپرسانی حكومی دەربكات.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەكە، ژمارەیەك لەوانەی تاوەكو ئێستا دەستبەسەرن لە بازرگانە هەرە دەوڵەمەندەكانی سعودیەن، لەوانەش محەممەد ئەلعەموودی، گەورە ملیاردێری بەناوبانگی سعودی كە دەگوترێ خاوەنی نیوەی ئەسیوپیایە و بەگوێرەی گۆڤاری فۆربس، دەوڵەمەندترین ڕەشپێستی جیهانە. هەروەها بەكر بن لادن، سەرۆكی گروپی كۆمپانیا بیناسازییەكانی بن لادن. عامر ئەلدەباغ، سەرۆكی پێشووی ئاژانسی وەبەرهێنانی سعودیە و عادل فەقیە، وەزیری پێشووی ئابووریی سعودیە و یاریدەدەری پێشووی بن سەلمان.

حكومەتی سعودیە فەقیە بەوە تۆمەتبار دەكات كە هەوڵی جیاكردنەوەی هەرێمی حیجاز لە بەشەكانی دیكەی داوە. خەڵكانی ناسیاوی فەقیە ئەو تۆمەتە بە "بێ بنەما" وەسف دەكەن.

لەناو دەستبەسەرەكاندا توركی بن عەبدوڵڵاش هەیە كە شازادەیەكی پایەبەرزی ماڵی شاهانە و كوڕی شا عەبدوڵڵای كۆچكردووە. تاوەكو ئێستا بەوردی دیار نییە بن عەبدوڵڵا لەسەر چی دەستگیركراوە، بەڵام كەسێكی ئاگادار لە مەلەفەكەی ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە پاڵنەری دەستگیركردنەكەی سیاسییە و بن سەلمان دەیەوێ ڕكابەرێكی گەورەی خۆی لە ماڵی شاهانە لاواز بكات.

لە سەرەتای ئەمساڵەوە ژمارەیەكی زۆر شازادە، بەرپرس و بازرگانە بەناوبانگەكانی سعودیە ئازادكران، بەڵام خەڵكانی نزیك لەوان ئاشكرای دەكەن كە هەندێك لە ئازادكراوەكان قەدەغەی گەشتیان لەسەرە و تەنانەت ئامێری چاودێریی هاتوچۆ لە ئەژنۆیان دراوە، بۆ ئەوەی دەزگا ئەمنییەكان بزانن بۆ كوێ دەچن.

بەرپرسانی حكومەتی سعودیە نایشارنەوە كە هەڵمەتی دەستگیركردنەكان تاوەكو ئێستاش بەردەوامن، لە چەند ڕۆژی ڕابردووشدا سێ ملیاردێری خێزانی مەحفووز دەستگیركراون كە بەرپرسی گروپی بانكەكانی مەحفووزن. تاوەكو ئێستا هۆكاری دەستگیركردنی ئەو سێ كەسە دیار نییە. بەگوێرەی ڕاپۆرتی ڕۆژنامە ئەمریكییەكە، ژمارەیەك بەرپرس و بازرگانی سعودی دەستیان بە دانوستاندن لەگەڵ حكومەتدا كردووە، تاوەكو پێش ئەوەی دەستگیر بكرێن كێشەكان لەگەڵ حكومەت یەكلابكەنەوە.

هەڵمەتەكەی ساڵی ڕابردووی حكومەتی سعودیە لەدژی شازادە، بازرگان و بەرپرسانی سعودیە دەنگدانەوەیەكی گەورەی لەسەر ئاستی هەموو جیهان هەبوو. بەرپرسێكی حكومەتی ڕیازیش دەڵێ: "حكومەت نایەوێ جارێكی دیكە خۆی تووشی ئیحراجی بكات، بەڵكو دەیەوێ هەڵمەتی دەستگیركردن بەشێوەیەكی بێدەنگ بەڕێوەبچێ".

بەگوێرەی ڕاپۆرتەكە، حكومەتی سعودیە داوای لە دەباغ كردووە 70%ی سامان و 50%ی هەموو قازانجی داهاتووی خۆی ڕادەستی حكومەت بكات، بۆ ئەوەی ئازاد بكرێ. دەباغ ئەو داوایەی ڕەتكردووەتەوە. كەسانی نزیك لە خێزانی دەباغ ئاشكرایان كردووە كە بازرگانەكەی خەڵكی جەدە تووشی ئەشكەنجەی جەستەیی و دەروونی توند بووە. كەسێكی نزیك لە خێزانەكەش دەڵێ "هیچ تۆمەتێك نییە، بەڵگەیەكیان نییە، هیچ كەسێكیش نەهاتووە لەگەڵ ئەندامانی خێزانەكەی یان بەرپرسانی كۆمپانیاكەی قسە بكات. ئەو ئامادە نییە لەگەڵ حكومەت ڕێكبكەوێ، چونكە بەمە تاوانێك لەسەر خۆی ساغ دەكاتەوە، لەكاتێكدا خۆی هیچ تاوانێكی نەكردووە".

# ــی درعا.. شكستێكی دیكە بۆ واشنتن و
# ــەوتنێكی نوێ بۆ مۆسكۆ

كەس لە دانیشتووانی ئەو پارێزگایە ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشتووە و ڕوویان لە سنوورە داخراوەكانی ئیسرائیل و ئوردن كردووە.

ڕووسیا لەم شەڕەشدا بەشێوەیەكی هاوتەریب دوو ڕۆڵی سەرەكی گێڕا، لە لایەكەوە هێزی ئاسمانیی ئەم وڵاتە بنكە و بارەگاكانی ئۆپۆزیسیۆنی دەكوتا و یارمەتی پێشڕەوی هێزەكانی بەشار ئەسەد، سەرۆكی سووریای دەدا و لەلایەكی دیكەوە خەریكی دانوستاندن لەگەڵ گروپە جیاجیاكانی ئۆپۆزیسیۆن بوو.

وانەیەك كە هێزەكانی ئۆپۆزیسیۆن لە شەڕەكانی پێشوویان وەریاننەگرتووە ئەوەیە ڕووسیا لەم دانوستاندنانەدا دوو ئامانجی كورتخایەن و درێژخایەنی هەیە. ئامانجە كورتخایەنەكەی كەمكردنەوەی تێچوونی گیانی و سەربازی و دارایی شەڕەكانە كە ڕووسیا تێیدا سەركەوتوو بووە. بەڵام ئەو دانوستاندنانە دوو ئامانجی درێژخایەنیشیان هەیە كە یەكەمیان دروستكردنی درز و ناكۆكییە لە نێوان هێزە جیاجیاكانی ئۆپۆزیسیۆندا، بۆیەش سەیر نییە مۆسكۆ لە قۆناغی یەكەمی دانوستاندنەكاندا بە جیا لەگەڵ گروپ و هێزە جیاجیاكان دادەنیشی و كۆڵدانی هەركام لە هێزەكان بۆ ڕازیكردنی هێزەكانی دیكە بەكاردەهێنێ.

ئامانجە درێژخایەنەكەی دیكەی ڕووسیا پەیوەندی بە قۆناغەكانی دیكەی شەڕی نێوخۆی سووریاوە هەیە، بەتایبەتیش كاتێك ئەسەد و هێزەكانی ئۆپۆزیسیۆن پێویستیان بە ناوبژیوانێكی نێودەوڵەتی دەبێ بۆ چارەسەركردنی كێشە سیاسییەكانی نێوانیان، بەتایبەتیش دوای ئەوەی ئۆپۆزیسیۆن جارێكی دیكە ڕووبەڕووی ئەو ڕاستییە بووەوە كە ئەمریكا و هاوپەیمانان و تەنانەت توركیاش ناتوانن لە كاتە سەختەكاندا بە ڕێگەی سیاسی یان سەربازی یارمەتییان بدەن، لەكاتێكدا پێناچێ ڕووسیا بەنیاز بێ هەموو ناوچەكانی سووریا بە زەبری شەڕ بۆ ئەسەد بگرێتەوە. كەوتنی درعا زیاتر لە كەوتنی حەلەب و غوتەی ڕۆژهەڵات ئەو ڕاستیەی دەرخستووە كە ڕووسیا هێزی یەكلاكەرەوەی شەڕی نێوخۆی سووریایە، چونكە پارێزگای درعا لەسەر سنووری ئوردن و پارێزگای قونەیتەرە لەسەر سنووری ئیسرائیل دوو ناوچەبوون كە بەپێی ڕێككەوتنێكی نێوان ئەمریكا، ڕووسیا و ئوردن بەناوچەی دژەشەڕ ناوزەد دەكرا. كەوتنی پارێزگای درعا كە چاوەڕێ دەكرێ كەوتنی قونەیتەرەشی بەدواوە بێت، لە ئاستە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەكەیدا شكستێكی دیكەی ئەمریكا و هاوپەیمانەكانی بوو لە شەڕی نێوخۆی سووریادا. كەوتنی درعا لە كاتێكدایە كە بڕیارە ڕۆژی 16ی تەمووز دۆناڵد ترەمپ، سەرۆكی ئەمریكا و هاوتا ڕووسییەكەی، ڤلادیمیر پوتین لە شاری هیلسینكیی پایتەختی فینلاند كۆببنەوە. شرۆڤەكاران و بەرپرسانی پێشووی ئیدارەی ئەمریكا چاوەڕێ دەكەن لەو كۆبوونەوەیەدا ترەمپ داوا لە هاوتا ڕووسییەكەی خۆی بكات وجوودی ئێران لە سووریا سنووردار بكات، بەتایبەتیش لەو ناوچانەی دەكەونە سەرسنوورەكانی سووریا لەگەڵ ئیسرائیل و ئوردن. بەڵام ڕاپۆرتە مەیدانییەكان لە شەڕی درعا دەریدەخەن هێزەكانی نزیك لە ئێران بەشدارییان لەشەڕی درعادا هەبووە. سەرچاوەیەك لە هێزەكانی لایەنگری ئەسەد بە (ڕویتەرز)ی بەریتانی ڕاگەیاندووە هێزەكانی حیزبوڵڵا بەشدارییەكی سنوورداریان لە ئۆپەراسیۆنەكەدا هەبووە.



كەوتنی درعا ئەو ڕاستیەی دەرخست كە ڕووسیا هێزی یەكلاكەرەوەی شەڕی نێوخۆی سووریایە

جۆن بۆڵتن، ڕاوێژكاری ئاسایشی نیشتمانیی كۆشكی سپی، جەختی لەوە كردووەتەوە كە "دەركردنی ئێران لە سووریا یەكێك لە پاكێجە گەورەكانی دانوستاندنی نێوان هەردوو سەرۆك دەبێ و ئەمەش هەنگاوێكی گەورە دەبێ بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەكانی ئەمریكا لەناوچەكەدا".

ژمارەیەك لە بەرپرسانی ئیدارەی پێشووی ئەمریكا پێیانوایە ئەم چاوەڕوانییە وەكو بلۆقێك وایە. مایكڵ مەكفۆڵ، باڵیۆزی پێشووی ئەمریكا لە ڕووسیا، بە گۆڤاری (فۆرین پۆڵسی)ی ئەمریكی ڕاگەیاندووە "ڕووسیا ئەو دەسەڵاتەی بەسەر ئێران و میلیشیاكانی لە سووریادا نییە".

جیا لەمە، ڕووسیا لە ڕۆژی یەكەمی بەشداریكردنی ڕاستەوخۆی لە شەڕی نێوخۆی سووریا بە ڕاشكاوانە ڕایگەیاندووە بەنیاز نییە هێزی وشكانی خۆی لەو شەڕەدا بەشداری پێ بكات و تەنیا بە هێزی ئاسمانی و ڕاوێژكاریی سەربازی و هەواڵگری لە شەڕەكاندا بەشدار دەبێ. یوری بارمین، شارەزای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ئەنجوومەنی كاروباری نێودەوڵەتی ڕووسیا، پێیوایە "ئەو ڕاستییە ڕوون و ئاشكرایە كە ڕووسیا بەو ئاسانییانە واز لە هاوبەشەكانی خۆی ناهێنێ".

ڕووسیا لە چەند ساڵی ڕابردوودا چەندین ڕێككەوتنی تەمومژاوی لەگەڵ ئەمریكادا كردووە كە زۆربەیان تەنیا دەستی هێزەكانی لایەنگری ئەسەد لە شەڕەكەیان بەهێزتر كردووە. دێنس ڕۆس، لێكۆڵەر لە پەیمانگای واشنتن، دەڵێت هێرشەكانی درعا شكانی ئەو بەڵێنە بوو كە ساڵێك لەمەوبەر لە پەراوێزی كۆبوونەوەی گروپی 20، پوتین بە ترەمپی دابوو. لەو كۆبوونەوەیەدا هەردوو سەرۆك ڕێككەوتنێكی وڵاتەكانیان لەسەر ئاگربەست لە باشووری ڕۆژئاوای سووریا ڕاگەیاند.

ڕۆس پێیوایە پاش هێرشەكانی هێزەكانی ئەسەد و ڕووسیا بۆ سەر باشووری ڕۆژئاوای سووریا، ئەو ڕاستییە سەلماوە كە ئیدارەی ئێستا و پێشووی ئەمریكا هیچ سیاسەتێكی تۆكمەیان نەبووە بۆ ئەوەی ڕووسیا باجی شكاندنی ڕێككەوتنەكان بدات، بە پێچەوانەوە هەموو پێشێلكارییەكان دەسەڵاتی سەربازی و سیاسی ڕووسیا لە سووریا و ناوچەكەیان بەهێزتر كردووە كە دوایین نموونەیان بەرزبوونەوەی سەنگی ڕووسیایە لە ناكۆكی و ململانێكانی نێوان ئیسرائیل و ئێران.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# کوردستان دەبێتە ئیسرائیلی دووەم؟

بەکاربردنی دەستەواژەی (ئیسرائیلی دووەم) بۆ ناساندنی کوردستان، لە سەروبەندی بڕیاردان لە گشتپرسی و ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان، لەو کاتەوە لە چەند ناوەندێکی بەشێک لە وڵاتە هەرێمییەکانی دژ بە کورد، بەکاردەبرێت. مەبەستیشیان لەمە ورووژاندنی رای گشتی و ناوەندەکانی بڕیاری وڵاتەکانیان و هەروەها راکێشانی سۆز و پشتیوانیی جیهانی ئیسلامییە بۆ زیاتر دژایەتیکردنی کورد و کێشە رەواکەی.

ئیسرائیل لە گۆشەنیگای جیهانی عەرەبی و ئیسلامییەوە، دوژمنی دین و دونیایە. بۆیە دەیانەوێ بەو جۆرەش وێنای کوردستان بکەن تا بەرەی سەنگەرگرتوو لە ئیسرائیل لە هەڕەشەیەکی تر بە ئاگا بێننەوە، گوایە ئیسرائیلێکی تر خەریکە رەگ دادەکوتێ. بێگومان ئەم ئاماژەیە بۆ ئەوەیە هەموو ئەو هێزانەی دژی کیانی جوون لە ناوچەکەدا، بهێننە سەنگەری دژ بە کوردیشەوە. بۆیە ئەمە لە ساکارترین لێکدانەوەدا ئاماژە و دەرخەری ئەو حەقیقەتەیە کە پلان و بەرنامەیەکی مەترسیدار دژ بە کوردستان لەئارادایە و پێویستە کورد بەدوای رێگەچارەی خۆپارێزیدا بگەڕێت، تا بمێنێتەوە.

وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان لە رابردوودا زۆر جار پەنجەی تۆمەتیان درێژ کردووە بۆ رابەران و سەرکردەی راپەڕین و شۆڕشەکانی کورد، گوایە هاوپەیمانی ئیسرائیلن، یان بە فیتی ئیسرائیل دەیانەوێ سەقامگیریی ئەم وڵاتانە تێکبدەن. ئەوکات تەنها سەرکردە کوردەکان، یا لە خراپترین حاڵەتدا حیزبێکی سیاسی یان بزووتنەوەیەکیان بەو جۆرە لەقەڵەمداوە، بەڵام ئێستا وێناکە بەجۆرێکی تر دەکەن، هەموو کورد بە جوو دەشوبهێنن و کوردستانیش بە ئیسرائیل. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە لە ستراتیجیەتی خۆیاندا کوردیان وەک دوژمن و مەترسی وێنا کردووە. بێگومان لە حاڵێکی لەو جۆرەشدا پلانی دوورخستنەوەی ئەو مەترسیەشیان دەبێت. لە هەموو ئەو قۆناغانەی کوردیان بە هاوپەیمان یان نزیک لە ئیسرائیل وێناکردووە، کورد پاکانەی ئەوەی بۆ کردوون کە بە ئەندازەی ئەوان لە ئیسرائیل دوورن و هیچ کات کاری بەو هاوکێشەیە نەکردووە کە (دوژمنی دوژمنم دۆستمە)، بە پێچەوانەوە زۆرجار بۆ رەواندنەوەی گومانی نەیارەکانی، بە پاساوی هاوسۆزی بۆ فەڵەستین، دژایەتی ئیسرائیلیشیان کردووە. بەڵام پاکانەی سەرکردە و رابەرانی شۆڕشەکانی کورد نەیخواردووە و ئەوەی ئیسرائیل بە عەرەب و موسڵمانەکانی فەلەستینی کردووە، ئەمان زۆر لەوە زیاتریان بە کورد کردووە.

هیچکات لە خۆمان نەپرسی ئایا ئەگەر هەر بەڕاست دۆستی ئیسرائیل بووینایە چی دەبوو؟ لەوە خراپتریان بەسەر دەهێناین کە تا ئێستا کردوویانە؟ یا لە بنەڕەتدا ئەگەر دۆستی ئیسرائیل بووینایە بەو جۆرە دەبووین بە پارووەیەکی ئاسان بۆ نەتەوە سەردەستەکانی ناوچەکە؟ کێشەی کورد ئەوەیە کە ئێمەش لە تێڕوانینی عەرەب و ئیسلامەوە دەوڵەتی ئیسرائیلمان هەڵسەنگاندووە. مەحکومین بەوەی لەگەڵ داگیرکەرانی خاکی کوردستان هەڵبکەین، بەڵام بۆمان نەبووە لەگەڵ وەک خۆیان دەڵێن (داگیرکەری خاکی عەرەب) مامەڵە بکەین.

ئێستا بێ ئەوەی کورد بەشێک بێت لە ستراتیجیەتی ئیسرائیل، بەو جۆرە وێنا دەکرێت و گەلەکۆمەکێی لێ دەکەن. بەڵام ئەگەر لە حەقیقەتدا کورد هاوپەیمانی ئیسرائیل بووایە، یا بەشێک بووایە لە ستراتیجیەتی ئەو وڵاتە، بە دڵنیاییەوە هیچکام لەم وڵاتانەی ناوچەکە ئازایەتی ئەوەیان نەدەبوو بەو ئەندازەیە بیچەوسێننەوە، وەک چۆن ناتوانن بەرانبەر بە خودی ئیسرائیل هیچ بکەن.

ئەی کەواتە کورد بۆ نابێتە دۆستی ئیسرائیل؟ یاخود چۆن دەتوانێ ببێ بە ئیسرائیلی دووەم، وەک ئەوەی ئەوان وێنامان دەکەن؟

جیاواز لەو پێناسەیەی وڵاتە هەرێمییەکان بۆ کوردستان، کورد دەرفەتی ئەوەی هەیە بە کردار و بەدیوەکەی تریدا ببێتە ئیسرائیلی دووەم بۆ ئەمریکا. ئەوەی یارمەتیدەری سەرەکی لەسەرپێ راوەستان و مانەوەی ئیسرائیلە بە بەهێزی، کۆمەک و یارمەتییە جۆراوجۆرەکانی ئەمریکایە. لە کاتێکدا ئەگەر سوود و زیانەکانی ئەمریکا لە دۆستایەتی و پشتیوانیکردنی ئیسرائیل هەڵبسەنگێنین، ئەمریکا زیانی زیاتری بەرکەوتووە وەک لە قازانج لەو هاوپەیمانێتییە. سەرچاوەی نەیاری و ناکۆکییەکانی جیهانی ئیسلامی و عەرەبی بۆ ئەمریکا، بەهۆی ئیسرائیل و چەوساندنەوەی عەرەبەکانی فەلەستینەوەیە.

ئەگەر ئەمریکا کۆمەکی بە کورد بکردایە، لە خراپترین حاڵەتدا تەنها چوار دەوڵەتی سەردەستەی ناوچەکە دوژمنایەتی ئەمریکایان دەکرد کە ئێستاش هەر نەیاری بەرژەوەندییەکانی ئەمریکان لە ناوچەکەدا. بەڵام کورد دەیتوانی زۆر لەوە زیاتر بۆ ئەمریکا بکات کە ئیسرائیل بۆی کردووە. بۆ داهاتووش کورد دەتوانێ یارمەتیدەری گەورەتری ئەمریکا بێت لە دەستەبەرکردن و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی وەک لەوەی چاوی لەوە بێت ئیسرائیل بەرژەوەندییەکانی بپارێزێت.

لەو کاتەوەی دەوڵەتی ئیسرائیل دامەزراوە و ئەمریکا پاراستنی کیانەکەی وەک بەشێک لە ستراتیژی خۆی ناساندووە، دەیان وڵاتی ناوچەکە و جیهان بوونەتە نەیاری ئەمریکا، دەیان رێکخراوی ئیسلامیی جیهادی دروست بوون و ئامانجیان لێدان بووە لە بەرژەوەندییەکانی و زیانی زۆریان پێ گەیاندووە. لە بەرانبەردا ئەمریکا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ناچار بووە خۆی هێز بێنێتە ناوچەکە. بەڵام هیچکام لەو جارانەی شەڕی کەنداو و ئەفغانستان و شەڕی تیرۆر، ئیسرائیل بەپاساو و بیانووی ئەوەی کێشەکان ئاڵۆزتر نەبن، نەیتوانیوە هاوکاریی راستەوخۆی ئەمریکا بکات.

بەڵام لە جەنگی ئازادکردنی عێراقدا کە تورکیا دەروازەکانی بە رووی ئەمریکادا داخست، کوردستان هاوکاری سەرەکیی ئەمریکا بوو. ئەگەر خاکی کوردستان نەخرایەتە خزمەتی ئەمریکاوە، شەڕەکە بۆ ئەمریکا سەختتر دەبوو. هەروەها لە شەڕی سێ ساڵەی دژ بە داعش و بۆ داهاتووش، لە ئەگەری زیاتر قوڵبوونەوەی کێشەی ئەمریکا لەگەڵ ئێران، سووریا، تورکیا و عێراق، کورد دەتوانێ هاوکێشەکان بە قازانجی ئەمریکا بگۆڕێت. هاوکێشەکانی ناوچەکە و جیهان بەرەو ئەوە دەڕۆن زەمینەی ئەوە بۆ کورد و ئەمریکا خۆش بکەن بیر لە ستراتیجێکی لەو جۆرە بکەنەوە. بەتایبەت بەهۆی گەورەبوونی رێکخراوە تیرۆریستییەکان و بە ئاسانی دەستڕاگەیشتنیان بەناو ماڵی ئەمریکا، لە داهاتوودا لە ناوەندەکانی ئەمریکا ئەو مشتومڕانە زیاتر پەرەدەستێنن کە ئەمریکا بەهۆی ئیسرائیلەوە تووشی ئەم کێشانە بووە و ئیسرائیلیش ناتوانێ هیچ بۆ ئەمریکا بکات، ئەمەش لە ناوەندە ستراتیجیی و گرنگەکانی ئەو وڵاتەدا دەرفەتی تێگەیشتنێکی جیاواز لە ئێستا بۆ کورد خۆش دەکات کە بە کردار کوردستان ببێتە ئیسرائیلی دووەم. کورد دوژمن و نەیاری زیاتر بۆ ئەمریکا دروست ناکات و لە هەمانکاتدا کوردستان دەتوانێ شەڕ بۆ ئەمریکاش بکات. ئەگەر مێژووی لۆبیکردنی ئیسرائیل و کۆمەککردنەکانی ئەمریکا بەو وڵاتە بخوێنیتەوە، هەست دەکەیت کوردستان دەتوانێ بکەوێتە سەر هەمان رێگا، کە تەنیا رێگاشە کوردستان بە پارێزراوی بهێڵێتەوە.



زریان رۆژهەلاتی

# کێ جبەخانەکانی کوردستان دەسووتێنێ؟

جبەخانەیەک لە بەحرکەی هەولێر، یەکێک لە تاسلووجەی سلێمانی و کۆگایەک لە دهۆک و دانەیەکیش لە دەڤەری راپەڕین سووتان! ئەمە تەنها مەسەلەیەکی تەکنیکی یان سیاسیی رۆژانە نییە و بابەتێکی قووڵی ستراتیژییە کە پەیوەندی بە دەزگاسازیی سەربازی، واتا بنیاتنانی سوپاوە هەیە.

کەسانێک هەن دەڵێن، سووتانی جبەخانەکان پەیوەندی بە گەندەڵی و بابەتی فرۆشتنی چەک و تفاقی سەربازییەوە هەیە. ئەم دەستەیە جەخت لەوە دەکەن کە لە ماوەی دواییدا هەندێک لێکۆڵینەوە سەبارەت بە عاقیبەتی چەک و تفاقە سەربازییەکان کراون و کەسانێکیش بۆ ئەوەی خۆیان قورتار بکەن، ئەم کەتنانەیان ناوەتەوە. لە بەرامبەردا، دیدگای رەسمی، گەرما بەهۆکاری سەرەکیی سووتانی جبەخانەکان دەزانێت. کەسانێکی تریش رایان وایە کە ئەمە دەستی دەوڵەتانی دیکەی تێدایە و ئامانجەکەش، کەمکردنەوەی توانای جەنگیی کوردستانە! هەرکامێکیان راست بێ، هیچ لەوە ناگۆڕێت کە سووتانی جبەخانەکان، نیشانەی کەمبایەخبوونی دەزگاسازیی سەربازییە لە کوردستان! چونکە، ئەگەر گەرما بێ و ئەگەر دەستی ناوخۆیی یان دەرەکی، کوا چارەسەر؟

سەرەڕای ئەو بۆچوونانە، هێشتا پرسیاری گرنگ ئەوەیە کە کێ جبەخانەکانی کوردستان دەسووتێنێ؟ بێشک، لە گەرمای تاقەتپڕووکێنی ئەم هاوینەوە بگرە هەتا شۆرتی کارەبا، دەستی ناوخۆیی یان دەرەکی، هەر هۆکارێک بۆ سووتانی جبەخانەکان ریز بکرێت، هیچ لەوە ناگۆڕێت کە کوردستان گرفتێکی ریشەیی لەگەڵ دەزگای سەربازیـ جەنگ دا هەیە. ئەوەی پلێتەی سووتانی جبەخانەکان حازر دەکات، ئەقڵی سیاسی کوردییە کە بایەخێکی ئەوتۆی بە دەزگای سەربازی نەداوە!

دوو دەزگای دیپلۆماسی و سەربازی، رۆڵی یەکلاکەرەوەیان لە سیاسەتی نێودەوڵەتاندا هەیە. بەڵام بەبێ دەزگای سەربازی، بە تەنها قسەی دیپلۆماتەکان لانیکەم تا ئەمڕۆ، نەیخواردووە و نایخوات! ئەو گەلانەی کە نەیانتوانیوە دەزگایەکی سەربازیی خورت بۆ خۆیان دامەزرێنن، زووتر لە هەمووان شکستیان خواردووە. دوای ئەوەش، یان لە نەخشەی جیهاندا سڕاونەتەوە، یان بێ کاریگەر کراون. کورد لە ریزی ئەو گەلانەدایە کە دەزگای سەربازی پێکنەهێناوە یان درەنگوەخت بیری لێکردووەتەوە. بۆیە رۆڵی لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا رۆڵێکی پەراوێزییە.

## دەزگای سەربازیی پێش مۆدێرن لە کوردستان!

دروستکردنی هێزی پێشمەرگە لەلایەن ئەحزابی سیاسییەوە، ناچێتە خانەی دەزگاسازیی سەربازیی مۆدێرن و زیاتر لە رێکخستنە نەریتییەکانی جەنگ لە کۆمەڵگاکانی پێش مۆدێرن دەچێت. دەزگاسازی پێشکەوتووی سەربازی کە لەقاڵبی سوپادا پێشکەوتووە، لە جیاتی حیزب، گرووپ و شەخسەکان، پابەندی دەوڵەت یان حکوومەتە. ئەمەش لە ملکەچبوونی فەرمانەکانەوە بگرە هەتا یەکپۆشی و رێکخستنی دیسیپلینی سەربازی، لەگەڵێک بواردا خۆی دەنوێنێت. لێرە، کاتێ شەڕێک روودەدات، زیاتر لە حکوومەت و زیاتر لە فەرماندەیی هاوبەش، حیزب و شەخسەکان بڕیاری یەکلاکەرەوە دەدەن. گەلێکجار، دیمەنی جلوبەرگی پێشمەرگەش لە مەیدانەکانی شەڕدا کە هەریەکە و لە رەنگێکە، گەواهی بۆ ئەوە دەدەن کە ئەم هێزە لە سوپا ناچێت!

دەزگاسازیی سەربازی لە کوردستان بە گوێرەی بیرکردنەوەی هاوچەرخ نییە و پاشخانێکی سەردەمی خێڵ و کۆمەڵگا پێش مۆدێرنەکانی هەیە. خاڵێکی بنچینەیی لە هەر دەزگاسازییەکی سەربازیدا ئەو پێناسەیەیە کە سەرباز لە دوژمنەکەی دەیکات. گرنگە ئەوە روون بێت کە سەرباز کێ بە دوژمن دەزانێت؟ گەلێکجار، پێشمەرگەیەکی کورد دوژمنەکەی لێ ون دەبێت. هەندێکجار لە دەرەوە و هەندێکجاریش لە ناوخۆ بە دوایدا دەگەڕێت! هێزە جەنگاوەرە نەریتییەکان، گەلێکجار لە ناوخۆدا دوژمنیان بۆ خۆیان تەعریف کردووە، ئەمەش لە کاتێکدا کە لە زۆرێک لە دەزگاسازییە سەربازییە پێشکەوتووەکانی جیهاندا، دوژمن لە دەرەوەیە.

هەر سوپایەک بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت، دەبێ لای روون بێت کە چۆن شەڕ دەکات! سون تزوو زیاتر لە 2500 ساڵ بەر لە ئێستا لە چوارچێوەی "هونەری جەنگ"دا تیۆرێکی بۆ چینییەکان فۆرمولە کرد. بە دوای ئەویش، لە چاخەکانی ناوەڕاستدا لە ساڵانی 1700 بەدواوە، گەلێک تیۆری جەنگ و ئەکادیمیای تایبەت بۆ راهێنانی جەنگاوەران دروستکران و ئەوەش فۆرمولێکی سەرکەوتن و مانەوەی ئەو نەتەوانە بوو کە ئێستا چارەنووسی جیهان دیاری دەکەن.

کورد جەنگاوەری ئازایان تێدا هەڵکەوتووە، بەڵام بۆ عەسەکەرێک، بە تەنها ئازایەتی بەس نییە، بەڵکوو دەبێ لێزانیش بێت. گەلێک شاعیری کورد هەڵکەوتوون، بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو شەڕ و شۆڕەی لە کوردستان روویانداوە، بیرمەندێک پەیدا نەبووە کە لەسەر شەڕ بنووسێ. بۆچی؟ چونکە، کورد زیاتر شەڕی بۆ ئەم و ئەو کردووە و بیرکردنەوەی کوردی لەسەر چۆنیەتی شەڕکردن بە پێویست نەزانراوە. جاران ئەگەر شەڕی بۆ عوسمانی یان سەفەوی کردبێت، ئێستا جەنگ بۆ "دنیای ئازاد" دەکات!

چۆنیەتی شەڕکردن، بابەتێکی گرنگە کە لە ستراتیژ و تەکتیکەکانی جەنگەوە هەتا پاراستنی کەرەستە و کەلوپەلی سەربازی و چەک و تفاقەکان گەلێک بابەتی ورد و درشت لەخۆ دەگرێت. ئا لێرەوە، ئەگەر لە بابەتی سووتانی جبەخانەکان بنواڕین، بۆمان دەردەکەوێت کە هێشتا دیدگایەکی کوردی بۆ چۆنییەتی شەڕکردن لەئارادا نییە. لە بنەڕەتدا دەزگاسازیی سەربازی کوردی بایەخی پێنەدراوە. بۆ نموونە، لە ماوەیەکی کەمتر لە یەک هەفتەدا، لە سێ پارێزگای کوردستان سێ جبەخانە سووتاون، کەچی لێکۆڵینەوەیەکی جیددی لەسەر ئەم بابەتە نییە و میدیا و سیاسییەکانیش بە ئاسانی لێی دەگوزەرێن!



عەبدوڵڵا ڕێشاوی

# مەیلە باکوورییەکان لە باشوور

بە چاودێریکردنی ئەم ماوەیەم بۆ شرۆڤەکانی میدیا و میدیاکارانی هەرێمی کوردستان بۆ هەڵبژاردنەکانی تورکیا و شرۆڤەکردنی هەڵبژاردن و ململانێ سیاسییەکانی تورکیا، وەک ململانێیەکی نەتەوەیی نێوان تورک و کورد، گەیشتوومەتە ئەو گومانەی کە ئەم دیدە بۆ شرۆڤەکردن، بەتەواوی واقیعی و بابەتییانە و دروست لەگەڵ واقیعی تورکیا وێک نایەتەوە.

راستە لە هەر شوێنێک کوردی لێبێ خەبات بۆ مافی نەتەوەیی هەیە، بەڵام کاتێ تەماشای تورکیا دەکەیت، درک بەوە دەکەیت کە ئەم خەباتە رەنگێکی تری وەرگرتووە و مەیلێکی دیکە ئاراستەی دەکات جیاوازە لەو مەیلەی لە باشوور هەیە.

خوێندنەوەی سیاسەتەکانی هەدەپە و بۆچی وای کرد و بۆ وای نەکرد، یان تێگەیشتن لە لایەنگریی بەشێک لە دانیشتووانی باکوور بۆ ئاکەپە، ئاسانە ئەگەر بێت و لەناو خودی کۆمەڵگای تورکیادا و بە خوێندنەوەی لە سیاقی دەوڵەتی تورکیادا، شرۆڤە بکرێت.

بۆ نموونە چۆن شرۆڤەی ئەوە بکەین هەدەپە کە وەک "نوێنەری کوردان" دێتە هەژمار، ژمارەی دەنگی لە ناوچە ناکوردییەکان زیاترە وەک لە ناوچە کوردییەکان، هەروەک ئاکەپەش کە وەک "دوژمنی کوردان" دێتە هەژمار، لە ناوچە کوردییەکان ژمارەی دەنگی زیاترە لە هەدەپە؟

ئەم دوو فاکتەی دوای هەڵبژاردنەکان کە سەرئێشەی بۆ شرۆڤەکار و چالاکوانانی باشوور دروستکردووە، لێتێگەیشتنی تەواو ئاسانە ئەگەر بیبەینەوە ناو سیاقی دەوڵەت و کۆمەڵگای تورکیای دروستکراوی کەمالی.

بەشێوەیەکی گشتی چۆن شرۆڤەی ئەو مۆزائیکە ئیتنیکیە بکەین کە سەرتاپای پارتە سیاسییەکانی تورکیای داپۆشیوە، هەر پارتێکی تورکی تێکەڵەیەکە لە هەموو نەتەوە جیاجیاکانی تورکیا؟

ئاخر ژمارەیەکی بەرچاوی هەدەپە تورکن و ژمارەیەکی بەرچاوی ئاکەپەش کوردن. بەڵام دواجار هەموویان خۆیان بە هاووڵاتیی ترکیا دەبینن و لە چوارچێوەی یاساکانی ئەو دەوڵەتەدا سیاسەت دەکەن.

ئایا ئەمە ئەوەمان پێناڵێت کە دەبێ شرۆڤەی دۆخی کورد و ململانێ سیاسییەکانی ناو تورکیا لە سیاقی تورکیادا بکرێت نەک بە سیاق و ئاووهەوای هەولێر و سلێمانی؟ یان بە خەیاڵدانی کوردایەتی وەک ئەوەی لە هەولێر و سلێمانی و رۆژهەڵاتی کوردستان هەیە؟

هەموو ئەوەی دەگوزەرێ لە تورکیا لە ململانێی سیاسی و خەباتی نەتەوە جیاوازەکان لە چوارچێوەی یاسا و دەستوور و سیستمی پەیڕەوکراو، هەموو ئەوە بەوەمان دەگەیەنێت کە بڵێین خەباتی سیاسی لە تورکیا خەباتێکە بۆ (ماف)، بۆ (ئازادی)، بۆ (دەسەڵات)، بۆ (یەکسانی). هەموو ئەمەش لە چوارچێوەی تورکیا و بەپێی دەستووری دانپێدانراوی وڵاتەکە بەڕێوەدەچێت.

بۆ سەلماندنی ئەم دیدگایە، دەکرێت دوو نموونە لەبەرچاو بگرین، یەکەمیان گۆڕینی دەستوور لەلایەن ئەردۆگانەوە و دووەمیشیان سیاسەت و گوتار و هەڵوێستی سیاسی پارتی دیموکراتی گەلان هەدەپ بەرامبەر رەجەب تەیب ئەردۆگان لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2015، کە هەدەپە تێیدا بەشدار و رکابەرێکی سەرسەختی ئەردۆگان و پارتی دەسەڵاتدار بوو.

بەسەرنجدان لە هێڵی گشتی سیاسەتی هەدەپە لەو دوو سامپڵەدا، تێدەگەین کە هەدەپە لەهیچکام لەم دوو وێستگەیەدا سیاسەتێکی نەتەوەخوازیی کوردی، یان ستراتیژێکی کوردانەی پەیڕەو نەکردووە، بەڵکو هەروەک پارتێکی رکابەری راستەقینەی ئەردۆگان و پارتی دەسەڵاتدار سیاسەت دەکات.

لە یەکەمیاندا کە بابەتی گۆڕینی دەستوورە، دەبینی لەبری بایکۆتی دەستوور، دەبێتە داکۆکیکار لە دەستووری پێشووی کەمالی و رەتکەرەوەی دەستووری نوێی ئەردۆگانی، ئەمە لەکاتێکیشدا کە هەموومان دەزانین دەستووری کۆنی تورکیا لەڕووی نەتەوەییەوە رەتکراوەیە و هیچ مەجالێک بۆ گفتوگۆی ئەم بابەتە نییە، بەڵکو ئەوەی کوردی لە کۆمەڵگای تورکیدا تواندەوە، ئەوەی نکوڵی لە ناسنامەی کورد دەکات دەستوورە کۆنەکەیە کە هەدەپە دەنگی بۆ مانەوەی دا.

بۆ کورد وەک نەتەوە لە تورکیادا ئەوە پرسیار نییە داخۆ سیستەمە سەرۆکایەتیەکەی ئەردۆگان باشترە یان سیستەمە پارلەمانییە کۆنەکە، بەڵکو ئەوە پرسیارە کە هەر ئەسڵەن ئێمە دەوڵەتێکمان بەناوی تورکیا لەسەر خاکمان قبووڵە یان نا؟ کە هەرگیز ناشێ و ناکرێ ئەمە پرسیاری هەدەپە بێت.

لە دووەمیشدا کە بەشداریی هەدەپە بوو لە هەڵبژاردنەکان و رکابەرییەکەی ئەردۆگان بوو، دەبینین (هەدەپە) وەک هەر پارتێکی دیکەی تورکیا، لە ستراتیژی رەتکردنەوەی ئەردۆگانەوە سیاسەت دەکات، نەک لە دیدگای بەرژەوەندییە باڵاکانی کورد لە تورکیا، هەر ئەمەشە کە دەبینین هەندێک نووسەر لە باشوور رەخنە لە هەڵوێستی هەدەپ دەگرن لەهەمبەر رەتکردنەوەی بەشداریکردنی ئەو پارتە لەگەڵ ئەردۆگان لە حکومەتێکی هاوبەشدا و رێخۆشکردن بۆ مەهەپە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە لە ساڵی 2015.

نووسەرەکانی باشوور بۆچی رەخنە دەگرن؟ چونکە دیدگای ئەوان بۆ سیاسەتی هەدەپە کوردانە و باشوورریانەیە. بەڵام ئەی هەدەپە بۆچی ئەو ئاراستەیە ناگرێتە بەر؟ چونکە هەدەپە مەحکومە بەسیاسەتکردن لەچوارچێوەی تورکیا و ئەو ئەتمۆسفێرە سیاسییەی لەوێ شێوەی ململانێکان رێکدەخات، نەک کتومت بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کورد (وەک نەتەوە) لە تورکیا.

واتە هێزی هەدەپە لەوێوە دەهات کە تا چەند ئۆپۆزسیۆنێکی کارایە بەرامبەر ئەردۆگان، نەک ئەوەی تاچەند بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد لە تورکیا رەچاو دەکات، لەڕاستیدا ئەم مەیلە مەیلێکی باشوورریانەیە کە پێناچێ لەناو تورکیادا بۆ هەدەپ قازانجهێنەر بێت و دەست بدات.

هێزی هەدەپە و سەلاحەدین دەمیرتاش لە تورکیادا لەوێوە هات کە رکابەرێکی سەرسەخت و عینادی ئەردۆگان بوون، خۆ هەر لاکردنەوەیەکـ لەو کاتەدا+ بەلای ئەردۆغاندا سیحری هێز و توانا و شەرعییەتی بوونی دەکوشتن. بۆیە ئەوان بەهەموو شێوەیەک رەتیانکردەوە لەگەڵ ئاکەپە بچنە حکومەتەوە و بەهیچ شێوەیەک بیریان لە دانوستاندن نەکردەوە.

کەوایە زۆر گرنگە بۆ لێکۆڵەر و چاودێر و نووسەرانی باشوور، لە شرۆڤەکردنیان بۆ خەباتی هەدەپە و هەڵسەنگاندنی، ئەو سیاق و دیفاکتۆیە لەبەرچاو بگرن کە ئەو پارتە (تورکیاییە) خەبات و سیاسەتی تێدا دەکات، مەیلی ناسیۆنالیستیانەی خۆشیان نەسەپێنن بەسەر هیچ هاووڵاتیەکی کورد لە تورکیا، چونکە سیاقەکان تەواو جیاوازن.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# کە تۆ هێشتا لە تەزویر ناگەی!

## 1

ئەنجامی دەستژمێری دەنگەکان لە کەرکووک دەریخست کە ئەو تەزویرەی لە هەڵبژاردنی 12ی مایسدا کرا، وا بە ئاسانی بەرزەفت ناکرێت و فارس گوتەنی "بکوتن هەر ئەوەیە کە دیتتان". شیعە، ئەمریکا و ئێرانیش باش لەو راستییە تێگەیشتوون کە تا ئەم دەقیقەیەش مەرکەزی بڕیاری سیاسی لە کوردستان دوو مەکتەب سیاسییەکەی پارتی و یەکێتین و، ئامادە نین ریسک بەو تابلۆیە بکەن کە بۆ حوکمڕانیی بەغدا نەخشاندوویانە. بۆیەش هێدی هێدی وا جارێکی دیکە شیعەکان روویان لە هەولێر کردووەتەوە و بە ئیحتیمالی زۆر، بە زۆربەی زۆری مەرج و داخوازییەکانی ئەو دوو حیزبە رازی دەبن، چونکە بەو ئەنجامانەی ئێستا ئەگەر فراکسیۆنە پەرلەمانییەکانیشیان تێکەڵ نەکەن، ئەوا دەبن بە یەکێک لە سێ هاوپەیمانییە گەورەکەی بەغدا. ئەڵبەتە دەبوو ئێران بەشێکی دیکە لە حیزبەکانی سلێمانی لەپای خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەر خەڵات بکات، بەڵام تاکە هێزێک کە لەسەر ئەرز توانای گۆڕینی واقیعەکەی هەبوو، یەکێتی بوو. ئەوانیدیکەی وەک بەشێک لە پرۆژەیەکی ئایندەیی بۆ دابەشکردنی کوردستان و دەستکەوتی ماددی بەکارهێنان. ئەو حیزبانەی لەسەرەتادا لە خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەر بێدەنگ بوون، جگە لەوەی بەدەستی بەتاڵ لە هاوکێشەکە دەرچوون و خزمەتێکی گەورەیان بە ئەجێندای ئێران و شیعە کرد، هاوکات لە رێگەی بەیاننامەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاوە، ئیعتیبارێکی گەورەی نێودەوڵەتییان بۆ یەکێتی دەستەبەر کرد، چونکە هەر ئەوانەی داینەمۆی دابەشکردنی کوردستان بوون، کرانەوە بە سیمبۆلی بەرگریکردن لە کوردستانیەتی کەرکووک (ئەڵبەتە بێ پارتی) و یەکگرتوویی هەرێمی کوردستان. حیساب و کتابی حیزبەکانی سلێمانی (کە ئەوانیش بە جۆرێک لە یەکێتی لە فیڵ بوون) راست دەرنەچوو، هەمووی بەقازانجی یەکێتی تەواو بوو.

پرسیاری سەرەکی ئێستا ئەوەیە کە لەمەودوا چی دەکەن؟ گۆڕانی ریشەیی کێشەکانی کوردستان لەناوخۆی خۆیدا، لە بەغداوە ناکرێت. تا خاوەنی ئەو تێڕوانینە بن، بەردەوام دەبن لەوەی کە ئاو بکەنە ئاشی ئەو دوو حیزبەوە، چونکە ئەو دوو حیزبە بەو میکانیزمە سیاسییە ناوخۆییەی کە ئەوان گرتوویانەتە بەر، نەک هەر لاواز نابن، بگرە زیاتریش لێک نزیک دەبنەوە و لە کۆتاییشدا، ئەگەر پارتی و یەکێتی رازی بن، ئەوا چەند پلەو پۆستێکیان لە بەغدا بۆ پێشنیاز دەکەن و، بوون و نەبوونیشیان لە بەغدا هیچ لە هاوکێشەکان ناگۆڕێت.

# لەگەڵ کام یەکێتیدا؟

## 2

یەکێک لە گرفتە هەرە سەرەکییەکانی پارتی لە مامەڵەکردن لەگەڵ یەکێتی، پتر لەوەی پەیوەندی بە داکشانی ئەو حیزبەوە هەبووبێت، پەیوەست بووە بە نەبوونی ناوەندێکی بڕیاردەری بەهێز. هەر ئەو یەکێتییەی کە شەڕی داعشی کرد و پرۆژەی ریفراندۆمی سەرخست، خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەریشی کرد! هەر ئەوانەی لە پێناو چەند بەرمیلە نەوتێک، هەزاران خێزانی کوردیان دەربەدەر کرد، رێگەیان نەدا هاوکێشەی نەتەوەیی لە کەرکووک لە قازانجی عەرەب و تورکمان بشکێتەوە.

ئەگەر یەکێتی هەڵگری زۆرترین ئیزدیواجیەتی سیاسی و نەتەوەیی بێت لە مێژووی کوردستاندا، ئەوا ئەو حیزبانەی دیکە کە لێی جیابوونەتەوە، خاوەنی لاوازترین ئیرادەی سیاسی و جەماوەری بوونە و، لە هیچ شتێکدا نەیانتوانی تەجاوزی سنوورەکانی یەکێتی بکەن. ئێستا هەموو ئاماژەکان رووەو ئەوەن کە یەکێتی و پارتی جارێکی دیکە رێککەوتنێکی تازە لەسەر هەندێک بنچینەی نوێ بۆ ئەم قۆناغەی داهاتوو ئیمزا بکەن. بە دڵنیاییەوە پارتی ئەو راستییە دەزانێ کە ئیمزاکردنی هەر رێککەوتنێکی تازە تا ئەوکاتەی کێشەکانی یەکێتی بەلادا نەخرابن، خۆفریودان و دووبارەبوونەوەی مێژووە. پارتی لە قۆناغی رابردوودا لەسەر دوو تەوەر مامەڵەی لەگەڵ یەکێتیدا کردووە، بەرژەوەندیی بنەماڵەی دەسەڵاتداری ناو یەکێتی پاراستووە و پشتیوانیشی لە کۆسرەت رەسوڵ کردووە وەک جێگری شەرعیی تاڵەبانی لە بڕیاری سیاسیدا.

بەشێکی ئەو هاوسەنگی و هەندێکجار بەرکەوتنانەی ناوخۆی یەکێتی، چەندی بەرهەمی خیلافاتی ناوخۆیان بن، هێندەش بەرهەمی جۆری مامەڵەی پارتییە. بۆیە پارتی لەم ئیدارەدانە ماندوو بووە و، تەنانەت ئامادەشە هاوکار بێت لەوەی کە بە زووترین کات یەکێتی بتوانێ ببێتە خاوەنی میکانیزمێکی بڕیاردان و پێوەی پابەند بێت. یەکێتیش تا ئێستا چاوەڕێیە، لەلایەک دەیەوێ کۆنگرە بکات، هەڵبژاردنەکان دوابخرێن و حیزبە کۆنتۆکتوورەکانی وەکو گۆڕان و هاوپەیمانی کە حزبی دەنگدەرن، تووشی داڕمان بن. لە لایەکی دیکەشەوە دەیەوێ هاوکێشەی بەغدا و روانگای ئایندەیی چ بۆ نوێنەرایەتی لە بەغدا و چ بۆ ئیدارەدانی کەرکووک و ناوخۆی هەرێم، لای پارتی بۆخۆی مسۆگەر بکات.

# تورکیا دەگەڕێتەوە بۆ سەڵتەنەت؟

## 3

ئەردۆغان و حیزبەکەی لەو رۆژەوەی کە جڵەوی حوکمیان گرتە دەست، شۆڕشێکی ئایدیۆلۆژییان لە تورکیا دەستپێکرد. بە هێمنی کاریان بۆ گەڕانەوەی تورکیا بۆ پێش هەڵوەشاندنەوەی حوکمی سەڵتەنەتی عوسمانی لە تورکیا کرد. لەو پێناوەشدا هەموو فاکتەرە ناوخۆیی، ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکانیان زۆر زیرانە و، لە بەرگی ئیسلامی میانەڕۆ و مۆدێرندا بەکاربرد. پێ بە پێی دامەزراوەکانی کەمالیزم و تەنانەت تێرمۆلۆژیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بەرهەمی ئەو وەرچەرخانەیان، بە بیانووی گەڕانەوە بۆ ئەسڵ و نەسەب و بەها مێژووییەکان، گۆڕی. شۆڕشەکەی ئەردۆغان، کەمالیزم، ئینقیلاب و بنچینەکانی تورکیای نوێی هەڵتەکاندووە و تەنانەت هەندێکیشی لە رەگوڕیشەوە دەرهێناون. ئیتر مەگەر مەرگ، دەنا هیچ هێزێک نییە بتوانێ بەر بە خەونەکانی ئەردۆغان بگرێ. ئەو رەنگبێ خەونێکی دیکەشی مابێ، ئەردۆغان هەمیشە باسی ئامانجەکانی سەد ساڵەی کۆماری نوێی تورکیا واتا 2023 دەکات، بەڵام دوور نییە پێش ئەو مێژووە، لە یادی سەدساڵەی هێنانە خوارەوەی سوڵتان عەبدولحەمید لە یەکی تشرینی دووەمی 2022دا، بە ریفراندۆمێکی دیکە، حوکمی تورکیا بەرێتەوە بۆ سەر رژێمی سەڵتەنەت و تورکیا بکاتەوە بە درێژەپێدەری سەڵتەنەتی عوسمانی.



مەجید نیزامەدین گلی
بەرپرسی نووسینگەی رووداو لە نەتەوەیەکگرتووەکان

# کێ دەبێتە باوکی نوێی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟

"ئێستا پێویستییەکی زۆر هەیە بۆ کردنەوەی کەناڵی پەیوەندی و گفتوگۆی جدی لە نێوان ئێران و ئیسرائیل و سعودیە" باڵیۆزی وڵاتێکی ئەندام لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ئەمەی گوت. ئەمە تەنیا هیوای دیپلۆماتکارێک نییە بۆ ئاشتی، بەڵکو رەنگدانەوەی گۆڕانکارییەکە کە لە مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی مۆدێرندا رووی نەداوە. ئەو دیپلۆماتکارە ئاستبەرزە پێش ماوەیەک لەگەڵ هەریەک لە دۆناڵد ترەمپ و فلادیمیر پوتین و بەرپرسانی باڵای سعودیە و ئێران و ئیسرائیلیش گفتوگۆی کردووە. ئەو دەزانێت باسی چی دەکات.

ئەو پێویستییەی ئەو باڵیۆزە باسی کرد، رەنگدانەوەی سەرهەڵدانی واقیعێکی نوێیە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. واقیعێک کە لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە لە ناوچەکە ون بووە. بۆ یەکەمین جار ئەمریکا نایەوێت و ناتوانێت ببێتە هێزی پارێزەری سەقامگیری و نێوەندگیر لە ناوچەکەدا. لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە تاوەکو راپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی و کەمبوونەوەی خواستی ئەمریکا بۆ نەوتی عەرەبی، هەریەک لە میسر، سعودیە و ئیسرائیل، سێ هێزی بزوێنەری گۆڕانکارییەکان و کلیلی سەقامگیریی ناوچەکە بوون. بێ نێوەندگیری و رۆڵی ئەمریکا پەیوەندییەکانی هەرسێ وڵات خراپ دەبوو، سەقامگیریی ناوچەکەش دەکەوتە هەڕەشەوە. باشترین نموونەش ساڵانی شەستەکانە کاتێک بزووتنەوەی عروبەی عەبدولناسر و تەوژمی دژە ئەمریکایی بووە رێگر لەوەی کە واشنتن ئەو رۆڵە بگێڕێت.

راستە ئێران و عێراقیش لە چەند قۆناغێکی جیاوازدا بەهێز و دەوڵەمەند بوون، بەڵام کاریگەرییان لەسەر باڵانسی هێز لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەوەندەی میسر و ئیسرائیل و سعودیە نەبووە. ئەمریکا پەیوەندی لەگەڵ ئێران و عێراق باش بووایە یان نا، هەموو ناوچەکە پێکەوە نەدەکەوتە شڵەژانەوە.

بەڵام دوای بەهاری عەرەبی و کەمبوونەوەی بایەخی نەوتی عەرەبی بۆ واشنتن، ئەم هاوکێشەیە بەرەو کۆتایی دەڕوات و تەنیا ئەو وڵات و هێزانەی کە لەو گۆڕانکارییە تێدەگەن، چانسی سەرکەوتنیان دەبێت.

ئێران پڕچەکتر و دەوڵەمەندتر نەبووە، بەڵام بەو چەکە کەم و پارەیەی هەیەتی، خۆی کردووەتە هێزێکی بزوێنەر کە دەتوانێت هەڕەشە لە سەقامگیری و باڵانستی هێزی هەموو ناوچەکە بکات.

چ وڵاتێک دەبێتە "هێزی بزوێنەر و کلیل بۆ سەقامگیری" لە ناوچەکە؟ ئەو هێزەی کە بتوانێت هەڕەشە لە رێڕەوەکانی دەریای ناوەڕاست و گەرووی هورمز و سەقامگیریی دەریای عەرەب بکات.

لە دوای دروستبوونی هێڵی بازرگانیی هیندوستان بۆ ئەورووپا و دواتر بوونی نەوت بە کاڵایەکی ستراتیژی، بۆ وڵاتە رۆژئاواییی و دەوڵەمەندەکان ئەوەندە گرنگ نییە کە تۆ چەندێک چەک و پارەت هەیە. زۆریی چەک و پارە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نەکردووە بە هێزێک کە پایەتختە گرنگەکان حیسابیان بۆ بکەن، بەڵکو توانای ئەو وڵاتانە بووە لە دروستکردنی گۆڕانکاری لە ئەمنیەتی دەریای ناوەڕاست، گەرووی هورمز و دەریای عەرەب.

ئێستا ئێران لە یەمەن و سووریاوە دەتوانێت وەکو میسر و سعودیە و ئیسرائیل ئەو کارە بکات. ئەوە زیاتر لە چوار ساڵە هەوڵێکی زۆر هەیە کە لە سووریا و یەمەن کۆتایی بەو رۆڵەی ئێران بهێنرێت، بەڵام شکستیان هێناوە. کار گەیشتووەتە ئەو رادەیەی کە سەرەڕای هێرشی ئاسمانیی راستەوخۆی ئیسرائیل لە دژی ئامانجە سەربازییەکانی ئێران لە سووریا، ئێستا هێزە هاوپەیمانەکانی ئێران لەسەر سنوورەکانی ئیسرائیل لە باشووری رۆژئاوای سووریا تانک و چەکی قورس بەکاردێنن. ئەم جۆرە جووڵە سەربازییە لە کۆتایی شەستەکانەوە روونەداوە.

جاران کاتێک پەیوەندییەکان لە نێوان میسر و ئیسرائیل و سعودیە تێکدەچوو، (کە سێ کلیلی سەقامگیریی ناوچەکە بوون) ئەمریکا پەیوەندی لەگەڵ هەموویان هەبوو، بایی ئەوەندە سەقامگیریی ناوچەکەی لا گرنگ بوو کە رۆڵی نێوەندگیر بگێڕێت و ئەو باڵانسی هێزە شلۆقەی ناوچەکە بپارێزێت.

هۆکاری سەرەکی باڵادەستیی ئەمریکا لە ناوچەکە تەنها وجودی سەربازی لە کەنداوی فارسی و دەریای ناوەڕاست و دەریای سوور نەبوو. بەڵکو زیاتر ئەو رۆڵە نێوەندگیرە بوو کە کردبووی بە "باوکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست". لێرەدا گرنگیی دیپلۆماسیەت دەردەکەوێت. دیپلۆماسیەت تەنیا بۆ کۆتاییهێنان بەشەڕ یاخود ئەنجامدانی سەفقە گرنگ نییە لە نێوان دوو یان کۆمەڵێک وڵات و لایەن. بەڵکو دەکرێت دیپلۆماسیەت بکرێتە ئامرازێک کە تێیدا بێ ناوەندگیری وڵاتێک، دۆخی کۆمەڵێک وڵاتی دیکە تێکبچێت.

جاران ئەمریکا ئەو رۆڵەی هەبوو لە ناوچەکەدا، لەبەر ئەوە بوو کە سەربازی هەبووایە یان نا، لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا قسەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا یەکلاکەرەوە بوو. ئێستا ئەمریکا لەڕووی وجودی سەربازییەوە لە ناوچەکەدا زۆر گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە، بەڵام لەبەر کۆمەڵێک هۆکار ویست و توانای ئەوەی نەماوە ئەو رۆڵە دیپلۆماسی و نێوندگیریە بگێڕێت. ئەگەر ئەو وزە دیپلۆماسیە نەبوو، بوونی سەدان هەزار سەربازی ئەمریکیش ناتوانێت ئەو رۆڵەی بۆ بگێڕێتەوە.

ئێستا رووسیا چاوی بڕیوەتە ئەو رۆڵە. هەر پێش هەفتەیەک، باڵیۆزی رووسیا لە وەڵامی پرسیارێکمدا بۆ یەکەمین جار پێشنیازی رێکخستنی دایەلۆگێکی کرد لە نێوان ئێران و وڵاتانی کەنداو بۆ "دیاریکردنی رۆڵی هێزە ئیقلیمییەکان".

"رووسیا دەکرێت ئەو رۆڵە بگێڕێت، بەڵام ئێمە بە جدی ئەو پرسیارە لە خۆمان دەکەین، ئەمە مانای چی دەگەیەنێت بۆمان؟" دیپلۆماتکارێکی یەکێتی ئەورووپا ئەمەی گوت. بە پێچەوانەی ئەمریکاوە، رووسیا پەیوەندی لەگەڵ سعودیە و ئیسرائیل و مسر و ئێرانیش باشە. هەروەها ویستێکی سیاسی بەهێزی هەیە بۆ خەرجکردنی پارە و بەکارهێنانی هێزی سەربازی لە ناوچەکە بۆ پاڵپشتی لە هەوڵە دیپلۆماسیەکانی سێرگێی لاڤرۆڤ. بەڵام رووسیا بەربەستێکی گەورەی لە پێشە کە ئەمریکایە. ئەمریکییەکان لەوانەیە ئیتر رۆڵی باوکایەتی ناوچەکەیان لەدەست نەبێت، بەڵام بێگومان هەژموونێکی زۆریان هەیە لە ناوچەکەدا. ئەگەر رووسیا بەردەوام بێت لە هەوڵەکانی بۆ ئەوەی جێگەی ئەمریکا بگرێتەوە و ببێتە "باوکی نوێی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست"، ئێمەی کوردیش وەکو ئەو دیپلۆماتکارەی یەکێتی ئەورووپا، دەبێت لە خۆمان بپرسین: ئەوە بۆ ئێمە مانای چی دەگەیەنێت؟ چۆن کاریگەری لەسەر ئەو نیمچە سەربەخۆییەمان دەبێت کە لە باشووری کوردستان هەمانە؟

باشترکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ رووسیا مەرج نییە وەڵامی راست بێت بۆ ئەو پرسیارە. هێشتا نە رووسیا ئەو رۆڵەی گرتووەتە دەست و نە ئیسرائیل و سعودیەش ئەوەندەی واشنتن متمانەیان بە مۆسکۆیە.



رابەر تەڵعەت

# کورد، لە زیندانی جوگرافیای سیاسیدا

کورد و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست؛ ناونیشانێکە دەتوانێت گەلێک شیکردنەوە و لێکدانەوەی مێژوویی و سیاسی لەخۆ بگرێت. ناسنامەی کوردبوون، ئەگەر دیوێکی تراژیدیا و جینۆساید و ئەنفال بێت، دیوێکی گرنگی دیکەی پرسی خاک و جوگرافیایە. گریمانەی ئەم باسە خۆی لەسەر ئەوە ساغ دەکاتەوە کە پرسی کورد لە زیندانی جوگرافیای سیاسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەند کراوە، بەڵام رۆژهەڵاتی کوێ؟ کام رۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟

بێگومان ئەو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەی کە ناوەکەی لە روانگەی ئەورووپاوە پێ بەخشراوە و شێوەکەشی هەر لەلایەن ئەورووپاوە کێشراوە. ئەو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەی سەدەیەک لەمەوبەر بەقەڵەم هێڵکاریی سنوورەکانی کراوە، سنوورێکی دەستکرد کە پێشتر نەبووە. ئەو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەی ئەمڕۆ دوای تێپەڕبوونی سەدەیەک بەسەر پەیماننامەی سایکس پیکۆدا، لەخوێنی خۆیدا دەگەوزێت و هەمووان لەو باوەڕەدان کە ئەمجارەش بەخوێن دووبارە نەخشەی خۆی دەکێشێتەوە.

بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی، سنوورەکان زۆر کەمتر بوون لە ئێستا، ئەوەشی کە هەبوو تەنها جوگرافیای سروشتیی شاخ و ئاوەکان دەستنیشانیان دەکرد، بەڵام دوای کۆتایی جەنگ، نەخشەکان زۆر زیادیان کرد، ئاین، مەزهەب و نەتەوە بوون بە بنەما و فاکتەری داڕشتنی پشت نەخشەی تازەی ناوچەکە، بەڵام بەدرێژایی سەد ساڵ، ئینتیما و شوناسە ئیتنیکی و مەزهەبییەکان وەک خۆیان مانەوە و زیاتریش گەشەیان کرد، بەبێ ئەوەی هیچ هەوڵێکی سەرکەوتوو هەبێت بۆ یەکخستنی هەموو ئەوانە لەژێر چەتری یەک ئینتیمای نیشتیمانیدا، بەو مانایەی نەخشەی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، دەوڵەتی دروست کرد، بەڵام دەوڵەتی نەتەوە هەرگیز لەدایک نەبوو.

ساڵی 2014 ، کوشتنی بە کۆمەڵ، سەربڕین و سووتاندن، تراژیدیای مەرگی هەزاران مرۆڤ، تێکدان و لابردنی سنوورە دەستکردەکانی نێوان سووریا و ئێراق بە شۆفڵ، لەسەردەستی داعش، تراژیدیای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی جارێکی دیکە خستەوە سەر شاشە و رووپەڕی میدیا جیهانییەکان. ئەوانەی بە دەستێکیانەوە ئاڵای ئەڵاهوئەکبەر و بەدەستەکەی تریانەوە سەری بڕاوی نەیارەکانیان بوو، بە زەبری خوێن و تۆقاندن کەوتنە گیان ئەو نەخشە دەستکردەی زۆرێک باوەڕیان وابوو ئیتر کۆتایی هاتووە، بەڵام لە زیهنی سیاسی و سیستەمی دانپێدانراوی ناوچەکەدا هێشتا لە شوێنی خۆیەتی. چونکە لەرزۆک بووە و خوێنی لێ دەچۆڕێ، بەلای زۆر لە چاودێرانەوە لە پرۆسەی کەوتنی یەکجارەکی یان گۆڕانکاریی ریشەییدایە، بەڵام لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا هێشتا لە شوێنی خۆیدا حسابی لەسەر دەکرێت.

نەخشەی ناوچەکە لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانیدا (1299-1922)، لە بەری رۆژهەڵاتیدا کە هەر لە جەزائیر و لیبیا و میسرەوە درێژ دەبووەوە تا دەگەیشتە ئیسرائیل (فەلەستین)، سووریا و ئوردن و ئێراق لەگەڵ بەشێک لە خاکی ئێران، هیچ ناوهێنانێکی سیاسی و ئیداری بەخۆیەوە نەدیوە تا ساڵی 1867، کە زۆر بەسادەیی ناوچەکە دابەش کرا بۆ چەند یەکەیەکی ئیداری لەژێر ناوی ویلایەت، بنەمای ئەو ویلایەتانەش بەشێوەیەکی زۆر سادە لەسەر شوێنی ژیان و نیشتەجێبوونی خێڵ و هۆزەکان داڕێژرابوو، کوردی ئێراق و سووریاش وەک بەشێک لەم هۆزانە، یەکێک بوون لە پێکهاتەکانی ئەو ویلایەتانە.

دوای رووخانی دەوڵەتی عوسمانی، کۆڵۆنیالیزمی ئەورووپی، بەریتانیا و فەرەنسا، لە پەیماننامەی سایکس پیکۆدا لە 1916، ناوچەکەیان دابەشکرد بۆ چەند دەوڵەتێک و هەر لایەکیش هەژموونی بەسەر بەشی خۆیدا کرد. کورد بوو بە قوربانی نەخشەی تازەی ناوچەکە، چونکە تێگەیشتنی ئەورووپییەکان بۆ ناوچەکە بنەمایەکی ئاینی هەبوو نەک نەتەوەیی، لە روانگەی ئەوانەوە زۆرینەی ناوچەکە موسوڵمانن، لەناو موسوڵمانەکانیشدا دوو گروپی سەرەکی هەیە؛ شیعە و سوننە. لە پێکهێنانی دەوڵەتی ئێراقیشدا بۆ نموونە، کورد وەک سوننە حسابی بۆ کرا و بەکارهات بۆ ئەوەی باڵانسی مەزهەبی لە بەرژەوەندیی مەلیک فەیسەڵی یەکەمدا بەرامبەر بە شیعە رابگرێت، کە مەلیک بۆخۆی سوننی و شافیعی بوو.

پاشماوەی کۆڵۆنیالیزم، لە وڵاتانی تازە دروستبووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پەلی کێشا بۆ سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی توندڕەوی عەرەب و تورک و فارس، تێکەڵ بە هەست و سۆزی ئاینی و گێڕانەوەی شکۆی ئیسلام. لە پرۆسەیەکی کەمتر لە نیو سەدەدا، ناسیۆنالیزمی نەتەوە سەردەستەکان نوخبەیەکی سەربازیی بە کودەتا کردە حاکمی رەهای وڵاتانی ناوچەکە، بەتایبەتیش ئەوانەی کوردیان بەسەردا دابەشکرابوو. پرۆسەی حوکمڕانی تیایاندا فاشیزمی بەرهەمهێنا و کورد لە هەموو روویەکەوە بوو بە قوربانی ئەو فاشیزمە.

کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە پلەی یەکەم؛ گیرۆدەی دەستی جوگرافیای سیاسی (جیۆپۆلەتیک)ە، بەجۆرێک دەتوانین بڵێین زیندانی دەستی ئەو جوگرافیایەیە کە پەیوەندی بە هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەیە، هەر گۆڕانکارییەکیش لە دۆخی کورددا، دەبێت گۆڕانکاری بێت لە سەرتاپای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەگەرنا قورسە پێشبینی دەسکەوتی سیاسی لێ بکرێت. دووەم؛ دواکەوتوویی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەو وڵاتانەیە کە کوردیان بەسەردا دابەشکراوە، ئەوەش هەر لەعنەتی جوگرافیای سیاسییە. کورد وەک خۆی، بۆ ئەوەی بتوانێت لە کاریگەریی ئەو جوگرافیا سیاسیە بێتە دەرەوە، لە پاسیڤبوون و کارتێکراوەوە ببێتە کاریگەر، دەبێت رووەو کرانەوە و مۆدێرنیتە هەنگاو بنێت. کلیلی چارەسەری پرسی کورد و بزووتنەوە رزگاریخوازییەکەی لە هەر چوار پارچەکەدا، بریتییە لە هەنگاونان بەرەو کرانەوە و خۆگونجاندن لەگەڵ مۆدێرنیتەی سیاسی و ئابووری و ئیداری وەک رەوتی سەردەست لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more




## ئەمەل

# ستایلی خۆی دەگۆڕم


« 10



خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی hhimati@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی

دیزاینەران : هونەر مەرجان، ئاکار جەلیل

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات

نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997

ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی

TEl : 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96

rudaw@rudaw.net






